# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ژمارە ٦٢١

هەینی

١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٢

٦ی دێسامبری ٢٠١٣

نرخ: ١٥٠ تمەن

kurdistanukurd.com

kurdistanukurd.com

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا


## پەیامی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بۆ سەرکۆماری ئەفریقای باشوور بە بۆنەی مەرگی نیلسۆن ماندێلا





**بەڕیز جەنابی ژاکۆب زووما، سەرکۆماری ئەفریقای باشوور و سەرۆکی ئای ئێن سی!**

بە بۆنەی مەرگی نێلسۆن ماندیلا، لەلایەن سەرجەم ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە سەرەخۆشی لە جەنابت، ڕێبەریو ئەندامانی ئای ئێن سی دەکەمو خۆمان بە بەشداری خەمی ئێوە دەزانین. نێلسۆن ماندیلا، تێکۆشەری ڕێگای ئازادی و زیندانییە بە ناوبانگەکەی دژی ئاپارتایدو سەرکۆمارە مافپەروەرەکەی ئێوە لای ئێمە تێکۆشەرانی کوردستانی ئێران کە ڕۆژانە لەگەڵ هەڵاواردنو سیاسەتە دژی دیموکراتیکو سەرکوتکەرانەکانی کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕوو دەبینەوە، زۆر جێگای ڕێزە.

ل٢

# دەورێکی نوێ لە دیالۆگ

# لە پێناوی پێکهێنانی هاوکاریی نێوان حیزبە سیاسییەکاندا



دیداری نێوان رێبەریی حیزبی شیوعی کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستان

«کوردستانوکورد»: لە دوو حەوتووی رابردوو دا، دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، زنجیرەیەک دیدارو چاوپێکەوتنی لە گەڵ ڕێبەریی حیزبەکانی کوردستان پێک هێنا. لە حەوتووەکانی داهاتووشدا، ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەر دانیشتنو بیروڕاگۆڕینەوە لە گەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتو بەشەکانی دیکەی کوردستان بەردەوام دەبێ.

مەبەست لەو دیدارو کۆبوونەوانە گۆڕینەوەی بیروڕا لە بارەی ڕووداوو ئاڵوگۆرە سیاسییەکانی ناوچە بە تایبەتی ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە کوردەوەیە. قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەم بارەیەوە بە «کوردستانوکورد»ی ڕاگەیاند: « ئەم دیدارانە بە دوای بەڕێوەچوونی شەپۆلی نوێی ئێعدامەکان لە ئێران پێک هاتوونو ئامانج لە کۆبوونەوە لە گەڵ لایەنەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، ڕەخنەگرتن لە نەبوونی هاوکاری و کۆدەنگی لە نیوان ڕێکخراوەکان لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی و ڕاویژ کردن بە مەبەستی چارەسەری ئەو وەزعەیە.»

لە پیوەندی لەگەڵ چاوپێکەوتنی نێوان حیزبەکەیو پارتەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دا، قادر وریا وتی: «لە هەریمی کوردستان، باکوورو خۆراوای کوردستان کۆمەڵێک ئالوگۆڕ ڕوویان داوە کە پێویستە لە ئاستی کوردستانی دا تاوتوێ بکرێنو بە ڕوانینو گیانێکی نەتەوەییەوە، لێکدانەوەمان بۆیان هەبێو بەرەوڕوویان ببینەوە.» ئەم ئەندامەی دەفتەری سیاسیی حدک گوتیشی: «پرسی دەستبەسەرکرانی٧ چالاکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەولێر، یەک لەو بابەتانە بووە کە لە هەموو دیدارەکان دا کەوتووەتە بەر باسو لە سەر پێویستیی هەر چی زووتر ئازادکرانیان پێداگیراوەتەوە.»

جێگای وەبیرهێناوەیە کە لە دوو حەوتووی رابردوودا، هەیئەتەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، پارتی ئازادیی کوردستان، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، و حیزبی شیوعیی کوردستان، لە سکرتاریای حیزبی دیموکراتی کوردستان، دیدارو دانیشتنیان لە گەڵ ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەبووە. دیدارلە گەڵ پارتە کانی ڕۆژهەڵاتو بەشەکانی دیکەی کوردستان لە ڕۆژانی داهاتووش دا، درێژەیان دەبێ.

## ڕوانینی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بارەی ڕێککەوتنی ناوکیی ئێران و ولاتانی ڕۆژاوا

پاش دە ساڵ لە بە فیرۆدرانی زۆرترین سەرمایەی وڵات لە بەرنامە ناوکییەکان دا و بە دوای توندتر بوونی جاربەجار زیاتری گەمارۆ سیاسی و ئابوورییەکانی ڕۆژئاوا بۆ سەر ئێران، سەرئەنجام کۆماری ئیسلامی ملی بۆ چاوخشاندنەوە بە سیاسەتە ناوکییەکانیدا راکێشا.

ئاکامەکانی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری کە «نا»وتنێکی ڕاشکاوانەی خەڵکی ئێران بە سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمە لە ئاستی نێوخۆییو نیودەوڵەتیدا بوو، خامنەیی، ڕیبەری کۆماری ئیسلامیی هێنایە سەر ئەم باوەڕە بۆ دەربازبوونی ڕێژیمەکەی لە تەنگژە سیاسیو ئابوورییەکان،چاو بە سیاسەتی ڕابردوو دا بخشێنێتەوە. بەم جۆرە حەسەن رۆحانی ودەوڵەتەکەی راسپارد لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، «نەرمشی قارەمانانە» نیشان بدا و لاپەڕەیەکی نوێ لە پێوەندیی ئەو ڕێژیمە و دنیا دا هەڵ بداتەوە.

ڕێککەوتنی ناوکیی ئێرانو وڵاتانی ٥+١ لە نیوەڕاستەکانی مانگی نوڤەمبردا، کە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ وەک سەرکەوتنێکی گەورە بۆ خۆی مانۆڕی پێوە بدا، بەرهەمی ئەو چاوپێداخشاندنەوە و پاشەکشە سیاسیە بوو.

**پوختەی روانینی حیزبی دیموکڕاتی لە بارەی ئەم ڕێککەوتننامەیە، بەم جۆرەیە:**

– ئەوە کە کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی ڕۆژاوا گەیشتوونە ڕێککەوتنێکی سەرەتایی و زمانی هەڕەشە جێگای خۆی داوە بە ئاشتی ولێکتێگەیشتن، لە دوو بارەوە ئەرێنی و جێگای پێشوازییە. هەم ئەگەری یەکلابوونەوەی کێشەکە بە ڕێگای شەڕ و وێرانی، دوور خستۆتەوە و هەم ئەگەر بە شێوەی کاتییش بووە پێش بە داسەپانی گەمارۆی ئابووریی زیاتر بە سەر ئێران دا گیرا، کە زەرەرمەندی یەکەم لەو گەمارۆیانە دا خەڵکی وڵاتی ئێرانن.

– ئەو ڕێککەوتنە، ئەوەندە گشتی و لێڵە کە هەر دوو لایەنی کێشەکە بە قازانجی خۆیان لێکی دەدەنەوە. ڕەنگە لایەنەکان بۆدەربازبوون لە کێشەیەکی دە ساڵە و ڕێگەخۆشکردن بۆ قۆناغێکی نوێ لەم کەیسە دا، بە ئەنقەست لە سەر دەق و دەستەواژەی ئەوتۆ کە هەر دوو لا خوێندنەوەی خۆیانی تێدا بدۆزنەوە، ساغ بووبنەوە. ئەوە ئەگەر لە کورتخایەن دا، دەتوانێ بۆ هەر دوو لا بە سوود بێ، لە درێژخایەن دا دەبێتە سەرچاوەی ناکۆکی و خولێکی دیکە لە تەنگەژە و قەیران سیاسی و دیپلۆماسی.

ل ٢

## ڕوومایەکی خۆشەویست و ناوێکی هەرماو لە بیرەوەریی نەسلەکاندا

نێلسۆن ماندیللا، ماڵاوایی لە جیهان کرد. ئەم خەباتکارە گەورەیەی ڕێگای ئازادی، بە تەحەممولی ٢٧ ساڵ زیندان لە پێناوی بەربەرەکانی لە گەڵ هەڵاواردنی رەگەزی دا، بە بۆنەی ئەو هەنگاوە گەورانەی لە ئەفریقای باشوور لە سەردەمی سەرکۆماریی خۆی لە ڕیگای دیموکراسی دا هەڵی گرتن، بەو خزمەتانەی لەم دوو دەیەی دوایی بە ئاشتیی جیهانیی کرد، بە درەوشانەوەی لە کۆڕ و کۆمەڵە نیونەتەوەییەکان و داکۆکیی جانانەی لە پێکەوەژیانی بە ئاشتیی نەتەوەکانو بە هەڵوێستە جێی شانازییەکانی لە پیوەندی لە گەڵ بزووتنەوە حەقخوازانەکانی جیهان دا، لە بیرەوەرەیی نەسلەکانی هاوسەردەمی خۆی و نەسلەکانی دواتر دا، بە نەمری دەمێنێتەوە.



ماندیللا، لە نیو نەتەوەی کوردیش دا جێگەیەکی تایبەتی هەبوو. چەندین ساڵ لەوە پێش، کاتێک دەوڵەتی تورکیە خەڵاتی ئەتا تورکی پێداو بۆ وڵاتەکەی خۆی بانگهێشتی کرد، ماندیللا، وەک نارەزایەتیدەربڕین بەرامبەر ستەمو سەرکوتی دەولەتی ئەو ولاتە دژی کوردەکان و بە نیشانەی هاوپیوەندی لە گەڵ نەتەوەی کورد، ئەم خەڵاتو دەعوەتەی رەت کردەوە. ئەو، بەم هەڵوێستە ئازایانەی، کوردەکانی بۆ هەمیشە کردە قەرزداری خۆی.

کۆچی دوایی ئەم کەسایەتییە جیهانییە، خەسارێکە بۆ مرۆڤایەتی.

یادی بۆ هەمیشە بەرز و بەڕێز بێت.




٤ دەوڵەتی رووحانی و پرسی نەتەوەکان



٥ وتووێژی کوردکاناڵ لەگەڵ محەممەد نووریزاد



٧ بەراوردی عەرەبستانو ئێران و تاوتوێی پێوەندییەکانی داهاتوو



١١ ٧ چالاکە کوردە ڕۆژهەڵاتییەکە بۆچیو تا کەی لە بەندیخانەی هەولێردا دەمێننەوە؟


## ڕۆژی پشتیوانی لە ڕۆژنامەنووسان دیاری کرا

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژێکی وەک ڕۆژی داکۆکی لە ڕۆژنامەنووسانو پاراستنی هەوالنێرانو میدیاکاران دیاری کرد. ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنوور وێڕای پشتیوانیو بەباش زانینی ئەو بڕیارەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ کە لە ساڵی ٢٠١٢ دا ٨٩ ڕۆژنامەنووسو پەیامنێری میدیاکان لە کاتی کاری هەواڵنێریدا کوژراونو کوژرانی ئەو ڕێژەیە زۆرەش لە ماوی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا وێنەی نەبووە. کومیتەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ٢ ی نۆامبری هەموو ساڵێکی بە ڕۆژی نێونەتەوەیی پارێزگاری لە ڕۆژنامەنووسان ڕاگەیاند.

لە ڕۆژی ٢ ی نۆامبردا «گیسلێن دوپونت» و «کلود ورلون»، دوو پەیامنێری ڕادیۆ فەرانسە لە وڵاتی مالی کوژرانو بەوەش ٢ی نۆامبری هەموو ساڵێکی بە ڕۆژی نێونەتەوەیی پارێزگاری لە ڕۆژنامەنووسان دیاری کراوە.

**درێژەی: پەیامی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان بۆ سەرکۆماری ئەفریقای باشوور بە بۆنەی مەرگی نیلسۆن ماندێلا**

جەنابی سەرکۆمار! لە پەراوێزی کۆنگرەی ئینترناسیۆنال لە مانگی سێپتامبری ساڵی ڕابردودا لە ئەفریقای باشوور، کاتێک باسی ساغی و سلامەتیی نێلسۆن ماندیلام لە جەنابت پرسی، لە وڵامدا گوتت، ماندیلا هەستێکی بە هیزی هاودەردی لەگەڵ ئێوە کوردەکانی هەیە و ئاواتی ڕزگاریی نەتەوەکەی ئێوەیە. هەر بەم بۆنەیەوە منیش هاودەردیی خۆم بە ئێوە ڕادەگەیەنم و هیوادارم ئێوەش وەک ڕێبوارانی ڕێگای ماندیلا بۆ ڕزگاریی نەتەوەی کورد بە پەرۆش بن.

لەگەڵ ڕیزمدا:
خالید عەزیزی
سکرتێری گشتیی
حیزبی دیموکراتی کوردستان
٢٠١٣ /١٢/ ٠٦
١٣٩٢ / ٠٩ /١٥

# کۆبوونەوەی دوو هەیئەتی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان



لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشدا دوو هەیئەتی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانو کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستاندا دوایین گۆڕانە سیاسییەکانو پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان تاوتوێ کرد.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٥ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی، هەیئەتێکی ڕێبەرێی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرپەرەستیی کاک عومەر ئیلخانیزادە، سکرتێری کۆمەڵە سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد کە لە لایەن هەیئەتێکی ڕێبەری حیزبەوە بە سەرپەرەستی سکرتێری گشتیی حیزب، کاک خالید عەزیزی پێشوازی لێکرا.

لەم دیدارە هاوبەشەدا هەردوو هەیئەت سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسیی ئەمڕۆی ئێرانو بەتایبەت ڕێکەوتنی ڕۆژاوا لە گەڵ ئێران لە پێوەندی لە گەڵ کەیسی ئەتۆمی ئێرانو هەروەها ڕەوشی سیاسیی کورد لە ناوچەکەو ئێران ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

لە درێژە ئەم دانیشتنەدا هەردوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتو کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان باسیان لە پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردو ڕاشکاوانە بە خوێندنەوەی بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندی هێزە سیاسییەکانی کوردستانیان بە نادڵخواز لە قەڵەم داو هەر لەم پێوەندییەدا هەردوو هەیئەتی ناوبراو پێیان وابوو کە پێویستە لەم پێناوەدا هەوڵی جیدی بدرێو بۆ ئەم کارەش لاپەڕەیەکی نوێ لە پێوەندییەکانیاندا هەڵبدەنەوە.

# کۆبوونەوەی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان



شاندێکی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کردو لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان گرینگترین بابەتەکانی پێوەندیدار بە پرسی کورد لە کوردستانیان تاوتوێ کرد.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ١٢ی سەرماوەز هەیئەتێکی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرپەرستیی بەڵێن عەبدوڵڵا، سکرتێری ئەو حیزبە سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کردو، لەلایەن شاندی خانەخوێ بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پێشوازییان لێ کرا.

لە کۆبوونەوەی دوو شاندی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تیشک خرایە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی هەڵبژاردنە پارلمانییەکەی ئەم دواییانەی هەرێمی کوردستانو باس لە دوایین ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە باشووری کوردستان، باکوورو خۆراواو ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا.

دوولایەن لەو دیدارەدا لەسەر ئەوە کۆک بوون کە دەرفەتی لەبارو گونجاو بۆ پێشخستنی پرسی کورد لە هەموو بەشەکان ڕەخساوەو کورد پێویستە لەو بارودۆخەدا بە ژیری هەلو دەرفەتە بوارەکان بقۆزێتەوەو لە بەرژەوەندیی باڵای کورددا بەکاریان بێنێ.

# هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات و پارتی ئازادیی کوردستان پێکەوە کۆ بوونەوە



لە دانیشتنێکی هاوبەشدا حیزبی دێموکراتی کوردستانو پارتی ئازادی کوردستان لێکدانەوەی ڕێککەوتنی نێوان ئێرانو وڵاتانی ڕۆژاوا پێوەندی نێوان هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کرد.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٩ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی هەیئەتێکی پارتی ئازادی کوردستان بە سەرپەرەستیی کاک حوسێن یەزدانپەنا، جێگری سەرۆکی پارتی ئازادی سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد کە لەلایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرۆکایەتیی سکرتێری گشتی کاک خالید عەزیزی‌یەوە لە بنکەی ناوەندیی دەفتەری سیاسی پێشوازیی لێکرا.

لە سەرەتای ئەم دانیشتەدا هەردوو هەیئەت ڕێکەوتنی گرووپی ٥+١ لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێرانیان لە پێوەندی لە گەڵ دۆسیەی ئەتۆمی ئێران خستە بەر باسو ئاڵۆگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرد.

لە بەشێکی دیکەی دانیشتنەکەدا هەردوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتو پارتی ئازادی بە ئاوڕدانەوە لە بارودۆخی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە وردی پرسی پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان هێنایە گۆڕیو ڕاشکاوانە باسیان لە کەمایەسییەکان لەم پێوەندییەدا کردو هەردوو هەیئەت ئامادەیی خۆیان بۆ کاری هاوبەشو هەوڵدان بۆ پێکهێنانی یەکڕیزیی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان ڕاگەیاند.

لە بەشێکی دیکەی ئەم دیدارەدا هەر دوو هەیئەتی حیزبی دێموکرات و پارتی ئازادی کوردستان وێڕای دانپێدانان بە ساردبوونەوەی پێوەندییەکانیان لە گەڵ یەکتر بۆ ماوەیەکی کورت کە بە دڵخوازی هیچ لایەکیان نەبووە، جەختیان لە سەر درێژەپێدان بە پێوەندییەکی سالم لە سەر بنەمای ڕێزگرتنی دوو لایەنەو هەوڵدان بۆ کاری هاوبەش لە گەڵ یەکترو هێزەکانی دیکەی کوردستان کردەوە.

# بەشداریی هەیئەتێکی حدک لە بریتانیا، لە سمینارێکدا



**ناوەندی هەواڵ– بریتانیا:**
پاشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١ی دسامبری ٢٠١٣ لە زانکۆی وێست مینستەر، لیژنەی ناوچەی لەندەنی پارتی دێموکراتی کوردستان ئێوارە کۆڕێکی بۆ هێمن هەورامی ئەندامی نەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێموکراتی کوردستان ساز کرد.

لەم کۆبوەنەوەیەدا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕەوەندی کوردیو هەروەها نوێنەرانی حیزبو لایەنە کوردستانییەکان بەشدار بوون، هێمن هەورامی کۆمەڵێک باسی لەپێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و بەتایبەتی کورد و هەرێمی کوردستان هێنایە بەرباس.

جێگەی ئاماژەیە کە هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسەرپەرستی مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حیزب و کاک لوقمان معروفزادە و کاک ئومید ساجیدی بەشداری ئەم کۆبونەوەیە بوون.

# کۆبوونەوەی نێوان کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانو حیزبی دێموکرات مەسیحیی نۆروێژ

ئێوارەی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٦ی دێسامبری ٢٠١٣، بەرابەر لەگەڵ ١٥ ی سەرماوەز هەیئەتێکی کۆمیتەی نۆروێژی حدک پێکهاتبوو لە ئەسعەد خزری، بەرپرسی کۆمیتە، خوسرەو قادری، بەرپرسی پێوەندییەکان و ناسر قادرپوور، بەرپرسی بەشی پێوەندییە نۆروێژییەکان، سەردانی بارەگای حیزبی «دێموکرات مەسیحی»یان لە ئۆسلۆ کردو لە لایەن بیللی تارانگێر، بەرپرسی ئۆسلۆی ئەو حیزبە پێشوازیان لێکرا.

ناوبراو وێڕای خۆشحاڵی دەربڕین بۆ ئەو سەردانەی کۆمیتەی حیزب، ئاماژەی بە پێوەندیی دۆستانەی نێوان هەر دوو لایەن کردو، دواتر هەیئەتی حیزب، وێڕای ئاماژە بە مێژوو، سیاسەت و بەرنامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، باسێکیان سەبارەت بە دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ئێران بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی کرد. ئێعدامی بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی کورد و نەتەوەکانی دیکە ئێران لە لایەن ڕژیمی ئیسلامی ئێرانەوە، تەوەرێکی دیکە باسەکانی هەیئەتی حیزبی پێک دێناو هەر لەو پەیوەندییە دا لیستی زیندانیانی سیاسی کورد کە لە ژێر حوکمی ئێعدام دان، درا بە نوێنەری حیزبی دێموکڕات مەسیحیو، ناوبراویش بەڵێنی ئەوەی دا کە لەگەڵ نوێنەرەکانیان لە پارلمانی نۆروێژ بیخەنە بەرباسو هەوڵی پێویست بدەن بۆ فشار خستنە سەر کۆماری ئیسلامیو هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی حوکمی ئێعدامی زیندانیانی سیاسی لە ئێران.

شایانی باسە لە کۆتایی کۆبوونەوەکە دا هەر دووک لایەن باسیان لە هاوکاریو کۆبوونەوەی زیاتر لە داهاتوو دا کرد.

**درێژەی:**

# ڕوانینی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بارەی ڕێککەوتنی ناوکیی ئێران و ولاتانی ڕۆژاوا

– کۆماری ئیسلامی کە وا نیشان دەدا لە ڕێگای مۆرکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە بە بەشێک لە داواکانی گەیشتوە، لە ڕاستیدا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە و زۆر بەربەست لە سەر ڕێی درێژەدان بە بەرنامەناوکییەکانی قبووڵ کردوە. هەر ئەو خاڵانەی بە پێی ئەم ڕێککەوتننامەیە ملی بۆ داون، ئەگەر پینج ساڵ لەمەوبەر قبووڵی کردبان، کۆمەڵێک ئیمتیازی لە بەرامبەریان دا لە ولاتانی ٥+١ وەردەگرت، بەڵام ئێستا بەوە شوکرانەبژێرە کە گەمارۆی تازەی ناخرێتە سەر و هێندێک لەو داراییانەی بۆ ئازاد دەکرێ کە لەم چەند ساڵەی دواییدا دەستیان بە سەر دا گیراوە!

– لە مێژ سالە کێشەی ناوکیی ئێران و ڕۆژاوا، سەرنجی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتیی بە خۆوە خەریک کردوە و پرسی پێشیلکرانی بەردەوامی مافی مرۆڤ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوەی خستۆتە پەراوێزەوە. کوشتاری موجاهیدین لە کەمپی لیبرتێ و ئێعدامی لاوانی بەلووچ، کورد و عەرەب، ڕاست لەو دوو سێ مانگە دا کە وتووێژەکانی کۆماری ئیسلامی و ولاتانی ٥+١ لە بارەی کەیسی ناوکیی ئیران لە گۆڕێ دابووە، پەیامێکی مەترسیداریان تێدایە. کۆماری ئیسلامی دەیەوێ بە نەرمینواندن بەرامبەر ڕۆژاوا لەم کەیسە دا، ئەوانیش فێرە نەرمینواندن وچاونوقاندن لە ئاست تاوانەکانی لە دژی نەتەوەکانی ئێران بکا.

– نابێ ڕێگە بە کۆماری ئیسلامی بدرێ کەمبوونەوەی گوشاری سیاسی و ئابووریی ڕۆژاوا لە سەر خۆی وەک دەرفەت و دەستئاوەڵایی بۆ سەرکوت و لە نێوبردنی خەباتکارانی سیاسی و مەدەنی لە نیوخۆی ولات بە کار بێنێ. دەرچوونی ئەو ڕێژیمە لە تەریککەوتوویی و ئاساییبوونەوەی پیوەندییەکانی لە گەڵ ڕۆژاوا، نەک هەر نابێ لە سەر حیسابی پێشیلکردنی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکانی ئێران بێ، هەر لە جێدا نابێ بێنەرمینواندنی ئەو ڕێژیمە لە ئاست خەلکی وڵاتەکەی، مسۆگەر بێت. ئەمەش پیویستی بە خولێکی نوێ لە دیالۆگ لە نیوان پێکهاتەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بە مەبەستی دانانی بناغەکانی هاوکاری و هاوخەباتییەکی گشتی لە نیوخۆ و دەرەوەی وڵات دژی ئەو ڕێژیمە هەیە.

### خۆپیشاندانێک لە ئوسلۆ بۆ مەحکوومکردنی سزای ئێعدام لە ئێران

ڕۆژی شەممە ٣٠ نوامبری ٢٠١٣ ڕێکخراوی ئەمنیستی ئێنترناشناڵ، لە ژێر دروشمی ئێمە بە دژی سێدارە، ئوسلوو ڕووناک دەکەینەوە، مەشخەڵ بە دەست خۆپیشاندانێکیان ڕێکخست. نیزیک ١٧٠ کەس لە خویندکارانو مامۆستاو سەرۆکی زانکۆی ئۆسلۆ و چالاکانی ڕێکخراوە سیاسیو مەدەنییەکانی نۆروێژو ژمارەیەک خەڵکی مەدەنی بەشداریی ئەو خۆپیشاندانە بوون. کۆمەڵێک لە خۆیندکاران هەر کامەیان پلاکارتێکیان هەڵگرتبوو کە ناوی وڵاتێکی لەسەر بوو کە سزای ئێعدامی تێدا بەڕیوە دەچێ؛ وەک ئێران، پاکستان، چین و.... جێی باسە کە سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران دوکتور ئەمێری موقدەم، نوێنەری حیزبی سوسالیستی چەپی نوروێژ، لاوانی حیزبی دیموکرات مەسیحیو چەند ڕێکخراوی دیکە لەو کۆبوونەوەیەدا پەیامیان خوێندەوەو دوکتور ئەمیری موقدم زۆر بە وردی باسی لە سێداردانی ڕۆژانەی بەندکراوان لە ئێران کرد و گوتی: ڕۆژی لانیکەم ٢ کەس لە ئێران لە سێدارە دەدرێنو هەرماوەیەک لە وەپێش ٣ چالاکی سیاسی کورد و ١٦ بلووچ لە سێدارە دران، ئەوە لەکاتی دایە کە رووحانی ڕوخسارێکی دیکە ڕوو بە دەرەوە واتە جیهانیان لە خۆی پیشان دەدا. پێویست بە ئاماژەیە کە بەرێوەبەران و ڕێکخەرانی ئەو خۆپیشاندانە هەروەک لە دروشمەکەیاندا ئاماژەیان پێدابوو، بە شێوەیەکی بەردوام بە گڵۆپێکی بەهێز، تەلاری بەرزی شارەوانیی ئۆسلویان ڕووناک دەکردەوەو، ڕێکخراوی ئەمنیستی ئەنترناشناڵ لە ٨١ وڵاتی جیهان، ١٢٢٤ شار کە ٦١ شاریان پێتەختی وڵاتان بوون خۆپیشاندانی لەوچەشنەیان بەرێوەبردوەو و لە هەموو ئەو وڵاتانە دا «نا» یان بۆ سێدارە گوتوە.

# پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# بە بۆنە ی ٢٥ی نوامبر، ڕۆژی جیهانی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان

### ئەو پەیامە لە ڕۆژی ٢٥ی نوامبەر لەلایەن بەڕێز حەسەن قادرزادە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە لە سمینارێکی یەکیەتیی ژناندا پێشکەش کراوە



٢٥ی نوامبری سالی ١٩٩٩ی زایینی بە لگەنامەیەکی یاسایی بۆ بەگژدا چوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە لایەن کۆری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان پەسند کرا، لەو ڕۆژەوە تا ئێستا هەموو ساڵێ بەم بۆنەیەوە ژنانو ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار بۆ پاراستنی مافەکانی ژنان چالاکی دەکەنو دڵگەرم بە پشتیوانی کۆمەڵگەی نێو نەتەوەییو کۆرو کۆمەڵە بەشەر دۆستەکانی لایەنگرانی مافی ژنان دیفاع لە مافو کەرامەتی مرۆڤایەتیو داوای مافی یەکسانی دەکەن.

خەباتی ژنان لە پێناوی دەستەبەرکردنی مافەکانیان مێژوویەکی دوورو درێژی هەیەو تا ئێستاش بەردەوامە، هاتنە دی ئەو ئامانجە بە بێ پشتیوانی پیاوان و تێک شکاندنی داب و نەریتە کۆنە کۆمەلایەتیەکانو دانانی یاساو ریسای نوێ مومکین نابێ. زۆربەی وڵاتانو کۆمەڵگاکان هەر کام بە پێی یاساو فەرهەنگی تایبەتی خۆیان باس لە مافو ئازادی ژن دەکەن، بەڵام بەکردەوە هێشتا لە بەشێکی زۆری جیهان ژنان بەمافی یەکسان لە گەڵ پیاوان نەگەیشتوون. بە داخەوە ئێستاش لە زۆربەی وڵاتانو تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا توندوتیژی لە دژی ژنان لە ئاستی بنەمالەو کۆمەڵگاشدا بەرێوە دەچێو ئازاری رووحیو جەستەیی ژنان دەدرێ. ژنان ئەو مافو شوێنە شیاوەیان پێ نەدراوە کە بارتەقای رۆلیان لە راگرتنی باڵانسی ژیانی مرۆڤو نەخشیان لە بنەماڵەو کۆمەڵگادا بێ، لە وڵاتی ئێرانیش بە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لە دوای شۆرشی ساڵی ١٩٧٩ی زایینی، ژنان ئەم برە کەمە لە مافو ئازادییەکان کە هەیان بوو، ئەویشیان لێ زەوت کراو لە جیاتی بەشداری لە بەرێوەبردنو ئیدارە کردنی کارو باری وڵات کونجی ماڵەوەیان پێ رەوا بینرا. بۆ هاتنە دەر لە ماڵو هاتنە شەقامو لە بوارەکانی وەک تەلاق، مارە برِی، نەفەقەو خاوەنداریەتی مندالّ رێوشوێنی سەختیان بەسەر داسە پاندون کە بەشی زۆری ئەم یاسانە لە بەرژەوەندی پیاوانو بە زەرەری ژنان بوون. لە کۆمەڵگەی کوردستانیش دۆخی ژنان هیچ باشتر نیە، پێشلکردنی مافی ژنان لە زۆربەی شارو ناوچەکان بەرچاوەو ساڵانە بە هۆی ئەو توندو تیژییە رووحیو جەستەیانەی کە دژ بە ژنان دەکرێنو لە ئاکامی ستەمو چەوسانەوەدا ژمارەیەکی زۆر لە ژنان ئاگر لە جەستەی خۆیان بەر بدەن.

ژنانی کورد بە درێژایی قۆناغە جۆراو جۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگاکاندا لە تەنیشت پیاوان بوونو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بە تایبەتی لە کارو باری کشتو کاڵ و مەرداری و بە خێوکردن و پەروەردەکردنی مندالاندا نەخشی بەر چاویان هەبووە بە بێ ئەوی هیچ سوودێک لە بەرهەمی رەنجی خۆیان ببینن، لە شەرو ناخوشیەکاندا بوونە قوربانی، لە پێناوی بەرژەوەندی مێردو کورو کچەکانیاندا تووشی ناخۆشترین رۆژە تاڵەکانی ژیان بوون، لە قۆناغی خەباتی ئازادیخوازنەی گەلەکەماندا پاڵپشتو هاوکاری هەرە بەهێزی شۆرشو پێشمەرگە بوون، ئەوەی لە توانایان دابووە لە هەڵگرتنی چەکی پێشمەرگایەتی ڕا بگرە تا کار کردن لە رێکخستنە نهێنییەکانو هاوکاری کردنو حەشاردانی پێشمەگەکان درێغیان نەکردوە جیا لە مانەش کەم نین لەو شێرە ژنانەی کە لە دەربەدەرییو خەباتی سەختی سیاسیو چەکدارییدا لە تەنیشت هاوسەرەکانیان بوونو لە خزمەت کردنی گەلو نیشتماندا پاڵشتو پشتیوانیان بوونو تالّی و سوێری ڕۆژگاریان چێشتوەو لە خۆشیو ناخۆشیەکانیاندا شەریکو بەشدار بوون. سەرەڕای ئەمانە نەک نا ئومێد نەبوون بەڵکوو رووسوورانە و سەر بەرزانە بە گژ ناخۆشییەکاندا چوونەوە.

ژنان شایستەی باشترین ژیانو شایانی ئازادیو مافە رەوا کانیانو جێی خۆیەتیو ئەرکی هەموو لایەکە نەک لە رۆژێکی ئاوادا بەڵکوو لە هەموو رۆژێکی ساڵدا دژی توندوتیژی و هەڵاواردن بەرامبەر بە ژنان بوەستنەوەو ڕێز لە مافەکانی ژنان بگرنو بۆ هاتنە دی یەکسانی مافەکانی ژنان لە گەل پیاوان تێبکۆشن.

لە خەباتی جەماوەرییو بەرهەڵست بوونەوەی هێزە پەلامادەرەکانی کۆماری ئیسلامیشدا ژنانی کوردستان بە تایبەتی لە گوندەکان زۆر جار دوژمنیان بە چۆک داهێناوە.

بەکورتی ژنانی کوردستان نەک هەر لە بواری خەباتو تیکۆشاندا بەڵکوو لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵدا حوزوریان هەیە. بەڵام بە هۆی بەردەوامیی کەلتووری دواکەوتوانەی پیاوسالاری و لەمەش گرینگتر بە هۆی یاسای کۆنە پەرەستانەو دژە ژنی رێژیمی دەسەڵاتداری ئیران، لەگەل زۆرترین هەڵاواردنو بێ مافی بەرەو روون. حیزبی دێمۆکراتی کوردستان باوەری بە یەکسانی مافەکانی ژنان لەنیو بنەماڵەو لە کۆمەلگا دا هەیەو لەم باوەرە دایە کە هێزو تواناو شایستەیی ژنان هیچ لە ئیی پیاوان کەمتر نیە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم هێز و تواناو لێوەشاوەیی‌یە دەرەتانی خۆنواندنیان هەبێو خزمەتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بکەن. دەبێ بەستێنی گونجاویان بۆ دروست بکری، بۆ ئەم مەبەستە لە لایەکەوە دەبێ یاساکانی وڵات بە ناوەرۆکێکی ئینسانیو یەکسانیخوازنە بنووسرێنەوەو بە خەباتێکی بەرینو هەمەلایەنە، توندوتیژی بەرامبەر بە ژنانو کولتوری پیاوسالارانە، پاشەکشەیان پێ بکرێ. لەم ڕۆژەدا کە ڕۆژی جیهانی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنانە، جاریکی دیکە پیشتوانی لە خەباتی رەوای ژنان دووپات دەکەینەوەو لەم پێناوەدا لەهیچ یارمەتییەک بۆ سەرکەوتنی ژنان لە هاتنە دیی ئامانجەکانیاندا دەریغی ناکەین . سەرکەوێ خەباتی رەوای ژنان بۆ هاتنە دی ویست و داخوازاە رەواکانیان لە پێناو یەکسانی و بەرامبەری دا.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٥ی نوامبری٢٠١٣ی زایینی**
**٤ی سەرماوەزی١٣٩٢ی هەتاوی**

# سمینارو کۆبوونەوەکان بەبۆنەی ڕۆژی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان

### سلێمانی: حەوت ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی ٢٥ ی نۆڤامبر سمینارێکی هاوبەشیان پێک هێنا

ئەو سمینارە کە ڕۆژی شەممە، ٢ی سەرماوەزو لە ژێر درووشمی «پەروەردەو فیر کردن و ڕاگەیاندن دەکری ڕۆلێکی گرینگی هەبێ لە کەمکردنەوەی توندتیژی»، بەساتێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان، بە تایبەت ئەو ژنانەی گیانیان لێئەستێندراوە، دەستی پێکرد.

لەو سمینارەدا چەندین باسی پێوەندیدار بە توندوتیژی دژی ژنان لە لایەن چالاکانی ژنەوە پێشکێش کران.

### کۆیە: بەڕێوەچوونی سمینارێک لەلایەن یەکیەتیی ژنانەوە



یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٤ی سەرماوەزی ١٣٩٢ بەرامبەر لەگەل ٢٥ی نوامبری ٢٠١٣ی زایینی سیمیناریکی بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان پێک هینا. لەو سیمینارەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر لەلایەن کاک حەسەن قادرزادە پێشکەش کرا.

دواتر زەینەب بایزیدی، چالاکی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باسێکی لەسەر توندوتیژی بەرامبەر ژن لە دادگاو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا پێشکەش کرد. زۆر لەو نموونانەی هێنایەوە کە ژنان لە زیندانەکاندا لەگەڵی بەرەوروون، بەتایبەتی کە بۆ خۆی لە بەندیخانە بووە و کردەوە و ڕەفتارەکانی بە چاوی خۆی دیتوون و تەنانەت ئازاریانی چێشتوە. لە زۆر لایەنەوە باسی لەم بابەتە کرد و تیشکی خستە سەر ئەوەی کە کاردانەوەی کۆمەڵگا بە گشتی لە دوای ئازاد بوونی ژنان لە زیندان چۆنە.

دوابەشی سمینارەکە بۆ باس لەسەر چەمکی «قبوڵکردنی توندو تیژی لەلایەن ژنانو هۆکارەکانی» تەرخان کرابوو، کە گەلاوێژ پەیڕەوان، جێگری سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان باسی لە چەندین هۆکاری سەرەکی کرد کە پەرە بە ڕوودانی توندو تیژیی زیاتر لە دژی ژنان دەدەن.

### ستۆکهۆڵم: بەڕێوەچوونی سمیناری دژ بە توندوتیژی



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٣ - ١١ - ٢٠١٣ بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توندوتیژی دژ بە ژنان دوو ڕێکخراوەی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی کارێکی هاوبەشدا سمیناریکی تایبەتیان بۆ چەند چالاکی بواری مافی ژنان و چالاکی بواری سیاسی لە ستۆکهۆڵم پێتەختی وڵاتی سوئێد بەڕێوە برد.

خاتوو شلێر حەسەنپوور، بەرپرسی کۆمیتەی بەرێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد پەیامی هاوبەشی دوو ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش کرد.

پاشان لە پانێلی یەکەمدا سەکینە جەوانمەردی چالاکی سیاسی باسەکەی خۆی لەسەر ئەزموونی ژیان و باس و خواستەکانی نێوکۆمەڵگا بە نیسبەت ژنانەوە و هەروەها کاک سالار شەڵماشی کۆمەڵناس و کارناس و شارەزا لە بواری دەروونناسی‌دا باسێکی زانستی و عیلمی لە سەر کاری جینسی و شێوازی توندوتیژی و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی کۆمەلگا لە گەڵ ئەم دیاردانە باسەکانیان پێشکەش کرد.

پانێلی دووهەم دوکتور خالید خەیاتی مامۆستای زانکۆ لە لینشۆپینگ و چالاکی بوارەکانی سیاسی و مەدەنی لە سەر سیستەمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئاست توندوتیژی لەگەڵ نەتەوەکانی بن دەست و ئایینە جیاوازەکانی و هەروەها خاتوو ئەڤین عەزیز نووسەر و ڕۆژنامەنووس، کارناس و شارەزا لە بواری ڕەگەزی ژن و پیاو لە سەر توندوتیژی و دەستنیشان کردنی کارەکانی ژنان و پیاوان و جیاکردنەوەیان لە کۆمەڵگادا و باسەکانیان پێشکەش بکەن.

بەشی کۆتایی ئەو سمینارە بەشداری چالاکانەی ژنان و پیاوانی بەشداربووی ئەم سمینارە بوو کە بە دانی پرسیار و تێبینی و پێشنیار لە سەر بابەتە پێشکەش کراوەکان و مەسەلەی توندوتیژی خێزانی و کۆمەڵگا و دەوڵەتی سمینارەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

### نۆروێژ: بەڕێوەچوونی سیمینارێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی

کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ ڕۆژی یەکشەممە ٢٤ی نوامبەری٢٠١٣ی زایینی، بە بۆنەی ٢٥ی نۆڤامبر ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، سیمینارێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی بۆ حوسێن مەدەنی نووسەرو سیاسەتمەداری کوردو، خەندە جەزا، چالاک لە بواری مافەکانی ژنان پێک هێنا.

خەندە جەزا باسێکی تێر و تەسەلی لە سەر گیرو گرفتی ژنان لە دونیا، بەتایبەت لە کوردستاندا پێشکەش بە ئامادە بووان کرد. ناوبراو لە باسەکەی دا گوتی: وا ٢٥ نوامبەری ئەمساڵیش وەک نوامبرەکانی دیکە تێپەڕی، بەڵام شتێک لە مەبەست نەگۆڕا، توندو تیژیەکان زیاتربوونو جەستە میهرەبانەکان بەردەوام دەسوتێن، ئەو ئاگرە بێ بەزەییە هەر کڵپە دەداو، کەسیش لە خەمی کوژاندنەوەی‌دا نیە.

لە بەشی دووهەمی سمینارەکەشدا حوسێن مەدەنی، سیاسەتمەدارو تێکۆشەری دێرینی بزووتنەوەی سیاسیی کورد بە پێشکێشکردنی باسێکی سیاسی هەوڵی دا پێناسەیەکی ڕوونتر لە سیاسەتی نێودەوڵەتیو ناوچەییو دۆخی سیاسیی جیهان و ناوچەکە دەرحەق بە کورد بکا.

حوسێن مەدەنی لە بەشێک لە قسەکانی دا گوتی: مەسەلەی کورد وەک واقعبینی ئاسویەکی روونی هەیە، بەهاری کوردی لە پێشە و کورد پێویستە خۆێندەوەی سەردمیانە و لێکداندوەی سیاسی وردی لەسەری هەبێ .

حوسێن مەدەنی بە ئاماژە بە بارودۆخی ژئوپۆلۆتیکیی کوردو مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد لە یەک سەدەی ڕابردووداو هۆکاری سەرنەکەوتنی ئەو بزووتنەوەیە لە بەشی هەرە زۆری کوردستان گوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست پرکێشەترین ناوچەی جیهانە. ٦٠٪ ئەنباری نەوتی جیهان لەو ناوچە



هەڵکەوتووە، ژئوپولیتیکی جیهان بە چاوی تەماحەوە دەڕۆانیتە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئەگەر ڕوونتر بڵێین شەری ئێستا شەری نەوت و ئێنرژیە.

شایانی باسە بەشێکی دیکەی کاتەکانی ئەو سمینارە بۆ باسو پرسیارو تێبینیی بەشداران تەرخان کرابوو.

کوردستان
٤
ژمارە: ٦٢١
١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٢
٦ی دیسامبری٢٠١٣
سیاسی

**لەبەر ئەوەی ئەو سیاسەتە نوێیە کە لەو بوارەدا بەڵێن دراوە لەسەر هەمان ئەو بنیاتە زەینی و سیاسییە کۆن و نالەبارە دارێژراوە کە ساڵانی ساڵە سیاسەتی سەرکوت و هەڵاواردنی ئەو پێکهاتانەی لێ کەوتۆتەوە، چاوپۆشی و خۆشبینییەکی زۆری دەوێ هەتا چاوەڕوانیی ئەوەمان هەبێ کە دەوڵەتی تازە بەنیاز بێ یا لەخۆی ڕا ببینێ کە گۆڕانێکی ریشەیی (نەک تەنیا ڕووکەشانە) بەسەر ئەو بارودۆخەدا بێنێ.**



ئاسۆی حەسەن زادە

# دەوڵەتی رووحانی و پرسی نەتەوەکان : خێچ و خوارییە لەمێژینەکانی بنیاتی سیاسەتێکی نوێ

## (بەشی دووهەمو کۆتایی)

### روانینی ئەمنیەتی

یەکێکی دیکە لەو ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییانەی حەسەنی رووحانی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی خۆیدا بەڵێنی وەدیهێنانی دابوو، کۆتایی هێنان بە «روانینی ئەمنیەتی بۆ ئەقوام و فەرهەنگەکانی ئێران» بە پشتبەستن بەو قسە دروستە بوو کە بوونی فرەچەشنی لە کۆمەڵگادا دەرفەتە نەک هەڕەشە. چوار مانگ پاش دەستبەکار بوونی کابینەی نوێ نەک هەر هیچ نیشانەیەک لە هەوڵدان بۆ سڕینەوە یا تەنانەت کەمکردنەوە لە مامەڵەی ئەمنیەتی بۆ نەتەوە ژێردەست و ناوچە پەراوێزخراوەکانی ئێران بەدی ناکرێ، بەڵکوو شەپۆلی نوێی ئێعدامەکان بەتایبەتی لە کوردستان و بەلووچستان زەنگی مەترسیی بەردەوامی و تەنانەت چڕ بوونەوەی ئەو جۆرە مامەڵەیە لێ دەدا.

رەنگە بگوترێ کە ئەو دەست ئاوەڵاییە کە بۆ گرتنەبەری ئاقارە بە ڕواڵەت نەرم و بنیاتنەرەکانی سیاسەت بە تیمی نوێی بەڕێوەبەریی وڵات دراوە تەنیا دۆسیە نێونەتەوەییەکان بەتایبەتی دۆسیەی ناوکی دەگرێتەوە و لەبواری ماف و ئازادییەکانی خەڵکدا رووحانی لانیکەم جارێ ناتوانێ پەڕاوێز و بوارێکی ئەوتۆی دەسپێشخەری و مانۆڕدان بۆخۆی قایل بێ. ئەم لێکدانەوەیە ئەگەر تەنانەت بڕێک لە واقیعیەتیشی تێدا بێ، هیچ لەو راستییە ناگۆڕێ کە چ بە حوکمی پرەنسیپ و دەسەڵاتە قانوونییەکانی و چ لەبەر ئەو دەمامکی خۆش خەت و خاڵییەی رووحانی پێش هەڵبژاردن و تەنانەت لەدوای هەڵبژاردنیشەوە بەبەر خۆیەوەی گرتبوو، ناوبراو دەیتوانی مەودایەکی هەرچەند سەمبولیکی لەنێوان تێگەیشتن و سیاسەتی خۆی و شەپۆلی تازەی سەرکوت دانابا. ئەمە بەتایبەت لەو رووەوە متمانەی خەڵک بە رووحانی خەوشدار دەکا کە کاتی خۆی و لە هەلومەرجی «هاوشێوە»ی سەرکۆمارێکی «هاوشێوە»دا، محەممەدی خاتەمی لە جەرگەی داننانی بە بێدەسەڵاتیی خۆیدا، لانیکەم لەسەر ئاستی پۆلیمیکدا خۆی لە کوشتنی خۆڕایی جیابیران بەری کردبوو.

تابلۆی کارنامەی کاتیی دەوڵەتی تازە لەو بوارەدا ئەو کاتە ڕەشتر دەبێ کە سەرنج بدەینە وتەکانی یاریدەدەری تایبەتیی سەرکۆمار لەو پێوەندییەدا. یوونسی کە بە پێڕەوی لە رێفلێکسی لەمێژینەی دەسەڵاتدارانی نەیاری فرەچەشنی کە هەمیشە ئاکامگیریی سیاسیی سەخت و سادە لە واقیعە کولتوورییە نەرم و ئاڵۆزەکان دەکەن، لەبەر ئەوەی پاراستنی وەحدەتی میللی و ئەمنیەت بە یەکەوە گرێ دەداتەوە، لەو باوەڕەدایە کە «وەحدەتی میللی» و «تەمامیەتی ئەرزی» دەبێ «بنەمای هەموو بڕیارە سیاسییەکان» بن. ئەو لەلایەک روانگەی ئەمنیەتی لەوەدا دەبینێ کە بە چاوی غەیرە خودی چاو لە «ئەقوام» بکرێ و ئەمەش ببێتە هۆی بێبەش بوونیان لە گەیشتن بە هێندێک پۆست (کە دیارە ئەمە بۆ هێندێک کەرتی هەستیار بە شتێکی ئاسایی دەزانێ). لەلایەکی دیکەوە، ئەو پێی وایە کە جگە لە «هێندێک گرووپی تێرۆریست» باقیی خەڵکی سەر بەم «قەوم» وکەمایەتییانە بە ئێران و حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی وەفادارن. ناوبراو بۆ شیکردنەوەی مەبەستەکەی، وێڕای ئاماژە بە رووداوەکانی دەهەی شەستی کوردستان، رادەگەیەنێ «زۆر لە دژمنان بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن کە لە نێوخۆ بەمەبەستی باجگیری و پاڵەپەستۆی دەوڵەتی میللی گرووپی فشاری قەومی بۆخۆیان دروست بکەن بۆ ئەوەی بە پشتبەستن بەو گرووپانە بۆ ئامانجە سیاسییەکانیان تێبکۆشن». لە ئاکامدا، لەسەر ئەوە جەخت دەکا کە «پێویستە حیسابی کەمایەتییەکان لە چەند کەسی سیاسیی بەکرێگیراو بەتەواوی جیا بکرێتەوە» و هەڕەشەش دەکا کە ئەوانەی وا «ئیعلامییە«یەکیش لەنێو خەڵکدا بڵاو دەکەنەوە، پێویستە سزا بدرێن!

ئەگەر لەوەش بگوزەرێین کە روانگە و لێدوانی لەم چەشنە چەندە لەگەڵ مەرامە ئیدیعاکراوەکانی تیمێک کە بەڵێنی نەهادینەکردنی مافەکانی هاووڵاتی لە هەموو بوارەکانیدا داوە تەبایە، بەردەوامبوون لەسەر بەستنەوەی چالاکانی سیاسیی گەلانی ژێردەستە بە بێگانە و هەوڵدان بۆ لێکجیاکردنەوە و مەودانانەوە لەنێوان چالاکانی بەستێنە جۆربەجۆرەکانی هەمان گەل و کەمایەتیدا، نەک هەر بۆ ستراتیژیی چارەسەری ریشەیی کێشەی پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکانی وڵات بە هیچ جۆر کارساز نیە، بەڵکوو بەپێچەوانەی ئیدیعای داماڵینی سیاسەتی «ئەقوام» لە ئەقڵییەتی ئەمنیەتی، گیانێکی تازە وەبەر مامەڵەی ئەمنیەتی دەنێتەوە.

### بەبەس زانینی جێبەجێکردنی قانوونی ئەساسی

حەسەن رووحانی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی خۆیدا بەڵێنی دابوو کە یاساکانی پێویست بۆ جێبەجێکردنی بەندە پێوەندیدارەکانی قانوونی ئەساسی بە پەسند بگەیەنێ. ئیدیعا یا باوەڕێکی باوی بەشێک لەو بەربژێرانەی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران کە لە ساڵانی رابردوودا باسی ئاوڕدانەوە لە بارودۆخی پێکهاتە پەراوێزکەوتووەکانی کۆمەڵگای ئێرانیان کردووە ئەوە بووە کە یاسای بنەڕەتی لەو پێوەندییەدا هیچ کەموکوڕییەکی نیە، بەڵکوو کێشەکە ئەوەیە کە بەشێک لە بەندەکانی یاسای بنەڕەتی یان جێبەجێ نەکراون یان لێکدانەوەی سەلیقەیی‌یان بۆ کراوە و کۆمەڵێک ئیرادەی سەرووی یاسا لەو بوارەدا خراونەتە گەڕ. یاریدەدەری تایبەتیی سەرکۆماری نوێ لەو بارەوە لەو باوەڕەدایە کە «مافەکانی کەمایەتییەکان لە یاسای بنەڕەتی و یاسا پەسندکراوەکاندا بە باشترین شێوەی دڵخواز بەڕەسمی ناسراون، بەڵام کۆمەڵێک ئاقاری نەنووسراو لەو بوارەدا گیراوەتە بەر کە زۆرتر لایەنی سەلیقەیی‌یان هەیە».

حاشای لێ ناکرێ کە یەکێک لە هۆکارەکانی وڵامدەر نەبوونی سیستمی کۆماری ئیسلامی بە پێوەرە نێونەتەوەییەکانی «حکومەتی قانوون» بریتی‌یە لە زاڵبوونی روانین و مامەڵەی سەروو یاسا و لە دەرەوەی یاسا لەگەڵ ماف و ئازادییەکانی خەڵک. بەڵام بەپێچەوانەی ئەم ئیدیعایەی سەرەوە ئاشکرایە کە دیوەکەی تری سکەی تەبعیز و بێ مافی لە ئێراندا بریتیە لەوە کە خودی یاساکان و لە سەرووی هەمووشیانەوە یاسای بنەڕەتی ماکەی هەڵاواردن و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤن. قانوونی ئەساسی لەگەڵ ئەوەدا کە هەڵگرتنی هەڵاواردنی راگەیاندووە (ماددەی ٣)، وەک بۆ سەرجەم بوارەکانی پێوەندیدار بە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی، سەبارەت بە نەتەوە و کەمینەکانیش شتێک کەمتر لە شەرعییەتدانی بێئەملاوئەولا و تەفسیرهەڵنەگر بە هەڵاواردن ناکا.

لەگەڵ ئەوەدا کە بەدرێژایی مێژووی ئێران و رابردووی پێکەوەژیانی پێکهاتەکانیدا، چ لەڕووی ململانە و مشت و مڕی سیاسیی نێوان گرووپەکان و چ لەئاستی هاوپێوەندی و پێکەوە گرێدراویی نێوان تاکەکاندا، بایەخ و کاریگەریی ناسێنەی نەتەوایەتی هیچی لە ناسێنەی ئایینی کەمتر نەبووە ئەگەر زیاتر نەبووبێ (بەتایبەتی لە هێندێک کەیسی وەک گەلی کورددا)، کەچی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی تەنیا کەمایەتییە دینییەکان بەڕەسمی وەک کەمایەتی قبووڵ دەکا (ماددەی ٦٤ لەپێوەندی لەگەڵ دانانی کۆتا لە مەجلیس بۆ یەهوودی و زەردەشتی و مەسیحییەکان). بەپێی ماددەی ١٩ «خەڵکی ئێران لە هەر قەوم و قەبیلەیەک بن خاوەنی مافی یەکسانن و رەنگ و نەژاد و زمان و شتی لەو چەشنە سەرچاوەی ئیمتیاز نابن». لەو بەندەدا لەلایەک ئاماژەیەک بە ئایین و مەزهەب نەکراوە چونکە وەک ئاکامێکی دیاریکرانی ئایینی رەسمی (مادەی ١٢)، مەزهەب سەرچاوەی ئیمتیاز بۆ تەمرینی زۆر لە مافەکان بەتایبەتی لەبواری بەشداریی سیاسیدایە. لەلایەکی دیکەوە، کێشەکە تەنیا ئەوە نیە کە رەنگ و نەژاد و زمان و ... سەرچاوەی ئیمتیاز نەبن (کە واشە)، بەڵکوو کێشەکە ئەوەیە کە زۆر لەو موئەلەفانە لە ئێراندا سەرچاوەی تەبعیزن.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ماددەی ١٥ش لەپێوەندی لەگەڵ سیاسەتی زمانیدا، ئامانجی ئەم ماددەیە پێش ئەوەی بەڕەسمی ناسینی مافی کەمینە زمانییەکان بێ، چەسپاندنی رەسمییەتی زمان و رێنووسی فارسییە و لەپێوەندی لەگەل زمانە «محەللی و قەومییەکاندا» جیا لە ئاماژەی گشتی و ئەرکنەسازی «ئازادیی بەکاربردنیان لە رۆژنامە و مێدیاکان و خوێندنیان لە قوتابخانەکاندا» شتێکی دیکە لە نەزەر نەگیراوە. هەمووی ئەم کەمایەسی و سەقەتییەش لە پێشبینی کردن و دانپێدانانی مافی پێکهاتەکان لەحاڵێکدایە کە ئەگەر تەنانەت تەنیا لە خانەی مافی کەمایەتییەکانەوە بۆ ئەو مافانە بچین، بە چاوخشاندنێک بە قانوونی نێونەتەوەیی و قانوونی بەراوردکاریی ئەو وڵاتانەی پارێزگاری لە کەمایەتییەکان دەکەن، بەپێی بوار و حاڵەتەکان دەتوانین بە سەدان بڕگە و بنەما لەمەڕ بەڕەسمی ناسینی ئەو مافانە پۆلێنبەندی بکەین و دەوڵەتان لە جێبەجێکردنیان بە بەرپرسیار و وڵامدەر بزانین.

### بەبەس زانینی مافەکانی هاووڵاتی

لایەنێکی تری ئەم کیفایەت کردنەی دەوڵەتی نوێ بە بنەما مەوجوودەکان بەبەس زانینی مافەکانی هاووڵاتییە. یاریدەدەری تایبەتیی سەرکۆمار لەو بارەوە دەڵێ :»ئەگەر مافەکانی هاووڵاتی بەتەواوی جێبەجێ بکرێن، پێویستیمان بە هیچ دروشم و هەنگاوێکی دیکە نیە». ناوبراو تەنانەت ریسکی ئەوە دەکا کە لەو پێوەندییەدا وەک پسپۆڕێکی قانوونی بەراوردکاری قسە بکا و وێڕای ئاماژە بە نموونەی دوو وڵاتی هیندوستان و کانادا، رادەگەیەنێ کە «هیندوستان لەبواری پارێزگاری لە مافەکانی کەمایەتییەکاندا نمرەی بیست وەردەگرێ و نموونەیەکە بۆ هەموو ئەو وڵاتانەی دەیانەوێ بە دێموکڕاسی بگەن نەک کانادا»!

ئەوە کە تەنانەت جێبەجێ کردنی مافەکانی هاووڵاتی بە نێوەرۆکە هەرە پێشکەوتووەکەی و لە شکڵە هەرە ئیدەئالەکەیدا ناتوانێ بەتەنیا وڵامدەری کێشەی نەتەوایەتی لەو وڵاتانەدا بێ کە دابەشبوونێکی قووڵی ئێتنیکیان تێدایە لە دەرەتانی ئەم باسەدا نیە و لە شوێنی دیکەدا بە درێژی قسەی لەسەر کراوە. لێرەدا با هەر ئەوەندە بڵێین خوێندنەوەی هەڵە بۆ ئەزموونی وڵاتێک (هیندوستان) کە دێموکڕاسییەکەی نەک تەنیا لەسەر بنەمای بەرابەریی هاووڵاتییان بەڵکوو لەسەر بنەمای یەکسانیی نێوان سەرزەمین و پێکهاتە قەومی و زمانییەکانیشیدا بنیات نراوە و بەپێچەوانە زانین و لەبەرامبەر یەکتر دانانی ئەزموونی ئەم وڵاتە لەگەڵ ئەزموونی وڵاتێکی دیکە (کانادا) کە چ لە ڕووی سیستمی بەڕێوەبەری و چ لەڕووی نێوەرۆکی مافەکانەوە خاڵی هاوبەش و وێکچوونی زۆریان لەنێواندا هەیە، لە باشترین حاڵەتدا نیشانەی بێئاگایی و کرچ و کاڵیی هەگبەی زانیاریی راسپێراوی سەرکۆمار بۆ کاروباری «ئەقوام»ە، لە خراپترین حاڵەتیشدا بۆنی بە سیاسی کردنی باسەکە و جەمسەرسازیی فەرهەنگیی لێ دێ.

لەلایەکی دیکەوە، لە ئێرانی ئەمڕۆدا مەسەلەکە پێش ئەوەی چارەسەری کێشەی پێکهاتە «قەومی» و ئایینییە پەراوێزکەوتووەکان لە رێگای مافەکانی هاووڵاتییەوە بێ، نەسازانی بنەڕەتی و دژایەتیی فەلسەفی لەنێوان بنەماکان و کارکردی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خودی مافەکانی هاووڵاتییە. لەخۆڕا نیە کە رووحانیی بەربژێر لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی خۆیدا بەڵێنی ئەوەی دابوو کە پاش دەسبەکاربوونی وەک سەرکۆمار، مەنشوورێکی مافەکانی هاووڵاتی گەڵاڵە بکا و بەپەسندی بگەیەنێ. پێشنووسی ئەم مەنشوورە کە لە چەند رۆژی رابردوودا لەلایەن بریکاری حقووقیی سەرکۆمار و بە یارمەتیی «ناوەندیی بەدواداچوونە ستراتژییەکان»ەوە بڵاو کراوەتەوە، لەپێشدا لەپێوەندی لەگەڵ مافەکانی هاووڵاتیدا بەگشتی هەڵگری بێ ئەژمار کەموکوڕیی جەوهەری و مێتۆدیکە و بە هیچ جۆر ناتوانێ بنەمای دروست و ئالیەتی گونجاو بۆ هەڵگرتنی هەڵاواردن لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێراندا و ئاشتکردنەوەی یاسا و پراکتیکە باوەکانی ژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ نێوەرۆکی راستەقینەی مافەکانی هاووڵاتی بەپێی پێوەرە نێونەتەوەیی و جیهانپەسندەکان بداتە دەست.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر مافی پێکهاتە ئێتنیکی و ئایینییە پەراوێز کەوتووەکانیش، ئەم پێشنووسە تەنیا لە خانەی مافە فەرهەنگییەکاندا و ئەویش بەبێ هیچ خوردکردنەوە و مێکانیزم دانان و ئەرکدارکردنێکی دەوڵەت، ئاماژە بە مافەکانی ئەم پێکهاتانە لەنێو کۆمەڵێک پرسی گشتیی پێوەندیدار بە مافەکانی هاووڵاتی لەبواری کەلتوور و دەربڕین و داهێنان و تەنانەت ئەخلاق و مەعنەوییاتدا ون و تێکەڵ دەکا و بەڵێنی هەڵنەواردن و رێگەدان بە پێکهێنانی ئەنجومەن و بنیاتەکانی پێویست بۆ تەمرینی ئەو مافانەیان -ئەڵبەتە «لە چوارچێوەی یاسا و رێنماییەکاندا» و «بە پاراستنی وەحدەتی میللی و تەمامییەتی هۆوییەتی ئێرانی»- پێ دەدا (بەندی ٢١ و بەندەکانی دواتر).

دیارە لەو مەنشوورەدا بەشێکی تایبەتی بۆ»کەمایەتییەکان و ئەقوام» تەرخان کراوە. بەڵام ئەم بەشە بەو دوو خەتە هەژارەیەوە کە تێیدا پیتاندراوە کورت ترین بەشی مەنشوورەکەیە و هەر بەوەندە کیفایەت دەکا کە «رێزگرتن لە فرەچەشنیی فەرهەنگی، مەزهەبی، زمانی و قەومیی هاووڵاتییان» و ئازادیی «بەڕێوەبردن و بەشداری لە رێورەسمە مەزهەبییەکانی ئەو ئایینانەی لە یاسای بنەڕەتیدا بەڕەسمی ناسراون»ی تێدا دووبارە بکاتەوە (بەندەکانی ١١٦ و ١١٧). لە هەمووشی سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە نووسەرانی ئەو مەنشوورە نەک هەر زەحمەت و ئازایەتیی بەردرێژکردنەوە و قووڵکردنەوەی کۆمەڵێک ماف و پرەنسیپیان بە خۆیان نەداوە کە بنەمایان لە قانوونەکانی مەوجوودا هەیە، بەڵکوو تەنانەت لەپێوەندی لەگەڵ خوێندن بە زمانی دایکیشدا کە رووحانی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی خۆیدا کردبووی بە شابەیتی بەڵێنەکانی بۆ «ئەقوام» هیچیان نەگوتوە و لەپێوەندی لەگەڵ سیاسەتی زمانیدا تەنیا باسی ئەوە کراوە کە «دەوڵەت لەسەریەتی بە هاوکاریی سازمانی سەدا و سیما [...] بەکاربردنی ئازادانەی زمان و زاراوە محەللی و قەومییەکان لە تەنیشت زمانی فارسی [...] دابین بکا» (بەندی ٢٢). واتە هەمان ئەو شتە کە دەمێکە بە شێوەی ئامانجدار و سەقەت بەڕێوە دەچێ.

**دەسەڵاتدارانی نەیاری فرەچەشنی هەمیشە ئاکامگیریی سیاسیی سەخت و سادە لە واقیعە کولتوورییە نەرم و ئاڵۆزەکان دەکەن**

### لە قسەوە بۆ کردەوە

بەهۆی ئەوە کە رووحانی لەمێژ نیە بۆتە سەرکۆمار و ویلایەتی ئاسایی سەرکۆماریش لە ئێران چوار تا هەشت ساڵە، بمانەوێ و نەمانەوێ هەر چەشنە هەڵسەنگاندنێکی کارنامەی تا ئێستای دەوڵەتی رووحانی لەپێوەندی لەگەڵ ئاوڕدانەوە لە بارودۆخی پێکهاتە پەراوێزکەوتووەکانی کۆمەڵگا و بەگشتی بوارەکانی دیکەشدا هەڵسەنگاندنێکی کاتی و رێژەیی دەبێ. بەڵام رێک لەبەر ئەوەی ئەو سیاسەتە نوێیە کە لەو بوارەدا بەڵێن دراوە لەسەر هەمان ئەو بنیاتە زەینی و سیاسییە کۆن و نالەبارە دارێژراوە کە ساڵانی ساڵە سیاسەتی سەرکوت و هەڵاواردنی ئەو پێکهاتانەی لێ کەوتۆتەوە، چاوپۆشی و خۆشبینییەکی زۆری دەوێ هەتا چاوەڕوانیی ئەوەمان هەبێ کە دەوڵەتی تازە بەنیاز بێ یا لەخۆی ڕا ببینێ کە گۆڕانێکی ریشەیی (نەک تەنیا ڕووکەشانە) بەسەر ئەو بارودۆخەدا بێنێ. ئەمە بەتایبەتی لە بەجێنەگەیاندنی ئەو بەڵێنانە ڕا دەردەکەوێ کە هەر ئێستا وادەیان بەسەر چووە و لەجیاتی ئاکامگیری بۆ ئەم باسە، لێرەدا نموونەی چەند بوارێک ریز دەکەین:

١/ رووحانی بەڵێنی دابوو کە بەرپرسایەتیی بەرنامەڕێژی و هەماهەنگی بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی بە «ئەقوام» و کەمایەتییە ئایینی و مەزهەبییەکان بە یەکێک لە جێگرانی سەرکۆمار بسپێرێ. لەکاتێکدا کە دەکرا بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی دیکەی دنیا لانیکەم هێندێک نیهادی وەک شووڕای راوێژکاری و نوێنەرایەتیی پێکهاتەکان دابمەزرێ و رووحانی بۆخۆشی هەمیشە رایگەیاندبووکە پێویستە کەڵک لە بژاردەکانی خودی ئەقوام کەڵک وەربگرن و سیاسەتی «ئەقوام»یش لە روانینی ئەمنیەتی دابماڵرێ، ناوبراو کەسێکی وەک عەلی یوونسیی لە دەرەوەی بازنەی ئەو پێکهاتانە و بەو پرۆفایلە ئەمنیەتی و قسەلەسەرەوە کە هەیەتی بۆ ئەم بەرپرسایەتییە دیاری کرد. بەرپرسایەتییەک کە بەپێچەوانەی ئەوە کە بەڵێن درابوو ستاتووی جێگری سەرکۆماری نەدرایە تا لانیکەم لەڕووی قانوونییەوە دەرەتانی کاریگەری دانان لەسەر سیاسەتەکانی دەوڵەت و ئاقاری وەزارەت و بەڕێوەبەرییەکانی هەبێ، بەڵکوو تەنیا بە پلەی سنووورداری یاریدەدەری تایبەتی کە لە راوێژکارێک زیاتر نیە کیفایەت کرا و ئەمەش زۆر لەوە کە لە کابینەکانی پێشوودا لەژێر ناوی راوێژکاری کاروباری خەڵکی سووننی‌دا هەبووە پێشکەوتووتر نیە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە عەلی یوونسی لەجیاتی ئەوەی بۆخۆی لەبواری دۆزینەوە و جێخستنی مێکانیزمە ئیجراییەکاندا پێشەنگ و خەللاق بێ، هەر لە ئێستاوە بۆخۆی رایگەیاندووە کە بەنیاز نیە خۆی لە بواری ئیجرایی هەڵقورتێنێ و «قەراریش نیە سازوکارێکی نوێ وەڕێ بخەن»!

٢/ رووحانیی بەربژێر بەڵێنی دابوو کە «تا ئاستی ئەندامەتیی کابینە و لەسەر بنەمای شایستەسالاری» پێکهاتە باسکراوەکان لە بەڕێوەبەریی گەورەی وڵاتدا بەشدار بکا. وەک دیتمان هیچ «نوێنەر»ێکی ئەم پێکهاتانە نەبوونە وەزیر و تەنانەت زۆریان ئوستانداریشیان بۆ قایل نەبوون. ئەو بەڵێنە کە وا دیارە یاریدەدەری تایبەتیی سەرکۆمار حەز دەکا خەتای جێبەجێ نەبوونەکەی بخاتە ئەستۆی خەڵکی دیکە، ئەگەر جێبەجێش کرابا دەکرا وەک هەنگاوێکی ڕووکەشانە چاو لێ بکرێ، بەڵام لانیکەم لەبواری سەمبولیکدا دەیتوانی ئیشارە و پەیامی تازەگەری و شکاندنی تابووەکان بدا.

٣/ لەبواری کارپێسپاردن و «دیاریکردنی هێزی شایستەی خۆجێیی بۆ پۆستە بەڕێوەبەرییەکانی ناوچەکان و پێدانی سەڵاحییەتی زیاتر بە دامەزراوە محەللییەکان»دا، نەک هێشتا هیچ پلانێکی کردەیی نەخراوەتە کار، بەڵکوو لەم سێ مانگەی دەسپێکدا کە فەسڵی دارشتنی نەخشە رێگاکان بوو، ئەم بەڵێنە بە ئاشکرا پشتگوێ خراوە، بەچەشنێک کە لەحاڵێکدا خودی قانوونە مەوجوودەکان کۆمەڵێک بنەما لەو بوارەدا دەدەنە دەست، «مەنشووری مافەکانی هاووڵاتی» بە تاقە دەستەواژەیەکیش ئاماژەی بەم مەسەلەیە نەکردوە. لەو بارەوە، «ئاقای ئەقوام و ئەدیان» وێڕای خۆ دڵخۆش کردن بەوە کە جیا لەو پۆستە بەڕێوەبەرییانەی پێشتر بژاردەکانی سەر بەو پێکهاتانە بە وتەی ناوبراو «تەنانەت لە کوردستان» تا ئاستی مامۆستای زانکۆ و سەرۆکی گرووپی کار و بەڕێوەبەری گشتی و سەردار و فەرماندار و جێگری وەزیر پێی گەیشتوون، «هەر ئێستا سوپای پاسداران و بەسیج کۆمەڵێک هەنگاویان بۆ جەزب کردنی پەیڕەوانی مەزاهب و قەومەکانی تر هەڵێناوەتەوە»!. لەو شوێنەشدا کە بەپێی باس و خواسە باوەکانی پرسی پارێزگاری لە کەمایەتییەکان و پێوەرە نێودەوڵەتییە پێوەندیدارەکان دەبووایە قسە لە هەڵێنانەوەی هەنگاوی موسبەت بێ، عەلی یوونسی کێشەکە لەوەدا کورت دەکاتەوە کە «لە ئیستخدامی [کەسانی سەر بەو پێکهاتانە]دا کەند وکۆسپ دروست نەکرێ»!

٤/ لەبواری خوێندن بە زمانی دایکدا کە لایەنێکی هەرە واتادار و پڕبایەخی ئەو بابەتەیە و لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی حەسەن رووحانیشدا زۆر ئاماژەی پێ دەکرا، نەک هێشتا هیچ بڕیار و راسپاردەیەک بۆ بیر لێکردنەوە و بەدواداچوونی دەرنەکراوە، بەڵکوو وەک گوتمان مەنشووری مافەکانی هاووڵاتی تەنانەت سووکە ئاماژەیەکیشی پێ نەکردووە.

٥/ سەبارەت بە ئازادیی رێکخراوەکان و چالاکیی رووناکبیری، نەک هێشتا نیشانەیەک بەدەستەوە نیە بۆ ئەوەی دەوڵەت مجەوزی رێکخراوی سیاسی لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوایەتی بداتە ئەو بژاردانەی داوای مۆڵەتێکی لەم چەشنەیان کردبوو، بەڵکوو هێشتا سەرەتایەکیش لە بووژانەوەی ئەنجومەنە فەرهەنگییەکان و دەستبەکاربوونەوەی رۆژنامە داخراوەکان یان وەڕێکەوتنی چاپەمەنیی نوێ بەدی ناکرێ.

٦/ لەبواری گەشەسەندن و ریفاهدا کە عەلی یوونسی ئیدیعا دەکا لەگەڵ ئەمنیەت گرینگترین داوای «ئەقوام» لە ئێراندایە و لە راکێشانی جادە بۆ ناوچەکان و دەستڕاگەیشتنی خەڵک بە ئاو و گاز و کارەبایدا دەبینێ و پێی وایە لەو بوارانەدا کوردەکانی عیراق و تورکیە ئێرەیی بە کوردەکانی ئێران دەبەن!، هێشتا روون نیە کە کاروانی ئەو بودجە جەهشی و زیادکردنی ئیعتباراتە کە بەڵێن درابوو کەنگێ و چۆن بە مەقسەد دەگا.

تێبینی : مەبەست لەو بەڵێن و وتانەی لەم وتارەدا ئیشارەیان پێ کراوە، راگەیاندراوی ژمارە ٣ ی حەسەن رووحانی لەسەر «مافەکانی ئەقوام و ئەدیان و مەزاهب» (٩ ی جۆزەردانی ١٣٩٢) و وتووێژەکانی عەلی یوونسی لەگەڵ رۆژنامەی «آرمان» و رۆژنامەی «ایران»ە.

ئەمن نەهاتووم درزی نێوان ئەم ساڵانە پڕ بکەمەوە بەڵام دەڵێم ئێمە دەتوانین بەندییە سیاسییەکان لە هەر شوێنێک کە هەن ئازاد بکەین و هەنگاوی یەکەمی خۆشەویستی و دۆستایەتی هەڵگرین، هەر بەم هۆیەوە بە ئانقەست کوردستانم هەڵبژارد. دەمتوانی ئەم سەفەرە لە ناوچەکانی دیکەوە دەست پێبکەم، بەڵام لە پارێزگایەکەوە دەستم پێکرد کە ئێمە قورسترین مەسەلە ئەمنییەتییەکانمان لەسەر شانیان داناوە و کارێکمان کردوە ئەم خەڵکە هەرگیز باوەڕ بە دۆستایەتیی و هاوڕێیەتیمان نەکەن و هەمیشە بە گومانەوە لێمان بڕوانن.

# وتووێژی کوردکاناڵ لەگەڵ محەممەد نووریزاد
# لە پێوەندیی لەگەڵ «سەفەری ئاشتیو دۆستی»

دیمانە: ئارەش لوڕستانی

سەفەری محەممەد نوریزاد بۆ کوردستان لەژێر نێوی «سەفەری ئاشتی و دۆستی» بابەتێکە سەرنجی زۆرکەسی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و زۆر کەسیش لە کوردستان پێشوازییان لەم کارەی ناوبراو کردوە. لە لایەن بەرنامەی کاوش»ەوە پێوەندیمان بە بەڕێز نوریزادەوە کردو لەبارەی ئەم سەفەرەوە وڵامی پرسیارەکانمان بداتەوە و بۆچوونەکانی بخاتەڕوو.

ئەوەش دەقی پیادەکراوی ئەو وتووێژەیە:

وەرگێران بۆ کوردی سیروان موساپوور

**ئارەش لوڕستانی: بەڕێز نوریزاد تکایە بفەرموون ئامانجی ئێوە لە سەفەری «سوڵح و دۆستی» چیە و بۆ کوردستانتان هەڵبژاردووە؟**

**محەممەد نوریزاد:** ئەمن نزیکەی ساڵێکە بیر لەم پرۆژەیە دەکەمەوە کە بۆ ئازادیی زیندانیانی سیاسیو ئازادیی میرحوسێن موسەوی، هاوسەری ناوبراو و ئاغای کەڕووبی دەتوانرێ چ بکرێ. وا بۆتە باو کە ژمارەیەک زیندانیی ناسراو و بەناوبانگ ئازاد دەکەن بەڵام لە شارستانەکانو ئەو پارێزگایانەی کە لە ناوەندەوە دوورن هێندێک زیندانیمان هەن کە لەبەر نوسراوەیەک یان کارێکی فەرهەنگی، بە هۆی ناڕەزایەتی و لەبەر «نا» گوتن بە ڕەوتێک بە زیندانی درێژخایەن مەحکووم کراون و دەنگ و هاواریان نە تەنیا لە پارێزگا بەڵکوو لە چوار دیواری بەندیخانەش ناچێتەدەر. کەواتە بیرم کردەوە بە نییەتی ئازادیی زیندانیی سیاسی لە هەر شوێنێک کە هەن، لە تاران یان شارەکانی دیکە، بە دروشمی «سوڵح و دۆستی» بۆ هەموو ناوچەکانی نیشتمانەکەمان سەفەر بکەم و بەڵام ئەوەکە بۆ لە کوردستانەوە دەستم پێکرد، بەهەرحاڵ بمانەوێ و نەمانەوێ سەبارەت بە کوردستان شەرمێکی گەورەمان هەیە و مەبەستم لە ئێمە واتە کەسانێک کە لە دەوروبەری ڕێژیمن و پشتیوانیمان لە ڕیژیم کردووە و، لە هەمبەر هەموو ڕەنج و ناڕەحەتییەکاندا ڕاوەستاین، لە بەرامبەر تەواوی خەڵکی کوردی وڵاتەکەمان قەرزێکی گەورە و شەرمێکی گەورەمان هەیە. یەکێک لەو ناحەقییە گەورانەی دەرحەق بە کوردستانمان کردووە ئەوەیە کە دوورەدیمەنێکی زۆر خراپی ئەمنییەتیمان لە کوردستانی بەڕێز، کوردستانی تێگەیشتوو، کێشاوەتەوە و کاتێک قسە لە کوردستان دەکرێ خەڵک وا دەزانن لە هەموو شوێنێکی کوردستان خەڵک تیرۆر دەکرێن، تووشی خەسار دەبن، چەکیان هەیە و ئەمن بە نۆرەی خۆم لەم سەفەرەدا باری ئەم شەرمەزارییەم لە کۆڵ ناوە و بە تکا و پاڕانەوە هاتوومەتە دەرکی ماڵەکان و سەردانی خۆشەویستانێکم کردووە کە بە ئاواتەوەن وڵاتیان ئارام بێ و بتوانن بژین. لەم سەفەرەدا هەنگاوەکانم بە شەرمەوە هەڵدێنمەوە و دەچمە هەر شوێنێک باسی دەکەم و دەری دەبڕم و هیچ داوا و ڕوانینێکی دیکەم نیە و تەنیا ئازادیی بەندییە سیاسییەکانم لە هەموو ناوچەکانی ئێران دەوێ.

**ئارەش لوڕستانی: ئاغای نوریزاد بە سەرنجدان بە سەفەری ئێوە بۆ کوردستان، ئەو ڕاستیانەی چاوتان پێکەوتوون، ئەزمونگەلێک کە بەدەستت هێناون، چ تاڵ و چ شیرین، کام خاڵانە زیاتر سەرنجی ئێوەیان ڕاکێشاوە؟**

**محەممەد نوریزاد:** گەورەترین ڕەنجی کوردستان بێمتمانەیی بە ناوەندنشینانە کە ئێمە دەبێ حەقی پێبدەین، ئەمن تووشی خەڵکێک بووم کە خۆشەویستیی و دۆستایەتیی خۆیان بۆ من دەردەخست بەڵام لە قووڵایی ناخیاندا نیگەرانیو بێمتمانەیی هەبوو و حەماسەتێک کە کەمێک پەڵەی کەوتبۆیە کەچی هەرگیز شتێکی جیا لە ڕێز و حورمەتم لێنەدین و لێنەبیستن بەڵام لە هەر حاڵدا بێمتمانەییەکە خۆی دەردەخا و ئەم حەقەیان پێدەدەم چونکە ئەوان نانوانن بە دڵسۆزییەوە باوەڕم پێبکەن بەو هۆیەی کە چەندین جار ڕووبەڕوویان بووینەوە و ڕاستیمان لە هەڵسوکەتماندا نەسەلماندووە. بارودۆخێک لە کوردستان هاتەئاراوە کە حیزبە سیاسییەکانیش تێیدا خەتابار بوون و دەسەڵاتی ناوەندیی ناچار کرد کردەوەکانی دوای شۆڕش لەخۆی نیشان بدا بەڵام ئەم کێشانە دەیانتوانی تەنیا لە ١٠ ساڵی سەرەتای شۆڕشدا ڕوو بدەن، ئەوەیکە دروست یان هەڵە بوو، بەڵام دەسبەجێ دوای ئەم ساڵانە دەبوایە تەواوی وزە و توانایی دەسەڵات بەو ئاقارەدا بڕوا کە ئەم برین و خەسارانە سارێژ بکاتەوە و ئێمە ئەم بەشە لە خەڵکەکەمان بۆ ژیان کردن بانگهێشت بکردایە و بارودۆخمان بۆ ژیان و خوێندنی خەڵکی کورد ڕەخساندبا و لە بەرپرسایەتییەکاندا بەشدارمان کردبان. بەهەرحاڵ پێم وایە ئێمە کە لایەنگری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بووین یان هەین سەبارەت بەم بابەتە هەست بە شەرمێکی گەورە دەکەین و بە گوتنی ئەم شەرمە دەبێ دەستەوداوێنی خەڵک بین و داوای لێبوردنیان لێ بکەین.

بۆ نابێ لە سەقز و بانە کارگە و کارخانە هەبێ بۆ نموونە ئەمن ئەمڕۆ لە بانە دیتم لاوێکی کۆڵبەر بە زەبری گوللە کوژراوە و لە چۆلگەیەک فڕێدراوە. ئەگەر کارخانەیەک هەبوایە ئەم لاوە هەرگیز ملی لە کۆڵبەری نەدەنا. کاتێک دەچینە شارە گەورەکان [فارسنشین] دەبینین ناوچەگەلی زۆر بەرینیان بۆ شارۆچکەی پیشەسازی تەرخان کردووە بەڵام لە کوردستان شتی وا نیە. دابەشکردنی خەڵک بۆ هاووڵاتی پلە یەک، دوو و سێ زوڵمێکی گەورەیە. خەڵکی کورد لەبەر ئەو خۆشەویستییە زۆرەی کە نیشانیان داوە، زیانیان پێگەیشتوە، ئەم خەڵکە خەڵکێکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستین و بە هۆی ئەو سۆزە بەهێزەیە کە دەسەڵات هەمیشە کەڵکی خراپی لەو میهرەبانییەی ئەوان وەرگرتووە. ڕاست بێژانە، هۆشیارانە، دۆستانە و ئاقڵانە دەبێ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم خەڵکە بکرێ و ئەگەر ئەم خەڵکە متمانەیان بە کەسێک یان دامەزراوەیەک بوو و باوەڕیان پێکرد بێگومان لەپێناوی بیروباوەڕیاندا فیداکارییان کردووە. ئەمن نەهاتووم درزی نێوان ئەم ساڵانە پڕ بکەمەوە بەڵام دەڵێم ئێمە دەتوانین بەندییە سیاسییەکان لە هەر شوێنێک کە هەن ئازاد بکەین و هەنگاوی یەکەمی خۆشەویستی و دۆستایەتی هەڵگرین، هەر بەم هۆیەوە بە ئانقەست کوردستانم هەڵبژارد. دەمتوانی ئەم سەفەرە لە ناوچەکانی دیکەوە دەست پێبکەم، بەڵام لە پارێزگایەکەوە دەستم پێکرد کە ئێمە قورسترین مەسەلە ئەمنییەتییەکانمان لەسەر شانیان داناوە و کارێکمان کردوە ئەم خەڵکە هەرگیز باوەڕ بە دۆستایەتیی و هاوڕێیەتیمان نەکەن و هەمیشە بە گومانەوە لێمان بڕوانن.

**ئارەش لوڕستانی: بە سەرنجدان بەوە کە کوردستان ئەزموونی تاڵی حوزووری کەسانێکی وەک خەڵخاڵی هەیە، کاتێک کوردستان تەنیا شوێنێکە فەرمانی جیهاد بە دژی کوردەکانی تێدا دەردەچێ کە خەساری زۆری مرۆیی لێکەوتۆتەوە و بەپێی وتەی ئێوە و شایەتیی مێژووی نەتەوەی کورد زەبری زۆری وێکەوتووە، بەڵام بەم حاڵە کوردەکان هەمیشە ئاشتیخواز و دژی توندوتیژی بوون کەچی سەرەڕای ئەمەش ڕۆشنبیران و چالاکانی غەیرە کورد بە تایبەت ناوەندنشینان ڕوانینی ئەرێنیان سەبارەت بە کوردستان نەبووە و هەتا ئێستا دەرسیان لەو ئەزموونانە وەرنەگرتووە و کوردەکانیان بە دۆستی خۆیان نەزانیوە و ئەوانیان بە جیاییخواز و ناو و ناتۆرەی لەم چەشنە تۆمەتبار کردووە. بە بۆچوونی ئێوە هۆکارەکە چیە و ئێوە بۆ ئەو دۆستانەی کە بە دڵسۆزییەوە کار دەکەن بەڵام لەوانەیە میتۆدی کارەکەیان هەڵە بێ، چ پەیامێکتان هەیە؟**

**محەممەد نوریزاد:** دەبێ ڕاستییەکان لەبەرچاو بگیرێن، خەڵکی کورد لە وڵاتی ئێمە ڕەنج و ناڕەحەتیی تایبەت بە خۆیان تاقی کردۆتەوە بۆ نموونە ئەمڕۆ قسەم لەگەڵا پیاوێکی شەریف دەرچووی زانستگە دەکرد کە لە ئیدارەکەی شوێنی کاری دەرکرابوو. دەیگوت سەرەڕای ئەو گرفتانە ئەگەر بیانهەوێ لە ئێرانمان جیا بکەنەوە قبووڵی ناکەین و خۆمان بە ئێرانی دەزانین. لاوانی ڕادیکاڵ و کەسانێک هەن کە خوازیاری جیابوونەوەن و ئەم ڕاستییە بوونی هەیە، بەڵام بەشێکی زۆر خۆیان بە ئێرانی دەزانن و هەر نابێ قسە لەم مەسەلانە بکرێ. بڕوای من ئەوەیە کە ئەگەر کوردستان بەو شێوەیەی کە هەیە، بڕوای پێبکەین کوردستانیش باوەڕ بە ئێمە دەکا. دڵسۆزانە دەڵێم لەو کاتەوە هاتوومەتە کوردستان خۆم بە کوردێک دەزانم و خەم وشادیی ئەم خەڵکە بە خەم و شادیی خۆم دەزانم. ئەم خەڵکە بە ئاسانی دەتوانن باوەڕمان پێبکەن ئەگەر ئێمە ڕەفتاری ڕاست لەخۆمان نیشان بدەین.

بەداخەوە ڕۆشنبیرانی ئێمە لە هەر دوو گرووپ، چ ئەوانەی قسە و باسی ڕادیکاڵیان خستۆتە بەردەمی خەڵک و بە نوێنەرایەتیی لە خەڵکی کورد خوازیاری جیابوونەوە و دابەشکردنی وڵاتن کە هەر لە بنەڕەتدا دروست نیە و چ ئەو سەرکۆنەکارانەی کە شێوازی ناراستیان دەرحەق بە خەڵکی کورد ڕەچاو کردووە، هەر دوو مەسەلەکە هەڵەن و ئێمە دەبێ لە واقعییەتی کوردستان و کێشەی کورد تێبگەین. خەڵکی کورد دەیانەوێ بە زمانی خۆیان دەرس بڵێنەوە و بخوێنن و فێر بن و ئەگەر ئێمە ڕێز بۆ ئەمە دابنێین، کارەسات ڕوو نادات یان بۆ نموونە دەیانەوێ بەرپرسەکانیان لەخۆیان بن یان کورد بتوانێ ببێتە سەرۆک کۆمار، وەزیر یان پارێزگار. ئەمە چ ئیرادێکی هەیە چونکە ئەوانە لە ماددە و پەسندکراوەکانی یاسای بنەڕەتین کە لەبەرچاو نەگیراون. بۆ نابێ کوردێک لە باڵاترین پۆست و پێگەکانی وڵاتدا بەشدار بێ؟ ئەم ڕەشبینیە دەبێتە هۆی ئێمە خەڵک وەک هاووڵاتی پلە چەند لەبەرچاو بگرین و تووشی گرفتیان بکەین کە ئەمە خۆی دەبێتە هۆی تووڕەیی و ناڕەحەتی و لە ئاکامدا ئەم خەڵکە دەڵێن ئیمە چۆن باوەڕتان پێبکەین، کاتێک ئێمە لە هەموو ئەو دەرفەتانەی کە دەبێ هەبن، بێبەش دەکرێین؟ بۆ نموونە هەبوونی مزگەوت بۆ سوونەکان لە تاران بۆ دەبێ ببێتە هۆی تووڕە بوونی بەرپرسان؟ بۆ دەبێ حەشیمەتێکی زۆر کە لە تاران دەژین نابێ مزگەوتی خۆیان هەبێ. ئەم ڕوانینە نائەقڵانییە بۆتە هۆی ئەوەی کوردە خۆشەویستەکان ناڕەحەت و ڕەشبین بن و ئەمن بە کارەساتی دەزانم. لەگەڵ ئەوەیکە سەردەمێک لە کوردستاندا کوشت و کوشتار هەبووە بەڵام ئەگەر ڕاستگۆیانە هەڵسوکەوت بکەین ئەم خەڵکە بە گەورەیی خۆیان دەمانبوورن، چونکە ئەم خەڵکە دەیانەوێ بژین و قەرار نیە کورد بە چەک پێناسە بکرێ یان کورد هەمیشە چریک و چەک لەشان بێ. ئەو خەڵکە بەدوای ژیانەوەن و ئێمە بەشێکی زۆری ژیانمان خەوشدار کردوون. پێم وایە ئەگەر لەنێو ڕۆشنبیران و دەسەڵاتدارانمان تێگەیشتن هەبێ، بە ئاسانی دەتوانرێ ئەم ناڕەحەتی و بێمتمانەییانە وەلا بنرێن و بەرەو پێکەوەژیانی دروست و ئاشتیانە هەنگاو بنێین.

**ئارەش لوڕستانی: ئاغای نوریزاد ئەگەر سەیری حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دەرەوەی ئێران بکەین دەبینین تەنیا لایەنێکی سیاسی خوازیاری سەربەخۆیی کوردستان بووە و حیزبە سیاسییەکانی دیکە بە ئاشکرایی خۆیان بە بەشێک لە ئێران دەزانن و خوازیاری وەدیهاتنی مافە ڕەواکانی کوردن و دەیانەوێ خۆیان کاروبارەکانیان بەڕێوەبەرن و ئەگەر لە سەفەرەکەتان بۆ کوردستان سەرنجتان دابێتێ زۆرترین ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە کوردستانی ئێران چالاکیی دەکەن و کوردەکان بە شێوازی جۆراوجۆر پەیامی ئاشتی و دۆستایەتیی خۆیان ڕاگەیاندوە بەڵام نە سیستەمی کۆماری ئیسلامی ئەم ڕاستیە قبووڵ دەکا و نە ژمارەیەک لە چالاکە سیاسیی و مەدەنییەکانی ناوەندگەرا. بە سەرنجدان بەم قسانە داخوا ئێوە پرۆژە و بەرنامەیەکتان بۆ گرنگی دانی زیاتر بە نەتەوەکانی ئێران هەیە یان لە داوا لە چالاکە سیاسی ـ مەدەنییەکان دەکەن لەم پێناوەدا چالاکی بکەن؟**

**محەممەد نوریزاد:** ئەمن تەنیا باوەڕم بە خاڵێک هەیە و ئەویش ئەوەکە دەبێ هاووڵاتییەکانمان هەربیروباوەڕێکیان هەبێ بە کوردە شیعە و سوونەکان، مەسیحییەکان، بەهائییەکان و تەنانەت کومونیستەکان دەبێ قسە و داواکارییەکانیان بخەنەڕوو و نابێ جیاوازییان لەگەڵ شیعەکان هەبێ. ئێران وڵاتێکە کە تێیدا شیعە زۆرینەیە، بەڵام ئەم زۆرینەیە نابێ ئەوانی دیکە ڕەت بکاتەوە. ئێمە دەبێ لە پێناو گرنگیدان بە داخوازییەکانیان هەنگاو هەڵبگرین و تا کاتێک کە مافەکانی هاووڵاتیبوونی خەڵکی خۆمان بە فەرمی نەناسین هەڵسوکەوتمان زاڵمانە دەبێ. کاتێک ڕێگە بە کوردە سوونەکان نەدەین لە تاران مزگەوتێکیان هەبێ یان لە پۆستە باڵاکاندا چالاکی بکەن یان زۆر بابەتی دیکە، کەواتە حاشامان لە بەشێک لە شوناس و هەویەتی ئەوان کردووە. پێم وایە ئەگەر ئێمە خوازیاری داهاتوویەکی باش بۆ وڵاتەکەمانین چارەیەک نیە و ڕێگەی ڕاست ئەوەیە، دەبێ قبوول بکەین خەڵک بەهەر ئاراستەیەکی فکری یان هەر شوناسێک کە هەیانە، لەباری مافی شارۆمەندییەوە وەکیەک چاو لێبکرێن و یاساش لەسەریان بەیەکسانی پیادە بکرێ. دابەشکردنی خەڵک بۆ خودی و غەیرەخودی و لێک هەڵاواردنیان زۆر هەڵەیە. دابەشکردنی خەڵک بۆ هاووڵاتی پلە یەک و پلە چەند ناڕاست و تابڵێی هەڵە و کارەساتبارە. خەڵکی کورد شتێکی جیا لە مافی خۆیان ناوێ. بۆ نموونە کاتێک بە زەبری زۆر کەسێک ناچار بە لەبەرچاوگرتنی باڵاپۆش بکەین، پێمان خستۆتە نێو ژیانی تایبەتی ئەو کەسەوە. ئەمن پێم وایە تا کاتێک شتێک بە ناوی ڕەنج و ڕەنجاندن لە دڵی خەڵکدا بچێنین نابێ چاوەڕوانی بزە و ڕەزامەندییمان لێیان هەبێ. بە ئاسانی دەکرێ دڵیان بدەینەوە و ڕابردووی تاڵ و خوێناوی تیمار بکەین تەنیا بە مەرجێک، بە مەرجی ئەوەی نیشان بدەین لەبڕیاری نوێدا ڕاست دەکەین و تا کاتێک ئەم ڕاستی و ڕاستگۆییە نیشان نەدەین هۆکارێک نیە کە بڕوامان پێبکەن.

**ئارەش لوڕستانی: بە سەرنجدان بەوەیکە ئاماژەتان پێکرد کە سەردانی پارێزگاری کوردستانتان کردووە لەحاڵێکدا دەبینین چەند بەشێک لە ئازەربایجان ناوچەی کوردنشینن، ناوچەکانی کرماشان، ئیلام کوردن و تەنانەت بەپێی بەڵگە مێژووییەکان هێندێک بەش و ناوچەی لوڕستان خۆیان بە کورد دەزانن، بۆئێوە تەنیا کەڵک لە ناوی پارێزگای کوردستان وەردەگرن و داخوا بەرنامەتان بۆ سەفەر بۆ کرماشان، ئیلام و لوڕستان هەیە؟**

**محەممەد نوریزاد:** ئەمن کاتێک وشەی کوردستان بەکار دێنم مەبەستم هەموو ئەو شوێنانەیە کە خەڵکی خۆشەویستی کورد تێیدا ژیان بەسەر دەبەن و مەبەستم تەنیا پارێزگای کوردستان نیە و کوردستان بە واتای هەموو ناوچە کوردنشینەکانە و بەرنامەم هەیە بچمە ئازەربایجان و لە گەڕانەوەدا سەردانی کرماشان و ئیلام دەکەم و هەر لە بنەڕەتدا وا نیە کە لە کوردستان ڕاوەستم. منیش وەک زۆر لە هاووڵاتیانی کورد تووشی زیان بوون و وەک کەسێک کە لەگەڵ بنەماڵەکەی ئیزنی چوونەدەرەوەی نیە و ڕێگەی چالاکیی پێنادرێ، وەک کەسێکی بریندار و زیان دیتوو هاتووم بڵێم بریندارەکانیش توانای لێبوردنیان هەیە و بریندارەکانیش دەتوانن دەست بدەنە دەست یەکتر و بڵێن ئەوە ئێمەین کە دەبێ لە ئێوە ببورین و ئەوە ئێوەن دەبێ داوای لێبوردنمان لێ بکەن. ئەمن وەک کەسێکی زیان پێگەیشتوو تا ئەو جێگەیەی لەتوانام دابێ بێ ئەوەی نیازی وروژاندنی خەڵکم هەبێ، بە تەنیا و لە ڕێگەی ئۆتوبووسەوە وەڕێ کەوتووم و هیچ کەسم لەگەڵ نەهاتووە و خۆم ڕێگەم نەداوە کەسم لەگەڵ بێ و بەنیازم سەردانی هەموو ناوچە کوردنشینەکان بکەم.

**ئارەش لوڕستانی: ئاغای نوریزاد وەک دوایین پرسیار کاتێک ئێوە سەردانی دایکی ئاغای عەدنانی حەسەنپوورتان کرد، کاتێک چوونە ماڵی ئاغای موفتیزادە، کاتێک کۆڵبەرەکانتان دیتن و کاتێک**



ناوچاوانت ماچ دەکەم تاکوو لەمن ببووری!

**خوێندکارە نەترس و بوێرەکانی وڵات سەلماندوویانە قەت لە بەرانبەر دامودەزگاکانی ڕێژیمی دەسەڵاتدارو زاڵمدا پاشەکشە ناکەن. ئەگەرچی هێندێکیان گیراون و لە قوژبنی گرتووخانان پەستاوتراون، بەڵام هێندێکان هەر ماون کە وتە نەوتراوەکانی گیراوەکان بە دەنگی بەرز بڵێنەوە.**

فەرزانە کەیوانی

**بە هۆی ئەوەی هەر لە سەرەتاوە خەڵکی ئێران لە پرۆسەی دروستکردن و پەرەپێدانی دامودەزگای ئەتۆمی بێ ئاگا بوون، هەوڵدانی کۆنەپارێزان بۆ تێگەیاندنی خەڵک لە ناسەرکەوتوویی ڕێکەوتنی ژنێڤ، تەنانەت ئەگەر دۆراندنێکی مێژووییش بێ، هەوڵدانێکی بێ سوودە.**

ڕێبوار مەعروفزادە

# بەبۆنەی ١٦ای سەرماوەزو رابوونی خوێندکار



فەرزانە کەیوانی– نۆرویژ
وەرگێڕان بۆ کوردی تەها ڕەحیمی

لە کاتێکدا بەرەو ڕۆژی خوێندکار دەچین کە هێشتاش جەللادو دوژمنە سەرەڕۆ حاکمەکان، دەست لە زوڵمو زۆری و گوشاری دوو بەرانبەر بۆ سەر کۆمەڵگە هەڵناگرن‌و ئاماری وەحشیانەی ئێعدام و پەڕاوێزی بە بێ ئەملاو ئەولای جیا بیران درێژەی هەیە.

زانکۆ ئەم ناوەندی زانستە، لە قۆناغی جۆراوجۆری مێژوو و هەلومەرجی جیاوازی وڵاتدا هیچ کات پاشەکشەی نەکردوەو هەوڵی داوە زایەڵەی دەنگی ئازادیخوازانەی خەڵک بێ کە بۆ گەیشتن بە یەکسانی‌و دێموکراسی گیان‌و ماڵیان داناوە. هێرشی مێگەلیانەی بەکرێگیراوانی حکوومەت چ لە سەردەمی پاشایەتی‌و چ لە ڕێژیمی ویلایەتی فەقیەدا شایەدی ئەم ئیعدیایە. مەبەست لە هێرشی بەکرێگیراوانی حکوومەت لە ١٨ی پووشپەڕ بۆ سەر (کو) زانکۆو ڕووخاندنی (کوی) زانکۆو لێدان‌و کوتانی خوێندکاران‌و کوشتنی چەند خوێندکار، کپ کردنی دەنگی خوێندکاران بوو. لە بزووتنەوەی ساڵی ٨٨دا بەر لەوەی بەکرێگیراوان بە شەقامان وەربن، سەرەتا خوێنی خوێندکارانی زانکۆیان ڕشت‌و خوێندکارانیان کوتا و شوێنی ژیان و حاوانەوەیان، بەڕێوەبردنی دادگایی چەند خولەکی، لێنەپرسینەوە لە خوێندکارانی دەسبەسەرو .... هەمووی بە ئامانجی کپ کردنی دەنگی ئازادیخوازانەی خوێندکاران بووە. ئەم مێژووە لە بیر ناچێ. بەڵام خوێندکارە نەترس‌و بوێرەکانی وڵات سەلماندوویانە قەت لە بەرانبەر دامودەزگاکانی ڕێژیمی دەسەڵاتدارو زاڵمدا پاشەکشە ناکەن. ئەگەرچی هێندێکیان گیراون‌و لە قوژبنی گرتووخانان پەستاوتراون، بەڵام هێندێکان هەر ماون کە وتە نەوتراوەکانی گیراوەکان بە دەنگی بەرز بڵێنەوە. مەجید تەوەکولی، ئەشکان زەهابیان، ئومید کەواکبی... دەگیرێن و ڕێژیم پێی وایە هەموو شتێکی جێبەجێ کردوە. بەڵام وا نییە. زانکۆ بێدەنگ نابێ و دیسانیش خوێندکارەکان وەک پۆلووی ژێر خوراوە و ئێستاش بە هۆی گوشارە نێو دەوڵەتییەکانە دیکتاتۆران سەریان داخستووە و بزەی درۆیینیان خستۆتە سەر لێو. خوێندکار، خوێندکاری ئازارچێشتووی ئەم ساڵانە، دیسان ڕادەپەڕێ و دەگەڵ خەڵکەکە داوای مافە خوراوەکەی دەکاتەوە و رازی بەو لەتکە نانە نابێ کە بۆ تێرکردنی سکی برسیی، ئامادە نیە دەست لە بیرو ئەندیشەکەی هەڵگرێ. چونکی دەزانێ سک بە پارەوە نانێک




خۆڵەمێشەوەدەگەشێنەوەو بە ئاڵای زانست و تێگەیشتنەوە دەبنەوە پێشەنگی هاواری ئازادیخوازانەی خەڵک. هاواری «نەمان بۆ خامەنەیی» و « نەمان بۆ ئەسڵی ویلایەتی فقیە« لە زانکۆکان دەنگ دەداتەوە. خویندکار خۆڕاگرە و سوورە لە سەرمافی و خۆی و خەڵکەکەی. خویندکار ویژدانی بەخەبەرو وشیاری کۆمەڵگەیە، لە پشت خەڵکەکەیەتی و بۆ سەتاندنی مافە پێشێل کراویان خەبات دەکا. ئەو خەڵکە دەزانن ساڵانێکە مافیان تیر دەبێ بە لام هزرو ئەندێشە کوا وەک سک کە بە لەتکە نانێک رازی دەبێ، رازییە.

هەتا زانکۆ هەیە و لاوانی وڵات تامەزرۆی زانست و خوێندنن؛ خەیاڵی دز و چەتە و سەرکوتکەرانی دژی ئازادی و کۆنەپەرست خاوە. ئەوە خوێندکارو زانکۆیە کە بە زانست و تێگەیشتن توورەکەی فیڵبازان و ئەو خەڵک هەڵخەڵێتەرانەی دەیانەوێ بە پیلانی دەستگرەوە و جندۆکە گرتن پەرە بە خورافات بدەن، تووڕ هەڵدەدەن. لە چاڵی جەمکەران جگە لە خۆڕافات‌و خەیاڵی کۆنەپەرەستی‌و بێ کەڵک هیچی دیکە نایەتەدەر. خوێندکار دەزانێ ئەو کاتە کەشی زانکۆ ئەکتیڤە کە رەوت‌و لایەنی جیاواز‌و بیرڕاو بۆچوون‌و ئایینی جیاواز ئامادەییان تێیدا هەبێ‌و بتوانن لەگەڵ یەکتردا تەعامول بکەن. ئاپارتایدی پەروەردەیی دەبێ کۆتایی پێ بێ. بەهاییەکانی ئێران ساڵانێکە ئەم هەڵاواردنە دەکێشن ئەویش تەنیا بەهۆی بیروبۆچوونی تەسک و چاوچنووکانەی ویلایەتی فەقیە کە، دزو ڕێگرانی میلیاردی بەهێز کردوەو لە هەر شوینێک بەرژەوەندی و قازانجی بۆی نەبوو، لە سایەی دەسەڵاتی بێ سنوورو سامانی ئەم وڵاتەدا فتوای کپ کردن دەدا. ئەوان لەم چاڵانەدا حەزو ئارەزووی ئازادیخوازانەی ئەم خەڵکەیان ناشتوە، هەتا مەیدانی نەزانی خۆڕافاتی خۆیان بەرین بکەنەوە. لە خۆڕا نیە زانکۆو خوێندکار لە خوێن دەگەوزێن‌و جادەی جەمکەران‌و لە پێناو خۆڕافاتی کۆنەپەرەستانەی خۆیان چراخان‌و قیر دەکەن.

لە ساڵڕۆژی ١٦ی سەرماوەزدا ڕێز لەو خوێندکارە ئازاو چاونەترسانە دەگرین کە بوێرانە لە بەرانبەر زوڵمی دەسەڵاتداراندا سەریان دانەنواندو سینگیان کرد بە قەڵغان. شەهیدان (شریعەت رضوی، مصطفی بزوگنیاو احمد قندچی تا مصطفی غنیان، ندا آقا سلطان‌و کیانووش‌آسا) هەمیشە یادو بیرەوەریان لە لای هەمووان زیندووە. بە یادی خوێندکارە زیندانییەکان، هەموورۆژێ دەنگی نارەزایەتیی خۆمان لە پێناو ڕووخانی زیندان‌و ئەو ڕێژیمە زیندان سازو دژە ئازادییە زیاترهەڵدەبرین. (مصطفی غنیان، ندا آقا سلطان‌و کیانووش‌آسا)هەمیشە لە یادو بیرەوەریماندا زیندوون. بە یادی خوێندکارە زیندانییەکان هەموو ڕۆژێ زیاتر دەنگی نارەزایەتی خۆمان لە پێناو ڕووخاندنی گرتووخانەو ئەو ڕێژیمە زیندانسازو دژە ئازادییە کە ئازادیخوازان دەگرێ‌و داری سێدارە دەچەقێنێ، بەرز دەکەینەوە.

# ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ژنێڤ



ڕێبوار مەعروفزادە

لە ڕێکەوتی ٢٤ نوامبەری ئەمساڵدا کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ شەش وڵاتی زلهێزی جیهان لەمەر بەرنامەی ئەتۆمییەکەی ڕێکەوتنێکی لە ژنێڤ واژۆ کرد. ئەو ڕێکەوتنە ڕێکەوتنێکی مێژووییە لەبەر ئەوەی لە ماوەی زیاتر لە ٣٤ ساڵ تەمەنی دیپلۆماسی کۆماری ئیسلامی‌دا دانیشتن و نزیکییەکی لەو ئاستەدا لە نێوان ئێران‌و ڕۆژئاوا، بە تایبەتی لە نێوان ئێران و ئەمریکا پێک نەهاتوە. لەمەڕ ڕێکەوتنی ئەتۆمی ژنێڤ دوو ڕوانین هەیە کە لە دوو بەرژەوەندیی جیاواز سەرچاوە دەگرن. ڕوانینی یەکەم کە خودی ڕێژیمیش پڕوپاگەندای بۆ دەکا ئەوەیە کە ئەو ڕێکەوتنە بڕیارنامەکانی شووڕای تەناهی نەتەوە یەکگرتووەکانی پووچەڵ کردۆتەوە و مافی پیتاندنی ئۆرانیۆمی ئێرانیشی مسۆگەر کردوە. ڕوانینی دووهەم کە لە نێو ئۆپۆزیسیۆن‌دا زیاتر بەرجەستەیە، ئەو ڕێکەوتنە بە پاشەکشەی کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتەکانی پێشووی خۆی و چۆکدان لەبەرامبەر ڕۆژئاوادا لێکدەداتەوە. دیارە هەر دووک لەو ڕوانگەیە سەرەرای جیاوازییان هیچ لەو ڕاستییە کەم ناکەنەوە کە لە نێو دیپلۆماسی کۆماری ئیسلامی‌دا، ڕێکەوتنی ژنێڤ ڕێکەوتنێکی کاریگەر و مێژووییە. تێرامان لەسەر ڕێکەوتنی ئەتۆمی ژنێڤ لەو ڕوانگەوە کە لانیکەم زیاتر لە یەک دەیەیە کە کێشەی ئەتۆمی ئێران کێشەیەکی هەستیاری ڕۆژهەڵاتی نێوەراستە پڕبایەخە. تێگەیشتن لە ڕەهەندە نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانییەکانی ئەو ڕێکەوتنە یارمەتی دەدا ئاسۆی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێران باشتر وێنا بکەین.

## ڕەهەندی نێوخۆیی ڕێکەوتنی ژنێڤ

بە هۆی ئەوەی هەر لە سەرەتاوە خەڵکی ئێران لە پرۆسەی دروستکردن و پەرەپێدانی دامودەزگای ئەتۆمی بێ ئاگا بوون، هەوڵدانی کۆنەپارێزان بۆ تێگەیاندنی خەڵک لە ناسەرکەوتوویی ڕێکەوتنی ژنێڤ، تەنانەت ئەگەر دۆراندنێکی مێژووییش بێ، هەوڵدانێکی بێ سوودە. هەر بۆیە ئەوان تاکە کارێک کە دەتوانن جارێ بیکەن، ئەوەیە چاوەڕوان بکەن و تا ئەو شوێنەش کە مەجاڵ هەیە لە بەڕێوەچوونی ئەو ڕێکەوتنە لەو شەش مانگەدا گرفت دروست بکەن و هەوڵی بەلارێدا بردن‌و تێکشکانی ڕیفۆرمخوازان بدەن. خەڵکی ئێران بەو ئەقڵانییەتەوە کە خەسار لە هەر کاتوساتێکدا پێشی بگیرێ هەر باشە، ڕێکەوتنی ژنێڤ بە باش دەزانن و بەو پێیە هێزی جەماوەری ڕیفۆرمخوازان زیاتر بووە و دەوڵەتی ڕووحانی هەنگاوێکی گەورەی بەرەوە قۆرخکردنی دەزگای بەڕێوەبەری لە هەڵبژاردنی داهاتوو هەڵگرتووە.

ئەگەر ستراتژیکتر بڕوانینە ڕێکەوتنی ژنێڤ، پێویستە وڵامی ئەو پرسیارە بدەینە کە ئاخۆ پێناسەی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامییەک کە لەمەوبەدوا ئەگەر دوستی ئەمریکا نەبێ دوژمنیشی نییە چۆن دەکرێ؟ ئەو پرسیارە وەک پرسیارێکی دژوار دێتەبەرچاو، بەڵام بیرکردنەوە لەوەی کە «ئەمریکای دوژمنی کۆماری ئیسلامی» لە ڕابردوودا چە پێوەندییەکی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن هەبوو تا بەو ڕێکەوتنە ئەو پێوەندییە تێک بچێ؟ وڵامدانەوە بە پرسیاری یەکەمیش ئاسان دەکاتەوە.

## کاریگەری ڕێکەوتنی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست

لە نێو وڵاتانی ناوچەدا ئیسرائیل هەر لە سەرەتاوە بە ئاشکرا دژایەتی ڕێکەوتنی ئێران‌و ڕۆژئاوای کرد، بەڵام وڵاتانی عەرەبی بە تایبەتی عەرەبستان بە شێوەی نافەرمی نیگەرانی و نارەزایەتی خۆی نیشان داوە. بۆ ئیسرائیل بوونی وڵاتێکی دیکتاتۆری وەک ئێران کە بەردەوام لە ئاستی ناوچە و جیهان‌دا کێشەی دروست کردوە، ئەو قازانجەی هەبووە کە گوشاری بیروڕای عەرەبی، ناوچەیی و جیهانی لەمەر کێشەی ئیسرائیل-فەلەستین کەم کردۆتەوە. هەروەها نزیکایەتی ئێران و ئەمریکا لەڕادەی گرینگی هاوپەیمانەتی و دوستایەتی ئەمریکا-ئیسرائیل کەم دەکاتەوە. لە ڕوانگەی عەرەبستانیش دوستایەتی ئێرانێکی شیعە کە حەشیمەتی زۆر زیاتری هەیە لەگەڵ ڕۆژئاوا، لە بایەخی عەرەبستان لە ناوچە کەم دەکاتەوە. هەروەها دوورەدیمەنی ئێرانێک کە لە توانایەکی زانستی تەنانەت ڕێگەپێدروای ئەتۆمی بەهرەمەند بێ، ئەمنییەتی سیاسی عەرەبستان و بەرەی سوننی کەم دەکاتەوە.

سەفەرەکانی ئەم دواییەی جەوادی زەریف بۆ کوەیت، عەمان و قەتەر هەر لە ئاراستەی ڕەواندنەوەی ترسی وڵاتانی عەرەبی لە ڕێکەوتنی ژنێڤ و تاڕادەیەکیش بۆ گەیاندنی پەیامی توانایی سیاسی ئێران بەو وڵاتانە ئەنجامی گرت. وڵاتی براوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست لە ڕێکەوتنی ئەتۆمی ژنێڤ، تورکیەیە چونکە نە ئەو بنەما نەگۆڕەی سوننی بوونی لە سیاسەتی خۆی‌دا هەیە و نە دوژمنایەتییەکی بنەڕەتیشی لەگەڵ وڵاتانی جیران هەیە. ئەو وڵاتە بە شوێن بازاری باشترە و هەوڵیش دەدا لە بووژانەوەی ئابووری ئێران بەشداری بکا.

## ڕەهەندی جیهانی ڕێکەوتنی ئەتۆمی ژنێڤ

ئەگەر ڕێکەوتنی ئەتۆمی ژنێڤ بە باشی بەڕێوە بچێ، چین و ڕووسیە دەبێ چاوەڕوانی خەسارگەلێکی میلیاردی بن. ڕووسیە بە وەئەستۆ گرتنی پرۆژەی دروستکردنی نیروگا ئەتۆمییەکانی ئێران لە باری ئابووری و سیاسی قازانجێکی زۆری کردوە. ڕووسیە زۆربەی کات پرۆژەکانی بە سەقەتی و نیوەچڵی بەڕێوە بردوە و چۆنکە ئێرانیش هیچ ئالتێرناتیوێکی نەبووە بە لانیکەمی کاری ئەوانیش ڕازی بووە. ڕێکەوتنی ئەتۆمی ژنێڤ پێش بە بەردەوامی بەشێک لەو دامودەزگا ئەتۆمییانە دەگرێ و ئەوەندەشی کە ئێران پێویستی هەبێ لە لایەن وڵاتانی ئوروپایی دابین دەکرێ. وڵاتی چینیش کە لە گەمارۆی ڕۆژئاوا بۆ سەر سەنعەتی پترۆشیمی و گازی ئێران بەهرەمەند بووە، بێگومان لە دۆخی تازەدا کە گەمارۆی سەر هەناردەکردنی بەرهەمی پترۆشیمی ئێران لاچووە و ڕێگە بۆ هاتنەمەیدانی کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان خۆش دەبێ، دۆڕاوی ئەو ڕێکەوتنەیە.

ڕێکەوتنی ئەتۆمی ژنێڤ بۆ ئەمریکا و بە تایبەتی بۆ دێموکراتەکانی ئەمریکا گرینگییەکی تایبەتی هەیە. ئەوان لە ئێستادا لە نێو بیروڕای نێوخۆیی ئەمریکا ئەو ڕێکەوتنە وەک سەرکەوتنی ئیدارەی ئوباما چاولێدەکەن. دیارە ئەو ڕێکەوتنە لە درێژخایەن‌دا دەتوانێ گۆڕانێکی قووڵ لە دیپلۆماسی ئەمریکادا دروست بکا.

کۆماری ئیسلامی ئێران کاتی خۆی پردێک بوو لە نێوان دنیای سۆڤییەت و دنیای سەرمایەداری، بەڵام لە دوای ڕووخانی یەکیەتیی سوڤییەت ئەو پردە نەڕووخا. هەرچەند لە ئێستا دا ئەمریکا براوەی ئەو ڕێکەوتنەیە بەڵام لە درێژخایەن‌دا ڕەنگە هەر ئەو پردە کۆنە ڕێگای گواستنەوەی هێژمۆنی ئەمریکا بۆ ئاستێک خوارتری جیهانی خۆش بکا. بۆ ئەمریکا ڕاگرتنی فاکتەری دەستپێشخەری و باڵادەستی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی‌دا بە بێ بەکارهێنانی هێزی نیزامی کارێکی ئەستەمە.

## سەرکەوتن یان دۆڕان لە ڕێکەوتنی ئەتۆمی ژنێڤ

دیکتاتۆرەکانیش دەزانن کە دواجار خەڵک سەرچاوەی سەرەکی هێزن تەنانەت ئەگەر بە کردەوە پێچەوانەی ئەو بابەتە نیشان بدەن. بیرۆڕای گشتی جیهان لە دوای ڕێکەوتنی ژنێڤ وەک وڵاتێکی بێ بایەخ ناروانێتە ئێران و وێنەی ئێستای کۆماری ئیسلامی لە نیو میدیای جیهانی‌دا باشتر بووە. لە ئاستی نێوخۆییش‌دا خەڵکێک کە دەنگ و ڕوانینی جیاوازیان هەیە ئەگەری لاچوونی گەمارۆکان تەنانەت بە بێ ئەوەی ئێران یەک نیروگای ئەتۆمیشی هەبێ بە باش دەزانن. نیشانەکانی ئەو بابەتەش کە ئاخۆ ئەو ڕێکەوتنە ڕەوشی نێوخۆیی ئێران دەکاتەوە، لە مانگەکانی داهاتوودا زیاتر دەردەکەوێ.

دریژەی:

## وتووێژی کوردکاناڵ لەگەڵ محەممەد نووریزاد

**کە چوویە گۆڕستانی سنە، چ شتێک بۆ ئێوە زەق و بەرچاوتر بوو و پێتان وابوو ئەگەر دۆستانی دیکە جارێک سەردانی کوردستان بکەن و کەسانی داخ دیتوو و ڕاستیەکانی کوردستان لە نزیکەوە ببینن چ خاڵگەلێکی ئەرێنی و باشی بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی ئاشتی و دۆستایەتی دەبێ؟**

**محەممەد نوریزاد:** دڵسۆزانە دەڵێم ئەمن هەست دەکەم بەرژەوەندییان لە پێکهێنانی ناکۆکی و ڕاپۆرت دانەوەی هەڵە بە ناوەندە، لە کێشانەوە دوورەدیمەنی ترسناک لە کوردستان بۆ ناوەندنشینان و دەسەڵاتدارانە و لەم ڕێگەوە خەریکی کار و کاسبین مانەوەیان لەو کارانەدایە. ئەمن کاتێک سەیری سیمای دایکی عەدنانی حەسەنپوورم کرد هەستم دەکرد دایکی منیشە و دڵنیام یەک بە یەکی بەرپرسان کاتێک ڕوخساری ئەم دایکانە و ئەو بنەماڵانە ببینن، زەڕڕەیەک باوەڕ ناکەن ئەوانە بە نیازی ڕووخاندنی حکوومەت بن یان بە مەبەستیان کوشتنی خەڵک بێ، هەرگیز شتی وا نیە. بۆ نموونە ڕۆژنامەنووسێک دەگرن و تۆمەتی دژە شۆڕشی دەدەنە پاڵ و دانپێدانانی بێ‌جێی لێ وەردەگرن، ئەم شێوازانە بە باشی دەزانین و تەنیا لەبەر ئەوە ئەم کارانە دەکەن کە سیما و وێنەیەکی مەترسیدار بکێشنەوە. من و ئێوە وەک ئێرانی قبوڵمانە کە هیچکەس ناتوانێ ئارامیی و ئاسوودەیی خەوشدار بکا و لە هیچ شوێنێک ئەمە شیاوی قبووڵکردن نیە. کاتێک لاوێک بە هۆی ناڕەزایەتی دەسبەسەر دەکرێ و لەبەر نووسراوێک یان چەند قسەیەک بەزۆری دانپێدانانی سەیر و ناڕاستی لێ وەردەگرن و زیندانیی درێژخایەنی بۆ دەبڕنەوە، ئەوە نامەردییە. ئەم مەسەلەیە لە تاران، خوراسان و ناوچە جیاجیاکانی ئێران بە شێوازی جۆراوجۆر سازماندەیی دەکرێ بەڵام لە کوردستان لە هەموو شوێنێک مەترسیدارتر و ترستاکترە. هەر بۆیە دەڵێم ئەگەر بەرپرسان و نوێنەرەکانمان تەکانێکیان بە تێگەیشتنیان دەدا جووڵەیەکیان بە غیرەت و پیاوەتییان بدایە، سنوورێکیان لەبەینی ئاژەڵابوون و مرۆڤبوونی خۆیان دانابایە و سەردانی کوردستانیان کردبا، دەیانزانی کوردستان لانکەی ژیانە نەک بێشکەی ترس و تۆقاندن و تیرۆر. بۆ نابێ ئەم وڵاتە لیپاولیپ لە ژیان و خۆشی و شادی بێ؟ بۆ نابێ ئەم خەڵکە چێژ لە ئێرانی بوون ببەن و بە شەوقەوە بەرەو داهاتوویەکی باش بچن. ئێمە کاتێک خەڵکێک لە ژاکان و خەمۆکی‌دا دەخنکێنین کەواتە نابێ چاوەڕوانی مۆعجیزە بکەین. بەم هۆیەوە ئەمن بە پلەی یەکەم دووسەد و نەوەد نوێنەرەکەی مەجلیس کە وەک مەڕ لەسەر کورسییەکانی مەجلیس دانیشتوون بە خەتابار دەزانم، چونکە دەیانتوانی پێش بە کردەوەکانی دەزگا ئەمنییەتییەکان بگرن. بەڵام بە هۆی ئەوەی ترسنۆکن و پەروەندەیان هەیە هیچ کارێک ناکەن. ئەگەر دامودەزگاکانی یاسادانانی دروستمان هەبوایە، ئەم چەشنە ڕووداوانە نەدەهاتنەپێش. ئێمە جیاوازیی و هەڵاواردنی زۆر لەنێوان ناوەندنشینان و ناوچە سنوورییەکان دادەنێین و تەنیا هۆکاریشی ئەو دزییانەیە کە ڕێگە نادەن ناوچە سنووری و غەیرە ناوەندنشینەکان ئاوەدان بکرێن. کاتێک بە میلیارد پووڵ بە خەڵکی سووریە، ئەفغانستان و حیزبوڵڵا دەدەین یان لەڕێگەی پرۆژەی نادروستی ناوکی‌دا بەکاری دێنین، خەڵکی ناوچە سنوورییەکان دەبێ بە ناچاری کۆڵبەری بکەن و پێی ڕۆڵەکانیان بە مین لێ ببێتەوە و لە بارودۆخێکی دژواردا ژیان بەسەر بەرن و لەگەڵ ئەوەشدا چاوەڕوان بین ئەم خەڵکە سپاسمان بکەن.

**ئارەش لوڕستانی:** ئاغای نوریزاد سپاستان دەکەم و بە هیوای ئەوەکە هەموو نەتەوەکانی ئێران و تەواوی چالاکە سیاسیی و مەدەنییەکان، دەستی دۆستایەتی کە لەلایەن کوردەوە درێژ کراوە ببینن و ئەم دەستە بە توندی بگوشن. بە ئاواتی دۆستایەتیی.

**نووریزاد:** سەرکەوتوو بن.

بوونی نەهادی ڕێبەری ڕێگەی لە هەموو جۆرە چاکسازییەکی بنەڕەتی بەستوە و، سیاسەتە پاوانخوازانەکانی ڕێبەر، ئێرانی لەگەڵ کێشە و گرفتی بنەڕەتی بەرەوڕوو کردوە و تاوتوێی ڕابردووی ڕێژیمی ئێران بۆمان دەردەخا کە ڕێبەرانی ئێران تەنیا کاتێک هەست بە مەترسیی جیددی بکەن ئامادەی گۆڕینی سیاسەتەکانیان دەبن و لەژێر گوشاردا بوونی خەڵک هیچ گرنگییەکی بۆ ئەوان نیە.

هەموو هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ دامەزراندنی پێوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ عەرەبستان کاتی و ڕواڵەتی دەبێ، چونکە عەرەبستان بەرەبەرە بە کەڵک وەرگرتن لە پڕشتی سیاسی و توانا ئابوورییەکانی، ئێران دەخاتە پەراوێزەوە.

# بەراوردی عەرەبستان و ئێران و تاوتوێی پێوەندییەکانی داهاتوو



موختار نەقشبەندی

وەرگێڕان بۆ کوردی:
مەسعوود ڕەواندوست

وتەکانی بەرپرسانی ئێران و عەرەبستان بە هۆی پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران و شەڕی نێوخۆیی سووریە، بە بەراورد لەگەڵ پێشوو لەحنێکی توندتری بەخۆوەگرتوە، تەنانەت دوای کۆبوونەوەکانی ژێنێڤو ڕێککەوتنی کاتی و ٦ مانگەی ئەندامانی هەمیشەیی شووڕای ئەمنییەتو ئاڵمان لەگەڵ ئێرانیش هیچ گۆڕانێک لە هەڵسوکەوتو وتەکانی بەرپرسانی عەرەبستاندا بەرامبەر بە ئێران بەدی ناکرێ. عەرەبستان بە شێوەیەکی موحتاتانە پشتیوانیی لە ڕێککەوتنی ژێنێڤ کردو بە ڕێگەچارەی یەکجارەکیی نەزانیو، شازادە وەلید بین تەلال بین عەبدولعەزیز، میلیاردێری سعوودیو یەکێک لە سیما بە بڕشتەکانی جیهانی عەرەب، نیگەرانیی خۆی لە وتووێژەکانی ژێنێڤ دەربڕیو ڕایگەیاند مەترسیی ئێران لە ئیسرائیل زیاترە.

ئێستا ئەم پرسیارە دێتەگۆڕێ کە عەرەبستانو ئێران دەتوانن لەسەر بنەمای سیاسەتی «برد ـ برد» پێوەندییان هەبێ؟ یان نەبوونی بەرژەوەندی هاوبەشو ترسو نیگەرانییان لێکتر بەرەوە پێوەندییەکی دوژمنانەیان هان دەدا؟

بە چاوخشاندن بە پێوەندییەکانی چەند دەیەی ڕابردووی ئەم دوو وڵاتە بۆمان دەردەکەوێ پێوەندیی ئێرانو عەرەبستان هیچکات لە ئاستێکی دڵخوازدا نەبووەو ریشەی ناکۆکییەکانی ئەم دوو وڵاتە ئیدئۆلۆژیکو ژێئۆپۆلێتیکە. ڕێبەرانی هەر دوو وڵات هەوڵ دەدەن ڕێبەرایەتیی ناوچەو جیهانیی ئیسلام بە دەستەوە بگرن (ئەگەرچی لەم دواییانەدا تورکیەش هاتۆتە نێو ئەم ململانێیە، بەڵام زیاتر کێشەی لەگەڵ ئێران هەیە نەک عەرەبستان). لە چەند ساڵی ڕابردوودا مەسەلەی عێراق و بەحرەین و سووریە و پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران وێڕای مەسەلەکانی وەک فەلەستین و لوبنان، پێوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتەیان تێک داوە و خستوویانەتە دۆخێکی دوژمنانەوە. بە پێی بەڵگەنامەکانی ویکی لیکس پاشای عەرەبستان ساڵی ٢٠٠٨ بە باڵوێزی ئەمریکا لە عێراقی گوتبوو سەری ئەفعییەکە بپەڕێنن.

ئەگەرچی عەرەبستان لە سەردەمی دامەزرانییەوە بەردەوام جۆرێک سیاسەتی کۆنەپارێزانەو دووری لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەچاو کردوە بەڵام دوای ڕووخانی سەددام لە ساڵی ٢٠٠٣دا لە ترسی بەهێزبوونی شیعەکان لە ناوچەداو ئاڵۆزتربوونی پەروەندەی ئەتۆمیی ئێرانو ڕووداوەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی، عەرەبستان لە سیاسەتی دەرەوەیدا حاڵەتی بەرگریکارانەی وەلاناوە و، دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی عەرەبستان لە میسرو بەحرەینو پشتیوانیی تەواو لە دژبەرانی بەشار ئەسەدو گوشار بۆ ڕۆژئاوا بۆ کۆنترۆڵی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران نموونەی سیاسەتی هێرشکارانەی عەرەبستان بە مەبەستی پاراستنی ئەمنییەتی خۆیو وڵاتانی دەوری کەنداوە.

بۆ تاوتوێ کردنی داهاتووی پێوەندییەکانی ئێرانو عەرەبستان پێویستە چاوێک لە تواناکانی ئەم دوو وڵاتە بکەینو بۆ ئەو مەبەستەش لە باری ئابووری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، زانستیو سیاسیو نیزامییەوە بەراوردیان دەکەین:

ئابووری: سندووقی دراوی نێودەوڵەتی ساڵی ٢٠١٢ بەرهەمی پوختەنەکراوی نێوخۆیی (بە پێی نرخی گۆڕینەوەی دراو)ی عەرەبستانی ٥٧٧ میلیارد دۆلارو ئێرانی ٥٤٩ میلیارد دۆلار ڕاگەیاند. ئەوە لە حاڵێکدایە کە گەشەی ئابووری عەرەبستان ساڵی ڕابردوو نزیک ٣٪ و ئێران ٦٪- بووە. هەروەها هەڵاوسان لە عەرەبستان ٣٪ و لە ئێران ٣٢٪ بوو. عەرەبستان ئەمساڵ ڕۆژانە ٩ میلیۆن و ٣٠٠ هەزار بۆشکە نەوتی بەرهەمهێناوە کە ڕۆژانە ٧ میلیۆن و ٨٠٠ هەزار بۆشکەی هەنادرە دەکا، لە حاڵێکدا کە بەرهەمی نەوتی ئێران ٢ میلیۆن و ٦٠٠ هەزار بۆشکەیە کە یەک میلیۆن بۆشکەی هەنادرە دەکا. عەرەبستان بە کەڵک وەرگرتن لە داهاتی نەوتو بەرنامەڕێژیی دروست توانیویەتی هەلومەرجی پێشکەوتن و گەشەی ئابووریی غەیرە نەوتی دابین بکا، بۆ وێنە ساڵی ٢٠١١ بەرهەمی سیمانی عەرەبستان ٤٧ میلیۆن تۆن و ئێران ٦٥ میلیۆن تۆن بووە کە بە پێی ڕێژەی دانیشتوان، عەرەبستان دوو هێندەی ئێرانی بەرهەمهێناوە. هەروەها ساڵی ٢٠١٢ بەرهەمی پۆڵای عەرەبستان ٦ میلیۆن تۆن و ئێران ١٤ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار تۆن بووە کە بە پێی ڕێژەی دانیشتوان دیسانیش پشکی عەرەبستان لە ئێران زیاترە و هەڵاوسانی زۆر لە ئێران ڕێگرە لە هەرجۆرە پێشبینی و بەرنامەڕێژییەک. وەزارەتی کشتوکاڵی عەرەبستان بە سەرمایەدانان و دامەزراندنی کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری کشتوکاڵیو پەرەپێدانی گوڵخانەکانو کەڵک وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای بەرزی جیهانیو بەشدارکردنی خاوەن سەرمایەکان توانیویەتی پشکی بەرهەمی پوختەنەکراوی نێوخۆیی لە بەشی کشتوکاڵدا هەتا ٣/٣٪ بەرز بکاتەوە. پێویستە بگوترێ هەتا چەند ساڵ لەمەوبەر عەرەبستان یەکێک لە هەناردەکارانی گەنم لە جیهاندا بوو، بەڵام ترسی تەواو بوونی سەرمایەی ئاوی ژێرزەوی، عەرەبستانی ناچارکرد سیاسەتی خۆبەڕێوەبەری لە بواری گەنمدا بگۆڕێ. ئێستا وڵاتی وشکی عەرەبستان بە بەرنامەڕێژیی دروست خەریکە دەبێتە ڕکەبەرێکی جیددی بۆ ئێران لە بازاڕی میوە و خواردەمەنیدا. لە ٢٩ میلیۆن و ٥٠٠ کەس دانیشتووی عەرەبستان، ٩ میلیۆن کەس کرێکاری کۆچبەرن کە عەرەبستان بە هۆکاری جۆراوجۆر بڕیاری داوە نیوەیان وەدەرنێ. یەکێک لە هۆکارەکانی دەرکردنی ئەم کرێکارە کۆچبەرانە ڕەخساندنی هەلی کار بۆ لاوانی بێکاری عەرەبستان و پێکهێنانی بواری گەشەی ئابووریی زیاتر و وەدیهێنانی بەرنامە درێژخایەنەکانە. لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٢دا پاشەکەوتی دراویی عەرەبستان ٦٥٠ میلیۆن دۆلار بووە کە پاڵپشتێکی گەورەیە بۆ ئابووریی عەرەبستان لە کاتی پێویستدا، بەڵام ئێران بە هۆی نەبوونی بەڕێوەبەرییەکی دروست و هەروەها گەمارۆکان، پاشەکەوتی دراویی زۆر کەمە.

### بواری فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی

بە وەبەرچاوگرتنی ڕاپۆرتی ئەمساڵی کۆڕی جیهانیی ئابووری لە بواری کەلێن (شکاف)ی ڕەگەزی، ژنانی ئێرانی لە بوارەکانی سیاسەت، پەروەردەو تەندروستی بە بەراود لەگەڵ ژنانی عەرەبستان لە دۆخێکی خراپتردانو تەنیا لە بواری ئابووریدا ژنانی ئێرانی دۆخێکی کەمێک باشتریان هەیە. کۆڕی جیهانیی ئابووری، کەلێن (شکاف)ی ڕەگەزیی ئێرانی ١٣٠ و هی عەرەبستانی ١٢٧ ڕاگەیاند کە نیشان دەدا بە پێچەوانەی بۆچوونی گشتی، ژنانی ئێرانی هەلومەرجێکی خراپتریان هەیە لە ژنانی عەرەبستان. بەرنامەی گەشەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠١٣دا بە پێی زانیارییەکانی ساڵی ٢٠١٢ پلەی پێوەری گەشەی مرۆڤیی ئێرانی ٧٦ و پلەی عەرەبستانی ٥٧ ڕاگەیاند کە نیشان دەدا کە خەڵکی عەرەبستان هیوا بە ژیان، چۆنیەتیی سیستمی پەروەردەو داهاتی ڕاستەقینەو داهاتی سەرانەی نەتەوەیی زیاتریان لە خەڵکی ئێران هەیە. بێگومان هەر دوو وڵات کێشەی مەسەلە فەرهەنگییەکانو بەرەنگاربوونەوەی نەریت و مۆدێرنیتەیان هەیە، بەڵام لە ئێران بەهۆی نەبوونی سیستمی پەروەردەی دروستو کارامەو داخستنی دەمی ڕووناکبیران وێڕای هەژاری و بێکاری، کۆمەڵگای ئێرانی لەگەڵ قەیرانێکی توند بەرەوڕوو کردۆتەوە.

### بواری زانستی

ساڵی ٢٠١٢ ژمارەی وتارە زانستییەکانی ئێران ٢٠٠٦٥ و هی عەرەبستان ٦٢٠٣ بووە کە بە پێی ڕێژەی دانیشتوان (عەرەبستان بێ کرێکارە کۆچبەرەکان ٢٠ میلیۆنو ٥٠٠ هەزار کەس دانیشتووی هەیە) ژمارەی وتارەکانی عەرەبستان زیاترە کە ئەوەش نیشاندەری زیندوویيو بزۆزیی کۆمەڵگای زانستیی عەرەبستانە. هەروەها گەشەی وتارە زانستییەکانی عەرەبستان لە هی ئێران زیاترەو بە وەبەرچاوگرتنی سەرمایەگوزارییە کەلانەکانی دەوڵەتی عەرەبستان لە بواری لێکۆڵینەوەی زانستیو هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە نێونەتەوەییەکانو زانکۆ بەناوبانگە جیهانییەکان شاهیدی گەشەی ڕوو لە زیادبوونی وتارە زانستییەکانی عەرەبستان دەبین، بەڵام ڕێژیمی ئێران بە سیاسەتە نادروستەکانی بواری هەڵاتنو ڕاکردنی مێشکەکانی لە ئێران ڕەخساندوە.

### بواری سیاسیو حکوومەتی

بە داخەوە هەردوو وڵات حکوومەتی دیکتاتۆرییان هەیە کە ئەوە بۆتە هۆی پێکهاتنی کێشە لە هەردوو وڵاتدا و بەربەستێکە لە بەردەم کەڵک وەرگرتنی باشتر لە ئیمکاناتی مادی و مەعنەوی. سیستمی سیاسیی عەرەبستان پاشایەتیی ڕەهایە کە شێوازی جێنشینی لە بنەماڵەی شاهانەدا ناکۆکی زۆری پێک هێناوە. بە پێچەوانەی پاشایەتییە باوەکان کە کوڕ دەبێتە جێنشینی باوک، لە عەرەبستان برا دەبێتە جێنشینی برا و بە چوونەسەری تەمەنی جێنشین و پاشا، مەسەلەی پاشایەتیو جێنشینی لەگەڵ کێشەی زۆر بەرەوڕوو دەبێتەوە. ٣٠٠ تا ٥٠٠ شازادەی کوڕ لە نەسلی سێهەم، حکوومەت بە مافی خۆیان دەزانن کە ئەوە بۆتە هۆی ئەو گەندەڵییەی ئێستا هەیەو ئەگەری ئاژاوە و شەڕی نێوخۆیی لە داهاتوودا زیاتر کردوە. لە ئێرانیش وەلیی فەقیهـ کە جۆرێک پاشایەتیی ڕەهای مەزهەبییە بە پشتیوانیی ئەسلی ١١٠ی قانوونی بنەڕەتی دەست لە هەموو کاروبارەکانی وڵات وەردەداو تەنیا بنیاتی چاوەدێر بەسەر کردوەکانی ڕێبەردا مەجلیسی خوبرەگانە کە ئەوانیش لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی نمایشی هەڵدەبژێردرێنو سەر بە ڕێبەرن و بە داخەوە بوونی نەهادی ڕێبەری ڕێگەی لە هەموو جۆرە چاکسازییەکی بنەڕەتی بەستوە و، سیاسەتە پاوانخوازانەکانی ڕێبەر، ئێرانی لەگەڵ کێشە و گرفتی بنەڕەتی بەرەوڕوو کردوە و تاوتوێی ڕابردووی ڕێژیمی ئێران بۆمان دەردەخا کە ڕێبەرانی ئێران تەنیا کاتێک هەست بە مەترسیی جیددی بکەن ئامادەی گۆڕینی سیاسەتەکانیان دەبن و لەژێر گوشاردا بوونی خەڵک هیچ گرنگییەکی بۆ ئەوان نیە.

عەرەبستان ٢ تا ٤ میلیۆن شیعەی هەیە (ئامارێکی ورد و بێ لایەن لەبەر دەست نیە) کە زۆربەیان لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبستان و لە ناوچانە دەژین کە سەرچاوە نەوتییەکانی تێدایە و، ئەگەر هەڵاواردن و سووکایەتی پێکردنەکانی دەوڵەتی عەرەبستان بەردەوام بێ ئەگەری ڕاپەڕینی شیعەکان هەیە و هەر ئەو مەسەلەیە عەرەبستانی بەرامبەر ئەگەری دەستتێوەردانی دەرەکی و بە تایبەت ئێران هەستیار کردوە. بەڵام ئێران دۆخێکی ئەمنیەتی و پێکهاتەیەکی ئاڵۆزتری لە عەرەبستان هەیە. لە زۆربەی نزیک بە تەواوی ناوچە سنوورییەکانی ئێران سوننییەکان نیشتەجێن کە بەردەوام لەگەڵ سیاسەتی هەڵاواردنی ڕێژیم بەرەوڕوون. هەروەها دوو لەسەر سێی خەڵکی ئێران لە کەمایەتییە نەتەوەییەکانی کورد، ئازەری، بەلووچ، عەرەب و تورکەمەن پێک دێن کە کەمترین مافی سیاسییان پێ نەدراوە و تەنانەت خوێندن بە زمانی دایک لە ئێران نیەو، بە دڵنیاییەوە لە ئەگەری پێکهاتنی هەر دەرفەتو بۆشاییەکی ئەمنیەتیدا هەموو نەتەوەکانی ئێران بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان ڕادەپەڕن. هەر ئەم هەڵاواردنانە و نەبوونی ڕێگەچارەیەکی لۆژیکی و هەوڵ نەدانی ڕێژیم بۆ چارەسەری ئەم مەسەلانە ئێرانی لە بەرامبەر دەستتێوەردانی دەرەکیدا زۆر خەسارهەڵگر کردوە.

### هێزی نیزامی

ساڵی ٢٠١٢ بودجەی نیزامیی عەرەبستان ٥٢ میلیارد دۆلارو بودجەی نیزامیی ئێران ١٠ میلیارد دۆلار بوو. ئێران بە هۆی کێشە سیاسییەکان و گەمارۆکانی چەند دەیەی ڕابردووی ئەمریکا لەسەر ئەم وڵاتە، دەستی بە چەکی پێشکەوتوو ڕانەگەیشتوەو تەنانەت ڕووسیە و چینیش بە هۆی گوشارەکانی ڕۆژئاوا خۆیان لە فرۆشتنی چەکوچۆڵی پێشکەوتوو بە ئێران بواردوە، ئەگەرچی چەندین ساڵە ئێران هەوڵ دەدا خۆی چەکوچۆڵی خۆی بەرهەم بێنێ و لەم بوارەدا پێشکەوتنی بەرچاوی هەبووە، بەڵام هێشتا بۆ گەیشتن بە خۆبەڕێوەبەریی نیزامی ڕێگەیەکی دوور و درێژی لەپێشە. ئێران هێشتا ناتوانێ فرۆکەیەکی شەڕکەری سەرکەوتوو بەرهەمبێنێ بۆ جێگرتنەوەی فرۆکە کۆنەکانیو تەنانەت توانای نۆژەنکردنەوەی گشتیی فرۆکەکانی دەیەی حەفتای بەرهەمی ئەمریکای نیە. بەڵام عەرەبستان بە کەڵک وەرگرتن لە پێوەندیی گەرموگوڕ لەگەڵ ڕۆژئاوا و هەروەها سەروەت و سامانەکەی، یەکێک لە موشتەرییە سەرەکییەکانی چەکوچۆڵی ڕۆژئاوایی لە جیهاندایە. لە پلەبەندیی جیهانیی هێزە نیزامییەکاندا، ئێران لە عەرەبستان لەپێشترە، بەڵام بۆ بەراوردکردنی هێزی نیزامیی ٢ وڵات لە کاتی شەڕدا، دەبێ هەلومەرجی جۆغرافیاییو مەودای وڵاتە شەڕکەرەکان لێکترو هەروەها جۆری چەکوچۆڵەکانیشیان تاوتوێ بکرێن. ئێران و عەرەبستان سنووری خاکیی هاوبەشیان نیەو ئەمە کاریگەریی بەهێزتربوونی هێزی زەمینیی ئێران زۆر کەم دەکاتەوە و، جیاوازیی توانای هێزی دەریایی دوو وڵاتیش ئەوەندە نیە کە ئێران بتوانێ کەنارەکانی عەرەبستان داگیر بکا. بوونی چەندین جۆر سیستمی پێشکەوتووی دژە مووشەک لە عەرەبستان کاریگەریی توانای مووشەکیی ئێران ناهێڵێ. بەڵام لەسەرتربوونی چەند و چۆنیی هێزی ئاسمانیی پێشکەوتووی عەرەبستان ئاکامی شەڕی شیمانەکراو بە قازانجی عەرەبستان دەگۆڕێ. هێزی ئاسمانیی عەرەبستان نزیک ٤٠٠ فرۆکەی شەڕکەری هەیە کە پێکهاتوون لە ١٥٤ فرۆکەی جۆرەکانی شکاریو زەربەتی ئێف ١٥ و، ١١٢ فرۆکەی جۆرەکانی تۆرنادۆ و ١١٠ فرۆکەی ئێف ٥، کە عەرەبستان داوای ٧٢ فرۆکەی پێشکەوتووی یۆرۆفایترتایفۆن (بەرهەمی هاوبەشی چەند وڵاتی ئوروپایی)ی بۆ جێگرتنەوەی فرۆکە کۆنەکانی ئێف ٥ی کردوە کە تا ئێستا بریتانیا ٢٦ دانەیانی تەحویل داوە. بەڵام هێزی ئاسمانیی ئێران ٣٠٠ تا ٤٠٠ فرۆکەی (ئامارێکی ورد لە ژمارەی فرۆکەکانی عێراق کە کاتی خۆی چوونە ئێران و هەروەها فرۆکە کۆنە و لەکارکەوتووەکان لەبەردەست نیە) کۆنی هەیە کە جگە لە ٢٦ فرۆکەی جۆری ئێف ١٤ و ٣٠ فرۆکەی میگی ٢٩، هیچکام لە فرۆکە شەڕکەرەکانی توانای شەڕ لەگەڵ فرۆکە ئێف ١٥و تۆرنادۆ و یۆرۆفایترتایفۆنەکانی عەرەبستانیان نیەو، ئەگەر شەڕێک لە نێوان ئێرانو عەرەبستاندا بێتە ئاراوە لە یەکەم ڕۆژەکانی شەڕدا هێزی ئاسمانیی ئێران دادەتەپێو شاهیدی بۆمبارانی بەربڵاوی ناوچە نیزامیو ئابوورییەکانی دوورترین شوێنەکانی ئێران لە لایەن فرۆکە شەڕکەرەکانی عەرەبستان دەبین. ئەگەر شەڕێکی درێژخایەن لە نێوان ئێران و عەرەبستان بێتە ئاراوە، لەوانەیە هێزەکانی ئێران لە ڕێگەی عێراقەوە هەوڵ بدەن هێرش بکەنە سەر عەرەبستان کە تانکەکانی ئابرامز و چەلەنجێری ٢ و لێئۆپاردی ٢ی عەرەبستان لە بیابانەکانی عێراق بێگومان هێزەکانی ئێران لەناو دەبەن. ئێران ١٧٩٠ تانکی هەیە کە هاوتەرازی تانکی تی ٧٢ دەبن و عەرەبستان ١٣٠٠ تانکی پێشکەوتووی هەیە. پشت بەستنی هێزی زەمینیی ئێران بە لافاوی هێزی پیادەیە کە ئەویش لە ناوچەی بیابانی کەڵکێکی ئەوتۆی نابێ. پێویستە بگوترێ کە لە شەڕی ئەمریکا لە دژی عێراق ڕێژەی زەرەر و زیانی تانکەکانی عێراق کە پێکهاتبوون لە تی ٧٢ لەگەڵ تانکە ئەمریکییەکان ٢٠٠ بە ١ بە قازانجی تانکەکانی ئابرامزی ئەمریکی بوو!!.

هەموو ئەفسەرەکان و فرۆکەوانەکانی عەرەبستان لە ئەمریکا و ئوروپا ڕاهێنراون و دەورەی پێشکەوتوویان دیتوە یان لە خاکی عەرەبستانو لە لایەن هێزە ئەمریکییەکانەوە ڕاهێنراون، هەر بۆیە ئامادەییەکی زۆریان هەیەو سپای عەرەبستان بەهۆی بودجەیەکی زۆر و دەستڕاگەیشتن بە بازارەکانی ڕۆژئاوا ڕۆژ بە ڕۆژ لە ئێران بەهێزتر دەبێ.

پێویستە بگوترێ کە لە ئەگەری هەر شەڕێکی شیمانەکراو لە نێوان ئێرانو عەرەبستاندا وڵاتانی ئیمارات بە ٢٠٠ فرۆکەی پێشکەوتووی نیزامیو کوەیت بە ٤٨ فرۆکەی ئێف ١٨ لەگەڵ ئێران دەکەونە شەڕ.



بە وەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەسەرەوە باسکرا، دەبینین ئێران لە هەموو بوارەکانی ئابووری، فرهەنگی، زانستی، سیاسیو نیزامیدا لە دوای عەرەبستانەو لە هەلومەرجی ئێستای ئێراندا لە داهاتوودا ئەو مەودایە زیاتر دەبێ. هەروەک گوترا ناکۆکییەکانی ئێران و عەرەبستان ریشەیەکی ئیدئۆلۆژیک و ژێئۆپۆلێتیکی هەیە و تا کاتێک ئەم ناکۆکییانە هەبن، شاهیدی پێوەندییەکی دۆستانە لە نێوان ئێران و عەرەبستاندا نابین و هەموو هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ دامەزراندنی پێوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ عەرەبستان کاتی و ڕواڵەتی دەبێ، چونکە عەرەبستان بەرەبەرە بە کەڵک وەرگرتن لە پڕشتی سیاسی و توانا ئابوورییەکانی، ئێران دەخاتە پەراوێزەوە. تەنانەت ئەگەر ئێران لە هەوڵی وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمیدا بێ بۆ قەرەبووی لاوازییەکانی لە بواری نیزامی و ئابووری و سیاسیدا، عەرەبستان زۆر خێرا چەکی ئەتۆمی وەدەست دێنێ و هەلومەرجەکە دیسانیش لە قازانجی عەربستاندا دەبێ، چونکە ڕۆژئاوا ناتوانێ نەوتی عەرەبستان لە بازاڕەکانی خۆی ببڕێ و گەمارۆ بخاتە سەری یان شەڕی لەگەڵ بکا و، ئەوە ئێرانە کە لەژێر باری گەمارۆکاندا ورد دەبێ. پێویستە بگوترێ گەری سیمۆر، ڕاوێژکاری پێشووی ئۆباما لە بواری پەرەسەندنی چەکە ئەتۆمییەکاندا بە بەرنامەی نیوز نایتی گوتبوو بە باوەڕی من عەرەبستانییەکان پێیانوایە جۆرێک ڕێککەوتنیان لەگەڵ پاکستان هەیە و لە خراپترین بارودۆخدا دەتوانن چەکی ئەتۆمی لە پاکستان بکڕن. بە وەبەرچاوگرتنی لەقاودانەکەی ناوەندی جێنز دیفێنس لەبارەی مووشەکە بالستیکەکانی سی ئێس ئێس ٢ کە عەرەبستان چەند ساڵ لەوەپێش لە چینی کڕیبوون و بە باوەڕی کارناسانی نیزامی، عەرەبستان ئەم مووشەکانەی بۆ مەبەستی ئاسایی ناوێ و ئەگەر پێویست بێ کڵاوەی ئەتۆمییان لەسەر دادەنێ (پاکستان زیاتر لە ١٠٠ کڵاوەی ئەتۆمیی هەیە و عەرەبستان چەندین ساڵە یارمەتیی دارایی بە لێکۆڵینەوە نیزامییەکانی پاکستان دەکا).

لە کۆتاییدا پێشنیارم بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئەوەیە کە بە چاوێکی واقعبینانەوە سەیری دراوسێکانی ئێرانو بە تایبەت عەرەبستان و تورکیە بکەن و تەنیا شانسی ئێران بۆ پێشگرتن لە دواکەوتوویی زیاتر لە بواری ئابووریدا ڕووخانی هەرچی زووتری ڕێژیمی زاڵ بەسەر ئێراندایە و دامەزرانی سیستمێکی دێموکرات و فێدراڵ لە ئێران بۆ سەقامگیریی سیاسی لە وڵات و درزە و نفووزی سیاسی و فەرهەنگی و ئابووری لە وڵاتانی دراوسێ لە ڕێگەی هاووڵاتیانی کوردو ئازەری و عەرەب و تورکەمەنەوە مەیسەر دەبێ.

لە رۆژی ٢١ی خەزەڵوەر ساڵی ١٣٧٢ لە کاتێکدا شاروخ و چەندکەس لە هاوڕێیانی پێشمەرگە کە لە شاری دەربەندیخان بەرەو بنکەکانیان بۆ ناوتاق دەگەڕانەوە، کەوتنە سەر مینی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی و بەداخەوە شاروخ مرادی لەگەڵ ٤ هاوسەنگەری دیکەی بەناوەکانی ئەنوەر ئیبراهیمی، سەلاح مرادیان، رەشید رۆستەمی و تاهیر مەنووچێهری شەهید بوون.

لە گەرمەی شەڕدا بوون کە گوللە خومپارەیەکی دوژمن لەناو دەستەیەک لە پێشمەرگەکاندا تەقییەوە و بەداخەوە قادر ئیفتخاری لەگەڵ ٦ قارەمانی دیکەی نەتەوەکەمان بەناوەکانی خالید ناسری، برایم هەمزەیی، ئەحمەد خەلیلی، سەیدکەماڵ، سەعید ئەڵواری و برایمی حەمەرەش گوڵی تەمەنیان پەڕپەڕ بوو



# یادێک لە دوو هەڵۆی بەرزەفڕی چیاکانی کوردستان
# دوو فەرماندەری دێموکرات شاروخ مرادیو قادر ئیفتخاری

برایم چوکەڵی

خەباتگێڕانی راستەقینەی نەتەوەی کورد ساڵانێکی زۆرە، شێلگیرانە و ماندوویی نەناسانە بۆ گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنوسی نەتەوەکەیان لە هیچ هەوڵو تێکۆشانێک درێگی ناکەنو هەر لەم پێناوەشدا، بە هەزاران تێکۆشەر گیانی پاکی خۆیان فیدای ئامانجە بەرزەکانی گەلەکەیان کردووە، تاکوو سەرەنجام ئەم گەلە بتوانێ وەک نەتەوەیەکی بەختەوەری سەر گۆی زەوی بژیو خاوەنی شوناسو ئیرادەی خۆی بێ. بەکورتی ئەم گەلە نەسرەوتوو و ئازادیویستە لە پێناو دەستەبەربوونی ئامانجە رەواکانی خوێنێکی زۆری داوە، باغ و موچە و مەزرای سووتاوە، دەربەدەر بووە، ماڵی کاول بووە، گوندەکانی وێران کراونو نیشتمانەکەیان لێ لەتوپەت کردووە؛ بەڵام هیچکام لەم کردەوە دژەمرۆییانە نەیتوانیوە بە چۆکی دابێنێ و بەردەوام وەک نەتەوەیەکی زیندوو، نەبەز، کۆڵنەدەر و روو لە گەشە لە جموجۆڵ و خەبات و تێکۆشاندا بووە.

## لە یادی بیست ساڵەی شەهید بوونی شاروخ مرادی

شاروخ مرادی ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی نیشتمان پەروەری شاری سنەی خۆراگر چاوی بە دنیای روون هەڵێنا. لە تەمەنێکی کەمدا باوکی لەدەست داو هەر بۆیە لە تەمەنی منداڵییەوە لەشی شلکی بەر کارو کوێرەوەری داو تا بتوانێ ژیانێکی هاوکارێک بێ بۆ بنەماڵەکەی. ئەو ماندووبوونە و تاڵی ژیان وای کرد کە لەتەمەنی لاوییەوە هەست بەوە بکا چەوساوەکان دەبێ لەچنگ ناعەدالەتییەکانی کۆمەڵ رزگاریان بێ.

لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ بەشداری چالاکانە دەکاو بۆ ماوەیەکی کەم توانی هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵکێشێ. پاش ماوەیەک هێرشی سوپای رێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو بۆ سەر کوردستان و هێرشی نەوروزی خوێناوی بۆسەر شاری سنە نەی توانی لە ئاست ئەو زوڵمەشدا بێ دەنگ بێ و رێبازی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکراتی هەڵبژارد. لە ساڵی ١٣٥٩ریزی پێشمەرگەکانی هێزی شەهید شەریفزادە دا چەکی خەباتی لەشان کرد و بڕیاریدا لەگەڵ خەڵکی کوردستانو حیزبەکەی تێبکۆشێ. قۆڵی خەباتی دژی کۆنەپەرستانو هەموو ئەو کەسانەی کە دژی ئازادی نەتەوەی کوردن هەڵماڵیو لە مەیدانی کردەوەدا نیشانیدا کە مرۆڤێکی دڵسۆزو پێشمەرگەیەکی راستەقینەو خەباتگێڕێکی وەفاداری ئامانجەکانی نەتەوەی کوردە. هەربۆیە لەماوەیەکی کورت دا بوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانیو خەڵکی ناوچە.

شاروخ مرادی کوڕێکی هێدیو لەسەرەخۆو بە نەزمو دیسپلینو لەگەڵ ئەوەشدا ئازاو نەترسو بێباک بوو، هەر بۆیە هەموو هاوسەنگەرانی رێزیان لێ دەگرتو خۆشیان دەویست. ئازایەتی ناوبراو لە چەندین شەری ناوچەی سنەو چالاکیو هەڵسوڕی ئەو لە خەبات دژی دوژمنانی ئازادیدا، ئەوی کردە خۆشەویستی هەموو هاوسەنگەرانی وخەڵکی ناوچەی سنە.

لە ساڵی ١٣٦٢ لە سەر داوای حیزب لە بۆ خزمەت کردن روو لە ناوچەی دیواندەرە دەکاو لەوێ وەک سەرپەل دیاری دەکرێ، شاروخی خۆراگرو چاونەترس شانی بەر ئەو مەسئولییەتە داو زۆر ئازایانە و دڵگەرمتر لە پێشوو ئەرکەکانی حیزبی جێ بەجێ دەکرد لەو ماوەیەدا توانا نیزامییەکانی شاروخ بۆ کومیتەی شارستانو هیزی شەهیدانی دیواندەرە روون دەبێتەوەو بۆیە لە ساڵی ١٣٦٣ وەک فەرماندەری لک دیاری دەکرێ، دوای سازماندەهی نوێی حیزب لە ساڵی ١٣٦٥ لە هێزی دووی رێبەندان وەک فەرماندەری لک دیاری دەکرێ وپاشان لەساڵی ١٣٦٦ وەک فەرماندەری هێز دەستی بەکارکردو سەرئەنجام لەساڵی ١٣٧٠ وەک فەرماندەری هێزی زاگرۆس



شاروخ مورادی

دایاری کرا.

شاروخ مرادی لە کەمترین ماوەدا نیشانی دا کە توانای ئەو مەسئوولییەتەی هەیەو فەرماندەرێکی باشو خاوەن تەرحو گەڵاڵەی سەرکەوتووانەیە. شەڕەکانی ناوچەی سەقزو دیواندەرەو سنە شاهیدی بۆ ئازایەتی ناوبراو دەدەن لە کاتی تەنگانەدا بوێرانە بڕیاری دەدا، شەڕەکانی شاخەڕەشی جەوشەن، دەرەزیارەت، کاکە سیا، مازوار، دەرەقوڵە، وەنەوشە، جادەی سەقز بانە، سەقز سنە، شیرین سوارو کورەی مریەم، نموونەیەکی چووکەن کە بە فەرماندەهی ئەو رۆڵە چاونەترسەی دیموکرات بەڕێوە دەچوون. شاروخ مرادی لەگەڵ ئەوەی خوێندەواری نەبوو، بەڵام لەمەکتەبی حیزبی دیموکراتدا فێری خویندنو نووسین بوو بۆیە هیچکات لە فێربوون رانەوەستاو لەو بوارەشدا توانی خۆی پێبگەیەنێ. جگە لەوانە ئەو ئینسانێکی بە حەوسەلەو قسە خۆش بوو، هەربۆیە توانیبووی جێگای تایبەتی لە نێو دڵی هەموو پێشمەرگەکاندا بکاتەوە.

رێژیمی دلڕەش لە بەرەنگاری و رووبەروبوونەوەی لەگەڵ شاروخ مرادی لە ناوچەکانی کوردستاندا بێتوانا بوو، بۆیە بیری لە پیلانێکی دیکە کردوە بۆ لەنێوبردنی شاروخ. بەداخەوە لە باشووری کوردستان پیلانەکەی جێبەجێ کرد. لە رۆژی ٢١ی خەزەڵوەر ساڵی ١٣٧٢ لە کاتێکدا شاروخ و چەندکەس لە هاوڕێیانی پێشمەرگە کە لە شاری دەربەندیخان بەرەو بنکەکانیان بۆ ناوتاق دەگەڕانەوە، کەوتنە سەر مینی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی و بەداخەوە شاروخ مرادی لەگەڵ ٤ هاوسەنگەری دیکەی بەناوەکانی ئەنوەر ئیبراهیمی، سەلاح مرادیان، رەشید رۆستەمی و تاهیر مەنووچێهری شەهید بوون.

****

## لە یادی ٣٠ ساڵەی شەهیدبوونی قادر ئیفتیخاری

شۆڕشگێڕانی کورد خەبات دەکەن تا نیشتامانەکەیان ئازاد بێ نەتەوەکەیان بە مافو ئازادییەکانی بگا . خەباتی شۆڕشگێڕانی کورد لە پێناوی ئەم ئامانجەدایە، زۆر لاوی بەئەمەگ بۆ وەدیهاتنی ئاواتی نەتەوەکەیان، گیانی خۆیان داناوە بۆ ئەوەی نەسڵەکانی داهاتوو بە ئاسوودەیی و سەربەستی لە نیشتمانی رزگارکراویان دا بژین.

مێژووی حەماسەو قارەمانەتی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم بوارەدا جێی شانازیی نەتەوەکەمانە. لەوراستایەدا کەمتر رۆژی ساڵ هەیە کە رۆڵەکانی حیزبی دێموکرات شانازیان تێدا نەخوڵقاندبێ.

یەکێک لەو رۆژانە کەلەودا رۆڵەکانی نەتەوەی کورد، بە فیداکاریی و کۆڵنەدانیان لاپەڕیکی دیکەیان بە حەماسە وقارەمانەتی نەتەوەکەیان زیاد کرد. رۆژی ٥ی سەرماوەزە لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی بە فەرماندەیی قادر ئیفتخاری بوو.

شەهید قادر ئیفتخاری ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی لە ئاوایی «چەشمەگۆڵ»ی سەر بە شارستانی شنۆ لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی لە دایک بوو. لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر کە خاوەن بیرۆکەیەکی پیرۆزی کوردایەتی بوون گەورە بوو. باوکی لەگەڵ سەروەرییەکانی کۆمار ژیانی تێپەر کردبوو، بۆیە قادر زۆر زوو هەستی بە بێبەشی نەتەوەکەی کرد، بێگومان هەر ئەو بیرۆکەیە و رابردووی بنەماڵەکەی بوو کە رێگای باب و باپیرانی هەڵبژێرێ و لە حیزبی قازی واتە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا دەست بە خەبات و تێکۆشان بکا.

قادر چووە قۆتابخانە تا شەشی سەرەتایی لە قۆتابخانەی» چەشمەگۆل» دەرسی خوێندوە دواتر لە شاری شنۆ دیپڵۆمی وەرگرتووە دوای وەر گرتنی دیپلۆم وەک مامۆستا ماوەی ساڵێک لە گوندی» قەرەخدر»ی ناوچەی پیرانشار وانەی بە منداڵانی ئەو گوندە دەگوتەوە. ماوەی ساڵێکیش دەرەجەداری ئەرتەش بوو. دوای تەواو کردنی ماوەی سەربازییەکەی لە ناو ئەرتەش دا، بۆ درێژەپێدانی خوێندن چوو بۆ شاری ورمێ و لە وێ بۆ ماوەی دوو ساڵی فەوقی دیپڵۆمی لە رشتەی زانستە سروشتییەکان وەگرت.

کاتێک راپەڕینی گەلانی ئێران لە دژی رژێمی پاشایەتی لە ساڵی ١٣٥٧ دەستی پێ کرد قادری ئیفتخاری وەک لاوێکی شۆڕشگێڕو مامۆستایەکی خەباتگێر لە خۆپیشاندانەکاندا بەشدار بوو. پاش هێرشی رێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو بۆ سەر کوردستان و بەرەنگاری نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، قادر ئیفتخاری چووە نێو ریزی خەباتگێڕانی دێموکراتەوە و لە ریزی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان دا خەباتی خۆی دەست پێ کرد.

ژیانی سیاسی شەهید قادر ئیفتخاری لە هێزی شەهید ئاوارە دا تێپەری، ئەو توانی ئەو هێزە بە لێوەشاوەیی خۆی و قارەمانێتی پێشمەرگەکان بە خەڵکی کوردستان بناسێنێ. بە لێوەشاوەیی هەموو پڵەیەکی پێشمەرگایەتی بری. لەکاتێکدا بەرپرسایەتی هێزی ئاوارەی وەستۆ گرت کە ئەو ناوچەیەی ئەوکاری تێدا دەکرد بە ناسکترین هەلومەرجی سیاسی و ئەمنییەتی دا تێ دەپەڕی و کۆماری ئیسلامی بە هەموو هێزیەوە هێرشی دەکرد.

بە گیرانەوەی جادەی شەردەشت _ پیرانشار قۆناغی خەبات لەو ناوچەیە ئالوگۆڕی تێدا پێک هاتو قادر ئیفتخاری زۆر زوو توانی وەک فەرماندەیەکی بە توانا لەگەڵ هەلومەرجی نوێی خەبات خۆی بگونجێنێ وزەبری لەبیر نەکراو بە هیزەکانی رێژێم بدا وئازایەتی و خۆڕاگری لەلاپەڕەکانی دەفتەری بیرەوەری پێشمەرگایەتیدا تۆمار بکات. گرتنی چەندین پایەگا، کۆنترۆلی جادەی ئەسلی سردەشت _ پیرانشار و بەرپرچدانەوەی هێزەکانی دوژمن لە ناوچەی پێڕانشارو شنۆ و نەغەدە لە ساڵەکانی ١٣٦١و٦٢ ئەو داستانە پڕ لەحەماسانە بە فەرماندەهی پێشمەرگەی لەخۆبووردوو مام قادر، لە مێژووی بەرەنگاریی چەکدارانەی هێزی پیشمەرگەی کوردستان دا تۆمار کراون..

ئەو کاتەی کە ئەو بەرپرسیارەتی وەستۆ گرت هەلومەرجێکی نالەبار بوو رۆڵەی لێوەشاوە و بە توانای پێویست بوو کە بتوانێ ئەو مەسئولێیەتە وەستۆ بگرێ. قادری ئیفتخاری بێ سێ ودوو لێ کردن قۆڵی لێ هەڵماڵی و شانی وەبەرداو بە ماندووبوونی شەو رۆژ، بە رەفتارو هەڵسوکەوت و ئەخلاقی جوامێرانەی زوو جێگای خۆی لە نێو دڵی هاوسەنگەرانی و خەلکی ناوچەدا کردەوە. زۆر زوو لە کاری خۆی دا کارامەیی وەدەست هێناو ئەزموونی کۆ کردەوە. قادر ئیفتخاری لە هەمان کاتدا پێشمەرگەیەکی ئازاو بە جەرگ بوو، پیشمەرگەیەکی بەبیروباوەڕو بە دیسیپلین بوو هەمیشە بۆ جێ بەجێ کردنی بریارەکانی حیزبی سەرلە پێناو بوو. لاوێکی رووناک بیرو شۆڕشگێڕێکی بە هەست ونێشتمانپەروەر بوو.

با چاوێک بە وەسێتنامەی شەهید قادر دا بخشینین بزانین هەستی دەروونی خۆی چۆن دەردەبرێ. ناو براو لە بەشێک لە وەسێت نامەکەی دا دەنووسێ:

«برای بەرێزو قارەمان شک لەوە دا نێە کە هەموو مەوجوودێکی زیندوو مەرگی لە پێشە، چ باشتر لە سەنگەری شەرفدا و لە رێگای نەتەوەکەتدا گیان بەخت بکەی، هەر کەس هەستی بە بوونی خۆی و نەتەوەکەی نەکردبێ، ئینسان نیە، هەرکەس پێی وابێ سەرکەوتن محاڵە ئاقڵی لەدەست داوە. سەرکەوتن حەتمییە، بەڵام خوێنی دەوێ و فیداکاری لازمە، کاتێک شەهید بووم نامهەوێ کەس ئاخ وئۆخم بۆ بلێ چونکە دەزانم بۆ شەهید بووم.»

لە بەشیکی دیکەی وەسێتنامەکەی دا دەنووسێ:

برام، پێشمەرگەی گەل، چاوەکەم، لە گەڵ تۆمە، ئەوەی کە پاش مەرگی من ئەو چەند کەلیمەیە دەخوینێتەوە، هەرچەند مردن ناخۆشە و نامەوێ وازوو، واز لەو دنیایە بێنم بەڵام زۆر جار دەڵیم ژیان پاش ئەو هەمووە خۆشەویستانەی وەک: محەممەدی مینە، ئەبووبەکرو کەریم، دەیان وسەدان هاوسەنگەرم چ خۆشییەک هەیە؟ جا براکەم پاش شەهید بوونی من ئەو شتانە لەبەر چاو بگرن و بۆم جێ بەجی بکەن چەند شێعرم هەیە هەرچەند زۆر بێ بایەخن بەڵام چ بکەم ئەوە هەستی دەروونی منە، بۆیە داواتان لێ دەکەم حەتمەن چاپیان بکەن، مەهێڵن خوێنی شەهیدان بە فیرۆ بچێ، تەرمم لە مراد رەسول و مراد حاسل بنێژن، توخوداکەی هەرکات خودموختاریمان وەرگرت بۆ بیرەوەری منیش بێ لانی کەم «ئەسکەندەر»ی کورم لە جێژنەکەدا بەشدار بکەن، تا بزانێ بابی ودەیان وسەدان وهەزاران بابی دیکە گیانیان تەنیا بۆ ئەو رۆژە فیدا کردوە. من قادر ئیفتخاری بەدروشمی سەرکەوێ حیزبی پێشەوای گەلی کورد، قازی محەممەدی



قادر ئیفتخاری

نەمر، بەو چەند پارچە هەڵبەستە وەسێت نامەکەم کۆتایی پێ دێنم.»

تاکەی براکەم ژینی بەو جۆرە؟
تاکەی دەڵێن ئازادی دوورە؟
تاکەی رۆڵەی کورد بە خوێنی سوور
بێ؟ لەهەموو شتێک بەگشت مەحرووم
بێ
تاکەی ژێربار بین ئەی نەسلی کاوە؟
نەپرسی بۆ چی گەلمان بڵاوە
تاکەی دەست بەستە ئاومان خوێناو بێ
تەنیا گەلێک بین مافمان خورا بێ
تاکەی هەزاران کۆرپەی کوردستان
بمرێ هەژارو مات وسەرگەردان
تاکەی گەلی کورد بەوجۆرە بژین
هەمیشە تاو بێ بۆمە، ئاسۆی ژین؟
تاکەی گیان بدەین بێ دەواو دەرمان
ساوایی نێو لانک تا پیرو جوان
تاکەی لە گێژی جەهل بخنکێین
بۆ مافی خۆمان نەوێرین بدوێن
تا کەی بناڵێین لەدەست بێ کاری
تەمەن رابوێرین هەر بە هەژاری
چارەی ئەم دەردە یەکیەتی گەلە
دەبا راپەڕین هەموو بە پەلە

رۆژی ٥ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٢ هەتاوی سی ساڵ لەمەوبەر، کە بەفر لووتکەی چیاکانی کوردستانی داگرتبوو، سەرماو سۆڵ، شارو دێ و دەشت وپێدەشتەکان و چیا ودۆڵ ولێرەوارەکانی کوردستانی دەبڕی، پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی هێزی شەهید ئاوارە و هێزی شەهید سمکۆ بە پێی بەرنامەیەکی رێکوپێک چوونە ناوشاری شنۆ. هەموو لە شوینی دیاری کراودا جێگیر ببوون. لە کاتێک دا ئاخوندێک لە مزگەوت خەریکی قسەکردن دژی حیزبی دیموکرات و جووڵانەوە بوو لەپڕ قرمەی چەکی پێشمەرگە لە ناوە شاری شنۆدا دەنگی دایەوە تەواوی شار بۆ هێزی دوژمن تەنگ بۆوە. پێشمەرگەکان زۆر ئازایانە لە شەقام و کۆڵانەکانی ناو شار شەڕیان دەکرد دەرسیکی باشیان بە هێزەداگیرکەرەکاندا. رۆڵەکانی گەل لە گەرمەی شەردا بوون کە گوللە خومپارەیەکی دوژمن لەناو دەستەیەک لە پێشمەرگەکاندا تەقییەوە و بەداخەوە قادر ئیفتخاری لەگەڵ ٦ قارەمانی دیکەی نەتەوەکەمان بەناوەکانی خالید ناسری، برایم هەمزەیی، ئەحمەد خەلیلی، سەیدکەماڵ، سەعید ئەڵواری و برایمی حەمەرەش گوڵی تەمەنیان پەڕپەڕ بوو. بەمجۆرە ٧ قارەمانی نەتەوەی کورد لە گەرمەی بەربەرەکانی دا گیانیان بەختی دیموکراسی و مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەکەیان کردو بە خوێنی سوورو گەشیان لاپەرەیەکی مێژووی خەباتی نەتەوەی کوردیان نەخشاند،

ئێستا ٣٠ ساڵ بە سەر شەهید بوونی فەرماندەری لێوەشاوەو ٦ هاوسەنگەریدا تێدەپەڕێ لەو ماوەیەدا هیچ کات ناو و ناوبانگی قادری ئیفتخاری و هاوڕێکانی لە بیر نەکراوە، چونکە لە دوای شەهید بوونی ئەودا رۆڵەکانی دێموکرات زۆر شەڕی قورسیان بە یادی ئەو و هاوڕێکانی بەڕێوە بردو خورپەیان خستە نیو دڵی کۆنەپەرستانی داگیرکەر. ئێستاش رێگا و رێبازی قادرئیفتخاری و خالید ناسری، برایم هەمزەیی، ئەحمەد خەلیلی، سەیدکەماڵ، سەعید ئەڵواری و برایمی حەمەرەش، هەروا پڕ رێبوارە.

مرۆڤەکان لە بەرامبەر ئەو ڕووداوانەی لە دەورو بەریان ڕوو دەدەن دژکردەوەی وەک یەکیان نیە، واتە هەر کەس لە ڕوانگەی خۆیەوە دەڕوانێتە ڕووداوەکانو بە پێی وەزعییەتی رووحیو کاتو شوێنی ڕووداوەکان هەڵوێست لە خۆی نیشان دەداو

یەکێک لە گرینگترین بابەتەکان کە دەبێ سرنجی پێ بدەین مافی کەسی تووش بووە بە مادە هۆشبەرەکان، ئەو کەسە پێش ئەوە تووشی ئەو نەخۆشییە بێ خاوەن ماف بوو، بەڵام دوای گیرۆدە بوون، ئەو مافەی نەماوە

# ئایا گیرۆدە بوون بە مادەهۆشبەرەکان تاوانە یا نەخۆشییە؟



عومەر باڵەکی

چ لە سەردەمی ئێستاداو چ لەسەردەمی سەرهەڵدانی ئایینە ئاسمانییەکاندا جێگەو پێگەیەکی تایبەت بۆ مرۆڤ لە بواری بوونی مافو پاراستی ئەو مافە دەست نیشان کراوەو لە زۆربەی ئایینە ئاسمانییەکانو یاساکاندا بایەخێکی زۆر دراوە بە مافەکانی مرۆڤ.

مرۆڤەکان لە بەرامبەر ئەو ڕووداوانەی لە دەورو بەریان ڕوو دەدەن دژکردەوەی وەک یەکیان نیە، واتە هەر کەس لە ڕوانگەی خۆیەوە دەڕوانێتە ڕووداوەکانو بە پێی وەزعییەتی رووحیو کاتو شوێنی ڕووداوەکان هەڵوێست لە خۆی نیشان دەداو لەو نێوەدا هێندێک بابەت هەیە کە لە لایەن زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگە بە نەشیاو و ناپەسند دادەنرێو ئەگەر بەو لاوەتر بڕوات بە تاوان دەژمێردرێ.

یەکێک لەو بابەتانەی کە لە کۆمەڵگای ئێستای ئێراندا بە کردارێکی نەشیاوە و ناپەسندو بە تاوان دادەنرێ گیرۆدە بوون بە مادە سڕکەرەکانە. لەوەدا شکو گومان نیە کە بەکارهێنانی مادە سڕکەرەکان کە دەتوانێ خوڵقێنەری هەلومەرجی کرداری زیانهێنەرو تەنانەت تاوانکاری بێتو لە هەمان حاڵدا کۆمەڵگەش مافی خۆیەتی پێشگیری بکا لە پەرە گرتنی مادەهۆشبەرەکان بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی ئاسوودە و بەختەوەر بە دوور لە مادە هۆشبەرەکان پێک بێ.

ئەوی لەو نووسراوەدا دەمانهەوێ باسی بکەین مافی ئینسانی کەسێکی گیرۆدە بووە بە مادە سڕکەرەکان. بە واتایەکی دیکە ئایا کەسی گیرۆدە بوو تاوانبارە یا نەخۆشە؟ کەسی گیرۆدە بوو بە مادە هۆشبەرەکان خۆی چەندە تاوان بارە لە تووشبوون بەو نەخۆشی‌یەو کۆمەڵگە چەندە خەتای کردوەو هەلومەرجی خوڵقاندوە بۆ ئەوە ئەو نەخۆشییەوە لە کۆمەڵگەدا بڵاو بێتەوە و پەرە بستێنێ.

یەکێک لە گرینگترین بابەتەکان کە دەبێ سرنجی پێ بدەین مافی کەسی تووش بووە بە مادە هۆشبەرەکان، ئەو کەسە پێش ئەوە تووشی ئەو نەخۆشییە بێ خاوەن ماف بوو، بەڵام دوای گیرۆدە بوون، ئەو مافەی نەماوە، بە واتایەکی دیکە ئەو مافەی وەک مرۆڤێک لەکۆمەڵە هەیبووە دوای گیرۆدە بوون بە مادە سڕکەرەکان لێی زەوت دەکرێ.

ئەگەر قەبووڵ بکەین کە گیرۆدە بوون بە مادە هۆشبەرەکان «(ئێعتیاد)» نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتییە دەبێ لە کۆمەڵگەدا بە دوای ڕێگەچارەدا بگەڕێینو بۆ ئەو مەبەستە وا دروستە لەو ڕوانگەیەوە دەست پێبکەین کە ئەو کەسەی گیرۆدەی مادە هۆشبەرەکان بووە نەخۆشە و بۆئەوەی ڕێگەچارەی بۆ بدۆزینەوە پێویستە بزانین ئەو کەسە بۆ رووی لە مادە هۆشبەرەکان کردوە چونکە هیچ کەس بە گیرۆدەیی مادە هۆشبەرەکان یا بەتاوانبار لە دایک نابێو ئەوەی ئەوی تووشی ئەو نەخۆشییە یا تاوانێک دەکا بەشێکی بەرچاوی دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری دەوروبەری لەسەری و شێوەی پەروەردەکردنو ئەو ژینگەی تێیدا دەژی.

ڕەنگە ئەو کەسە کە تووشی مادە سڕکەرەکان دەبێ بە هۆی گیرو گرفت یا ئارام کردنەوەی ژانو دەردێک کەلە لەشو دەروونیدا هەیەتی بە کار بێنێو بۆ ماوەکی کورت و پێیوایە بەهەڵە خۆی لەدەست ئەو ئێشو ئازارە رزگار کردوەو شادیو کەیف خۆشێکی کاتی بەسەریدا زاڵ دەبێ، بەڵام بە تێپەڕ بوونی کاتو بەکار هێنانی مادە سڕکەرەکان لەش بەتایبەتی مێشک گیرۆدەی خۆی دەکاو لەو حاڵەتەدا دەبێ بەردەوام ئەو مادانە بە لەشو مێشک بگاو جار لەگەڵ جار نیازی لەش زیاتر دەبێو لێرەدایە دەبینین کەسەکە نەخۆش کەوتوە، بەڵام لە ئێرانو لە سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا کەسی گیرۆدە بوو بە مادە سڕکەرەکان بە نەخۆش دانانێن بەڵکوو بە تاوانبار دادەنرێ.

ئەگەر چاو بە پرۆسەی یاسادانان سەبارەت بە «ئێعتیاد» لە ئێران‌دا بگێڕین دەبینین هەر لەو کاتەوە کە یاسا لە پێوەندی مادە هۆشبەرەکان دەرچووە و کاری پێکراوە، یاسادانەر کەڵک وەرگرتنی لە مادە هۆشبەرەکان وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی چاو لێ نەکردووە بەڵکوو لە یەکەم قانوون‌دا کە لە ساڵی ١٣٢٩کۆچی مانگی دەرچوەو هەلێکی ٨ساڵەی دیاری کردوە بۆ ئەوەی کێشەی ئەو کەسانەی شیلەی تریاک بە کاردێنن کۆتایی پێبێو بتوانن تەرکی بکەن.

قانوونی قەدەخەی چاندنی خەشخاشو کەڵک وەرگرتن لە تریاک کە لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی دەرچووە شەش مانگ مۆڵەت دەدا بە گیرۆدە بووان هەتا خۆیان بە ناوەندەکانی چارەسەری تەرکی مادە هۆشبەرەکان بناسێننو مادەی ٣ی قانوونی ناوبراو بە کارهێنانی مادە سڕکەرەکان بێ ئێزنی دوکتور بەتاوان داناوە. هەروەها مادەی ٩ی لایحەی قانوونی پێدا چوونەوە بە قانوونی «قەدەخەی چاندنی خەشخاشو بە کارهێنانی» کە لەساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی دەرچوە کەڵک وەرگرتنی لە مادە سڕکەرەکانی بێ‌ئیزنی دوکتور بەتاوان داناوەو لە مادەی ٢١ی هەر ئەو یاسایەشدا باس لە دەرکردنی ئەو کارمەندانە لەسەر کار دەکا کە گیرۆدەی مادە هۆشبەرەکان بوون.

ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوت گەڵاڵەی بردنەسەری سزای تاوانبارانی گیرۆدە بوو بە مادە هۆشبەرەکان باس لەوە دەکا کە بۆ هەر کەسێک کە گیرۆدەی مادەی هۆشبەر بووە ٦ مانگ مۆڵەتی هەیە کە بتوانێ لەو ماوەیەدا تەرکی بکا. گەڵاڵەی بەربەرەکانی لەگەڵ مادە سڕکەرەکان کە لە ساڵی ١٣٦٧ پێداچوونەوەی بۆ کراوە لە مادەی ١٥ی ئەو گەڵاڵە دا دەڵێ: « گیرۆدە بوون بە مادە هۆشبەرەکان تاوانە» بەڵام ئێزن دەدرێ بە تەواوی گیرۆدە بووان کە سەردانی ناوەندەکانی دەرمانی بکەن بۆ تەرک دانی «ئێعتیاد»و لەو ماوەدا کە لە ژێر چاوەدێری دەرمانی‌دان لە بە دواداچوونی قانوونی معاف دەبن.

بەوشێوەی لە سەرەوە باسمان کرد دەبینین هەر لە سەرەتای دەرچوونی یاساو ریساکانی سەبارەت بە گیرۆدە بوون بە مادە سڕکەرەکان «ئێعتیاد» هەتا ئێستا هەموو یاساکان بە جۆرێک دان بەوە دادەنێن کە گیرۆدە بوون بە مادە سڕکەرەکان نەخۆشییە و ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە یاسادانەر لەگەڵ ئەوەی دەزانێ کە ئەوە نەخۆشییە و بەجۆرێک لە یاساکان‌دا ڕەنگی داوەتەوە بەڵام دیسان بە تاوانی دادەنێ و لە مادەی ١٦ی پەسەند کراوی ١٣٦٧ باس لەوە دەکا کە ئەو نەخۆشەی ملکەچی دەرمانی نەخۆشیەکەی خۆی نەبێ هەم بە جەریمەی نەغدی وهەم بە لێدانی قامچی سزا دەدرێ. لێرەدا دەبینین کە حوکمی یاسادانەر لە دیاری کردنی سزا بۆ نەخۆش بە جۆرێک لە جۆرەکان پێشێل کردنی مافی مرۆڤە چونکە لەبنەڕەتدا بە هیچ شێوەیەک لە نەخۆش نادرێ بەڵکوو تەنیا هەوڵ دەدرێ چارەسەری نەخۆشێکەی بکرێ و بە ساغ و سڵامەتی بگەڕێندرێتەوە بۆ کۆمەڵگە.

ڕوانگەی کۆمەڵگەی جیهانی بە تایبەتی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پەیماننامەی بەربەرەکانی لەگەڵ قاچاغی مادە سڕکەرەکان و ڕەوان گەردان لە سالی ١٩٨٨ لە ڤییەن بە پەسند گەیشتووە سەرنجی تایبەتی داوە بە مافی گیرۆدە بووان بە مادە سڕکەرەکان. لە بەندی ٢ی مادەی ١٤ی پەیماننامەکەدا بەڕاشکاوی نیگەرانی خۆی لە پێوەندی پاراستنی مافی گیرۆدەبووان بە مادە هۆشبەرەکان دەردەبرێ بەڵام لە یاساکانی ئێران دا بێجگە لەوەکە گیرۆدە بووان بە مادە سڕکەرەکان وەک تاوانبار دەناسرێن لە مافی دادگایی کردنێکی دادپەروەرانەش بێ بەشن. لێرەدا مەبەست لە دادپەروەری ئەوەیە کە هەم ئەو دژکردەوەیە کە کۆمەڵگە بەرامبەر کەسی گیرۆدە بوو لە خۆی نیشاندەدا و هەم جۆری ئەو (دادرەسییە )کە زیاتر لە پێوەندی لەگەڵ کەسانی گیرۆدە بوو بە مادە هۆش بەرەکان بەرێوە دەچێ.

لە ڕوانگەی دژکردەوەی کۆمەڵایەتی بە پێی مادەی ١٦ی «گەڵالەی بەربەرەکانی لەگەڵ مادە هۆشبەرەکان گیرۆدە بووان بەوپێی‌یە کە لە مادەی ٤ و ٨ دا هاتوون بە یەک میلیون هەتا پێنج میلیون تمەن جەریمەی نەغدی و هەتا سی زەربەی قامچی حوکم دەدرێن هەر وەکوو لە حاڵەتی دووپات بوونەوەدا هەتا ٧٤ زەربە قامچی حوکم دەدرێن. بەوشێوەیە کە لە سەرەوە باسمان کرد لێدانی قامچی لە کەسی نەخۆش لە ژێر پێ نانێ مافی مرۆڤە و لەگەڵ عەقڵی سەلیم ناگونجێ و لە هەمان حاڵدا یاسادانەر ئەو ئێزنە بە کەسی گیرۆدە بوو بە مادەی سڕکەرەکان نادا کە داوای پێدا چوونەوەی بە حوکمی سزاکەی خۆیان‌دا بکەن.

گرفتی بنەڕەتی لە شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی ئێران‌دا ئەوەیە کە دەبێ بەتوندی بەرخوردی پێ بکری، سەرچاوەی ئەو ڕوانگەیە هەڵەیە چونکە بە جێگەی ئەوە کە بەربەرەکانی لەگەڵ هۆکارەکە بکرێ، دژکردەوە لە بەرامبەر بەرهۆدا دەکری؟ واتە ئەو کەسەی هۆکاریەک تووشی ئەو وەزعەی کردوە و عەقڵ و مەنتقیش دەڵی هەتا ئەو کاتە هۆکار لە نێو نەچوبێ ناتوانرێ پێشگیری لەوە بکرێ کە کەس تووشی ئەو نەخۆشییە نەبێ.

وا دێتە بەرچاو، یاسادانەری ئێرانی لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی زۆرتر مەیلی بە کەڵک وەرگرتن لە سزادانی ئیجراییە و تەنانەت لە هێندێک بابەتدا دەست نیشانی سزای توندتر دەکا و زۆربەی سزا ئیجراییەکانی سیستمی کۆماری ئیسلامی، سنووردار کردنی مافی تاکەکانە تەنانەت لێ ئەستاندنەوەی ئەو مافانەیە کە هەم سروشت و هەم یاسا بەتاکی بەخشیەوە، بەڵام هونەری دەسەڵاتێکی بەڕێوبەری لە وڵاتێکدا ئەوەیە کە لە قۆناغی یەکەم‌دا بۆ بنبڕکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان هەنگاو بەرەو کردارێک هەڵبگرێ کە دووربێ لە سزادانی توند بەڵام هەر وەکی گوترا لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی‌دا هەم یاسادانەر و هەم حکوومەت هەنگاوی یەکەمیان بۆ چارەسەری گرفتە کۆمەلایەتییەکان سزادانی توندە و ئەوە کەم و کورتێکی بەرچاوی دەسەڵاتی سیاسی وڵاتەکەیە. یاسادانەر نەتەنیا یاساکانی لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و چوونەپێشی زانست یەک ناگرێتەوە بەڵکوو لە زۆر بواردا بە پێچەوانەی عیلم و زانستە. بۆ نموونە کۆمەڵگەی زانستی و عیلمی بێ شک و گومان گیرۆدە بوون بە مادە هۆشبەرەکان بە نەخۆش دادەنێ بەڵام یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئەو جۆرە کەسانە بە تاوانبار دەدەنە قەڵەم کە ئەوە پێشێل کردنی مافی مرۆڤێکی نەخۆشە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بە پێی یاسای بنەڕەتی ئێران دەوڵەت لەسەریەتی کار و شوێنی نیشتەجێ بوون و هەلی ژیانێکی ئارام بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگە برەخسێنێ مەبەست ئەوەیە ئەگەر کار و شوێنی نیشتەجێ بوون و هەلی خوێندن و دامەزراندن بۆ گەنج و لاوی وڵات دابین کرابایە ئایا بەڕاستی ئەو هەموو لاوە بەرەو گیرۆدە بوون بە مادەهۆشبەرەکانەوە دەچوون یا بەدوای ژیانێکی سروشتی و بەختەوەرانەدا دەڕۆیشتن.

گرفتی بنەڕەتی و ئەسڵی لە کۆمەڵگەی ئێراندا ئەوەیە کە لە هەڵسەنگاندن و شێوەی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان‌دا بەگشتی لەسەر ئەو بیروبۆچوونەن کە بە سزادانی توند دەتوانن بەسەر گیرویگرفتەکاندا زاڵ بن دەبینین بە درێژایی ساڵیانی دوور و درێژ هیچ کام لەو قانوون و یاسایانە کە بە توندترین شێوە وەک تاوانبار سزای گیرۆدەبوانی مادەهۆشبەرەکانیان داو سەرکەوتوو نەبوون دەبینین ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئاماری گیرۆدە بووان بە مادە سڕکەرەکان ڕوولە زیاد بوونە و هەتا ئەوکاتەی دەسەڵاتی سیاسی ئەو کێشە و گرفتە وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی چاو لێ نەکاو لە بەستێنی کۆمەڵگەدا بەدوای چارەسەری‌دا نەگەڕێ بە تاوانبار کردن و لێدانی قامچی و زیندانی کردنی تووشبووان بە مادە سڕکەرەکان ئەو کێشەیە چارەسەر نابێ.



# پەرەسەندنی نەخۆشی ئایدز لە ئێران

کوردستان وکورد

**ژمارەی تووشبووان بە نەخۆشی ئایدز لە ماوەی ١٢ ساڵدا تا ئاستی ١٣ بەرامبەر زیادی کردوە.**

«حەسەن مووسەوی چلک»، سەرۆکی ئەنجومەنی یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران لە ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشیی ئایدزدا (١ی دیسامبر)دا گوتی: ساڵی ١٣٨٠ ژمارەی کەسانی تووشبوو بە نەخۆشی ئایدز ٤٠٣ کەس بوو، ئەوە لە حاڵێک دایە کە ئەمساڵ، ژمارەی ئەم کەسانەی ئەم نەخۆشییەوە بڕستی لێ بڕیون، گەیشتۆتە ٥ هەزارو ٤١١ کەس.

جێی وەبیر هێنانەوەیە کە ئەم ئامارە، ئاماری ڕەسمیی ڕاگەیەندراو لەلایەن دەوڵەتەویە، زۆربەی کارناسانیش ڕێژەی تووشبووان بەم نەخۆشییە لە ئێران زۆر زیاتر لەمە هەڵدەسەنگێنن.



بەپێی بەرئاوردە فەرمی‌یەکان، نزیکەی ٢٧ هەزار کەس لە ئێران تووشی ویرووسی ئایدز بوون، بەڵام بەپێ ئامارە نافەرمیەکان ئەم ڕێژەیە تا ئاستی سەروو ٨٠ هەزار کەس لێک دراوەتەوە.

لە لایەکی دیکەوە بەپێی قسەکانی دوکتور فەرزام بیدارپوور، جێگری بێهداشتی زانستە پزیشکییەکانی سنە لە ٣ شاری مەریوان، دیواندەرەو سەوڵاوا لەم پارێزگایە کەس ئەو نەخۆشییەی نەگرتوەو زۆرترین ئاماری تووشبووان بە ئایدزیش لە شارەکانی سنە، سەقزو کامیاران دەستنیشان کراون.

جێگری بێهداشتی زانستە پزیشکییەکانی سنە دەڵێ سەدی ٧ی سەرجەم تووشبووان بە نەخۆشیی ئایدز لە سنە ژنان پێکی دێننو تا ئێستا ١٨٠ کەس لەم پارێزگایە بەهۆی ئەم نەخۆشییەوە گیانیان لە دەست داوە.

شایانی باسە بەپێی قسەکانی ناوبراو زۆربەی بابەتەکانی گواستنەوەی ئەم نەخۆشییەو لە ڕێگەی پێوەندی جنسییەوە بوەو ئامارەکان باس لە کەمبوونەوەی گواستنەوەی ئەم نەخۆشییە لە ڕێگەی ئیعتیاد بە شێوەی دەرزی لێدان دەکەن.

## ٥ زیندانی سیاسیی کوردلە زیندانی شاری مەهاباد ئازاد کران

بەپێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی موکریان رۆژی چوارشەممە ١٣ی سەرماوەزی ١٣٩٢، ٥ زیندانی سیاسی کورد بە ناوەکانی: عوسمان مەولان نژاد، عەلی مەولان نژاد، ناسر تەریق، عوسمان قادرنژادو محەممەدئەمین قادرزادە، لە زیندانی ناوەندی شاری مەهاباد ئازاد کران.

لەدرێژەی ئەم راپۆرتەدا هاتووە کە پێشتر ئەم ٥ هاووڵاتییە کوردە بە تۆمەتی پێکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوە لە رێگەی هاوکاری کردنی یەکێک لە حیزبە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی دەستبەسەرو پاش دادگایی کران لەلایەن دادگای شۆڕش لە شاری مەهاباد مەحکووم کرابوون کە سەرجەمیان بەر لە کۆتایی حوکمەکانیان رۆژی پێنجشەممە ١٤ی سەرماوەز لە زیندان ئازاد کران.

جێی وەبیرهێنانەوەیە عوسمان و عەلی مەولان نژادو ناسر تەریق هەرکامەو حوکمی ٥ساڵ زیندانی تەعزیریان بەسەردا سەپابوو بەڵام پاش تێپەڕ بوونی ٢ ساڵ بەسەر ماوەی حوکمەکانیان ئازاد کران، هەروەها عوسمان قادرزادەش کە بە ٣ ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرابوو پاش ١٦ مانگ مانەوە لە زینداندا ئازاد کرا. محەممەدئەمین قادرزادە یەکێکی دیکە لەم گیراوە سیاسیانەیە کە سەرەڕای مەحکووم کران بە ٤ ساڵ زیندانی تەعزیری پاش ٢ ساڵ ئازاد کرا. فەرەیدوون عوسمانیش لە حاڵێکدا پاش ١٦ مانگ بەند کران ئازاد کراوە کە پێشتر بە تۆمەتی پێکهێنانی کۆڕو کۆمەڵ بەدژی نیزام حوکمی ١٨ مانگ زیندانی تەعزیری و ٢ ساڵ زیندانی هەڵپەسێراوی بەسەردا سەپابوو.

کوردستان
ژمارە: ٦٢١
١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٢
٦ی دیسامبری ٢٠١٣
10
هزر

# ژیان و بەرهەمەکانی جۆن ستیوارت میل

**(٧-٧)**

ن: پاڵ ستراتێرن
و:مادح ئەحمەدی




بۆچوونی فایدەگەرا لەمەڕ یەکسانی روونو ئاشکرایەو ئەزموون باوەڕیو هەروەها لیبراڵیزمی میل پشتگیریی دەکەن. بەڵام هەموو بۆچوونەکانی لەسەر بنەمای ئەزموونی خۆی زۆر بەکەڵکی ژنی ئەم سەردەمە نایەن. میل بەپێی پێوەندییە کەموێنەکەی لەگەڵ هەرییتدا، هەستی دەکرد کە دەبێ دان بەوەدا بنێ کە ژنان دژی «لایەنی ئاژەڵانە»ی جوتبوونن لەگەڵ پیاودا. پیاوان نەدەبوا هەوڵیان بۆ ئەوە دابا کە ئەم رەفتارە ناحەزەی خۆیان بەسەر «رەگەزی لاواز»دا بسەپێنن.

میل لە دواساڵانی تەمەنیدا، خەریکی نووسینەوەی ژیاننامەی خۆی بوو کە تێیدا بێ پێچ و پەنا باسی خۆیو بەتایبەت هەستی بەرامبەر بە باوکی دەکا. ئەم بەرهەمە یەکێک لە باشترین گێڕانەوەکانە لەمەڕ چۆنیەتیی گەورەبوونی وەک «بلیمەتێکی بەتۆپزی» و کاریگەرییەکانی لەسەر چێژ و زەوقە. میل کە باسی باوکە بە»سروشت تووڕە»ەکەی دەکا، دەیکاتە ئاژەڵێکی سامناکی راستەقینەی ڤیکتۆریایی. لە یەکەم دەستنووسی ئەم بەرهەمەدا، میل ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن باوک و دایکی «لەژێر بن میچێکدا، ژیانیان ئەوەندە لێک دوور بوو کە هەر دەتگوت یەکیان لە باکوری گۆی زەوییەو ئەویشیان لە باشوور». لەمەڕ ئەوەی کە دایکی هەرییت، هاوناوی دڵبەرەکەی بوو زۆر شت وتراوەو ئەم بابەتە دەروونناسەکانی گەیاندووەتە چەند ئامانجێکی کەم و زۆر بێ بنەما. حاشا لەوە ناکرێ کە میل تەنانەت بە منداڵی ئەوەی دەزانیو دەیگوت کە «خوێندنەکەم نەک لەدڵەوە نەبوو، بەڵکوو لە ترسانیش بوو.» بەڵام هەرئەوەی کە ناوبراو سەرکەوتوانە خوێندنەکەی بڕیو بوو بە پیاوێکی ئەوەندە لیبراڵو مرۆڤدۆست. بەبێ تووشبوون بە گرێیەکی دەروونیی ئەوتۆ، هەر بۆ خۆی لە پەرجوو دەچێ. تەنانەت هەندێ کەسیش کە تووشی کێشە سێکسییەکانی میل نەبوون، رەنگە لەم بارەوە لەگەڵی هاوڕا بن کە «هەتاکو ئەم غەریزە ئاژەڵانەیەی شەهوەت، لەخۆڕا بایەخێکی ئاوا زۆری لە ژیانی مرۆڤدا پێ بدرێ، نابێ چاوەڕێ گۆڕانێکی گەورە بین لە ژیانیدا.» مەخابن، تارمایی فرۆید لە ئاسۆوە دیار بوو - و ژیانی مرۆڤ، خەمساردانە، بەرەوپێشەوە دەچوو.

میل لە ساڵی ١٨٧٣دا لە تەمەنی ٦٦ساڵیدا لە ئاوینیون کۆچی دوایی کرد. ئازادەبوون و جوامێریەکەی، لە بورژوازیی سەردەمی ڤیکتۆریادا کەس چارەی نەدەویست. هەروەها بۆچوونە تاکگەرایانەکانی لەگەڵ بیرکردنەوە شۆڕشگێڕانەکانی چەپدا یەکیان نەدەگرتەوە. بەو حاڵەش لە سەراسەری بەریتانیاو لە دەرەوەشی، واتە لەو شوێنانەی کە هێشتا مێهرەبانی و بەزەیی بەسەر فێڵوتەڵەکەدا باڵادەست بوو، لەو شوێنانەی کە باوەڕ بە ئازادی لەسەروو سەرەڕۆیی و قازانجی تایبەتەوە بوو، شینیان بۆ گێڕا.

### بنەتا

میل لە لایەن نەوەکانی دوای خۆیەوە غەدری زۆری لێ کراوە. فەیلەسووفان بەو بیانووەی کە سوودگەراییەی هیی خۆی نییە، بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەداوە و پێیان وایە کە هیی بێنتامەو ئەم تەنیا پەرەی پێ داوە. ئەمەش بێ ئینسافییەکی تەواوە. ئەو پەرە و گەشە لیبراڵەی کە ناوبراو بەسوودگەرایی داو هەروەها ئەو داکۆکییە زۆرەی کە لێی کرد، بۆچوونە فەلسەفییەکانی بێنتامی کردە پرۆسەیەکی یەکپارچەی گەشانەوە لە هەردوو رووی فەلسەفەو ژیانی خەڵکدا. هەر بەم جۆرە، بیروباوەڕە لیبراڵو سیاسییەکانی میلیش غەدریان لێ کراوە، زیاتریش لەبەر ئەوە کە زۆر سەرکەوتوو بوون. ئەوەی میل سەرەڕای دژایەتیی ئاشکرای گشتی، داکۆکیی لێدەکرد، ئێستاکە لای ئێمە شتێکی زۆر ئاساییە. ئێمە لە رۆژگارێکی سوودگەرای لیبراڵیدا دەژین. یاساکانی کۆنگرە، بڕیارە هەمەجۆرە سزادارانەکان، تەنانەت ئەخلاقی تایبەتی ئێمەش، هەموویان لە گرێوی بۆچوونگەلی سوودگەرایانەدان. ئێمە چ بزانین و چ نەزانین، بەپێی دروشمێکی سوودگەرا لە ناخماندا، بەشێکی زۆری کاروباری تایبەتی خۆمان بەڕێوە دەبەینو بۆچوونەکانمان دادەڕێژین.»دابینکردنی ئەوپەڕی قازانج بۆ زۆرینەی خەڵک» رۆڵێکی وەها دەبینێ کە لە دیموکراسییە ئازادەکانی رۆژئاوادا بۆتە پرەنسیپێکی سەرەکیی بێ ئەم لاوئەولا.

لەهەمان کاتدا راست ئەوە لیبرالیزمی میلە کە ئێستاکەش هەر وا ناکۆکیی لە سەرە. دیارە لە سەردەمێکی لیبراڵدا، لیبراڵبوون زۆر باشە، بەڵام بۆ چارەسەری لایەنە نێگەتیڤەکانی کۆمەڵگە دەبێ چی بکرێ؟ میل هەر لەبەر ئەمە بوو کە هەموو ناخۆشییەکی قبووڵ دەکرد. تەنانەت لەمەڕ مەستی، زیاتر پابەندی بنەماگەلی لیبراڵ بوو تاکو بۆچوونی قەیم ئاسایانەی خۆی. کۆمەڵگە مافی ئەوەی نییە «پێوەرگەلی باوی کرداری ژیرانە» بەسەر تاکەکانیدا بسەپێنێ. ناوبراو پێی وابوو کۆمەڵگە هەر لە منداڵیڕا تاکو دەسپێکی مێرمنداڵی «دەسەڵاتێکی رەها»ی بەسەر تاکەوە هەیە. ئەگەر نەیتوانی لەو ماوەیەدا کرداری ژیرانە پەرە پێ بدا، ئەوا خەتای کۆمەڵگە بۆ خۆیەتی لەوەدا کە ئەندامانی ژیرانە ناجووڵێنەوە.

لەم سەردەمەدا، لە دوو رووەوە لەگەڵ ئەم جۆرە لیبرالیزمەدا تەبا نییە. یەکەم: کۆمەڵگەی ئێمە ئەمڕۆ زیاتر لە مەستی گیرۆدەی مادە هۆشبەرەکانە. ئالوودە بوون بە مادە هۆشبەرەکان کارێکی نەزانانەو ماڵوێرانکەرە. لە لایەکی دیکەشەوە، میل رەنگە پێی وا بوو بێ - رەنگە مافی خۆشی بووبێ - کە مەستیش بۆ خۆی لە کەلاوەکانی سەردەمی ڤیکتۆریادا هەژاریو ماڵوێرانیی زۆری لێکەوتەوە. دووەم خاڵیش ئەوەیە کە: کۆمەڵگەی هاوچەرخ بە بێگومان «دەسەڵاتێکی رەها» بەسەر گەنجانەوە نییە. (ئەمەش زۆرتر بەرهەمی روانگەی لیبراڵە لەمەڕ پەروەردە، راهێنان و هتد...) بەو حاڵەش تەنانەت ئەگەر بشمانەوێ هەندێ لایەنی لیبرالیزمی میل پشتگوێ بخەین، ناوبراو هێشتا نەخشێکی سەرەکیی لە ئاراستەکردنی شێوەی بیر کردنەوەماندا هەیە. هەرچەند هەوڵیش بدەین تاکو کاریگەریی ئەم جۆرە لیبرالیزمە بسڕینەوە، بێ گومان هەر بەپێی بنەماکانی سوودگەرایی دەنرخێندرێ. رەنگە ئێمە هەمیشە بۆچوونەکانی میلمان بەدڵ نەبن، بەڵام ناوبراو هێشتا هەر قسەی یەکەم دەکا.

لە بەرهەمە کانی میل

«پێکهێنانی ئەوپەڕی رەزامەندیی زۆرینەی خەڵک، بنەمای ئەخلاق و یاسادانانە. «

### جێرمی بێنتام

سروشت مرۆڤایەتیی خستوەتە ژێر دەسەڵاتی دوو سەروەری مەزنی وەک دەردو چێژەوە. تەنیا ئەوانن کە پێمان دەڵێن چ دەکەینو ئەوەشمان بۆ دیاری دەکەن کە چ دەبێ بکەین. لە لایەکەوە پێوەری چاکە و خراپە و لە لایەکی دیکەشەوە زنجیرەی هۆ و بەرهۆکانیش هەر لەدەست خۆیاندایە. لەوەی دەکەین، لەوەی دەیڵێین، لەوەی بیری لێدەکەینەوە، بەسەرماندا زاڵن. چەندی دەکەین تاکو لە کۆتی ئەم دوو چەمکە رزگار بین، هەر ئەرێ و تەئییدیان دەکەین. رەنگە کەسێک بەقسە نیشان بدا کە خۆی لە هەژموونیان دەرباز کردووە، بەڵام لەراستیدا هەروا کۆیلەیان دەبێ... ئەو سیستمانەش کە هەوڵ دەدەن بیخەنە ژێر پرسیارەوە، هەر قسەی لابەلا دەکەن و هیچیتر، هەر سۆزدارانە بیر دەکەنەوە و بە لای عەقڵدا ناچن و هەر چێو لە تاریکی دەکوتن.

### جێرمی بێنتام

هەوڵدان بۆ شتێک و چێژلێ بینین، بێزاری لێی و دڵقرچێنیی، کۆمەڵە دیاردەیەکی تێکچرژاون، یان خۆ با بێژین دوو پارچەی دیاردەیەکن... هەوڵدان بۆ شتێک، تەنیا کاتێک دەلوێ کە بیرلێکردنەوەی چێژبەخش بی، ئەگینا چ سروشتی بێ و چ نەبێ کارێکی ئەستەمە.

### جۆن ستیوارت میل، سوودگەرایی

رەخنەگران رەنگە گومان لەوە بکەن کە ئەگەر مرۆڤ لەوە گەیشتووە تاکو رەزامەندی بکاتە ئامانجی ژیانی، بە بەشێکی باشی رازی بێ. بەڵام بەشێکی زۆری خەڵک بە کەمتر لەوەش رازی بوون. وادیارە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ژیانێکی خۆش دوو شت بن کە هەرکامیان بەتەنیا زۆرجار بۆ ئەمە بەسە: ئاسوودەییو جۆش و خرۆش.

### جۆن ستیوارت میل، سوودگەرایی

وا باشە مرۆڤێکی بەپەرۆش بی تاکو بەرازێکی بێ خەم. وا باشە وەکو سوقرات ناڕازی بی تاوەکو گەمژەیەکی بێ خەم. ئەگەر گەمژە یان بەراز باوەڕیان بە شتێکی ترە، لەبەر ئەوەیە کەوا هەر لە خەمی خۆیاندان.

### جۆن ستیوارت میل، سوودگەرایی

ئەم وتارە قسە لەسەر بابەتێکی زۆر سادە دەکا کە دەسەڵاتێکی رەهای بەسەر پێوەندیی نێوان کۆمەڵگەو تاک، لەرێی هێز، زۆرو چاودێرییەوە هەیە، چ لەرێگای هێزی جەستەییەوە بەشێوەی سزای یاسایی بێ، یان لەرێگای گوشاری ئەخلاقیی رای گشتییەوە. پرەنسیپەکە لێرەدا ئەوەیە کە تاکە ئامانجی دەستەبەرکراو بۆ مرۆڤ، بە تاک یان بە گرووپ، بۆ دەستوەردان لە ئازادیی کرداری هەر کەسێک، پارێزگاری لە خودە. تاکە مەرجێک کە دەکرێ لەرێی یاساوە بەسەر تاکی ناو کۆمەڵگەیەکی شارستانیدا، بەپێچەوانەی ویستی خۆی بسەپێنرێ، ئەوەیە کەوا نەهێڵرێ زیان بە دەوروبەرەکەی بگەیەنێ. دەستەبەرکردنی چاکە و قازانجەکەی، تەنیا لەرووی جەستەییو ئەخلاقییەوە، بەس نییە. ناکرێ لە رێگای یاساوە بەوە ناچار بکرێ کە کارێک بکا یا نەیکا. هەر لەبەر ئەوە کەوا بەقازانجیەتی وا بکا، چونکە بەم جۆرە دڵخۆشتر دەبێ، یان چونکە لە روانگەی خەڵکی تر بەژیرانە و راستی دەزانن.

### جۆن ستیوارت میل، لەبارەی ئازادییەوە

تاک بەسەر خۆی، بەسەر لەشی خۆی و بەسەر دەروونی خۆیدا زاڵە.

### جۆن ستیوارت میل، لەبارەی ئازادییەوە

ئەگەر هەموان جگە لە یەک کەس، یەک باوەڕیان هەبوایەو تەنیا ئەو یەک کەسەش جیاواز بیری کردبایەوە، ئەوان بۆیان نەبوو کە بێدەنگی بکەن، هەر بەهەمان شێوەش ئەگەر ئەو کەسەش دەسەڵاتی بوایە، بۆی نەبوو ئەوانی تر بێدەنگ بکا.

کاتێک بیرتەسکەکان خەریکی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە دەبن، ئەنجامەکەشی هەر بیرتەسکانە دەبێ.

### جۆن ستیوارت میل، ئۆگۆست کونت و پۆزەتیڤیسم

فەزیلەتی راستەقینەی مرۆڤەکان، لە توانای پێکەوەژیانی ئەوانەوە وەک تاکگەلی یەکسان سەرچاوە دەگرێ. واتە دەبێ هیچیان بۆ خۆیان نەوێت و بەڵکو شتێک ئازادانە بدەن بە کەسێکی تر، هەرجۆرە دەسەڵاتدارەتییەکیش وەک پێویستییەکی ریزپەڕ، و بەگشتی بە کاتی سەیر بکەن.

### جۆن ستیوارت میل، کۆیلەتیی ژنان

بە دوای چێژی خۆتەوە بەو بەس، چونکە چێژ لە شتێکیتر نابینی.

جۆن ستیوارت میل، ژیاننامەی خۆنووس

رۆژمێری رووداوە گرنگە فەلسەفییەکان

سەدەی شەشەمی پێش زایین دەستپێکردنی فەلسەفەی رۆژئاوا بە تالسی مێلتی.

کۆتای سەدەی شەشەمی پێش زایین کۆچی دوایی فیساغۆرس

٣٩٩ی پێش زایین سوقرات لە ئەسینا سزای مەرگی بەسەردا سەپێنرا.

ح ٣٨٧ی پێش زایین ئەفلاتوون «ئەکادیمی»ی کە یەکەمین زانکۆی جیهانە لە ئەسینا دامەزراند.

٣٣٥ی پێش زایین ئەرەستۆ «لوکیون»ی لە بەرابەر «ئەکادیمی»دا لە ئەسینا دامەزراند.

٣٢٤ی زایینی ئیمپراتۆر کنستانتین پایتەختی ئیمپراتۆریای رۆمی بۆ بیزانس گواستەوە.

٤٠٠ قەشە ئۆگۆستین دانپێدانانەکانی نووسی. فەلسەفە دەبێتە بەشێک لە تیۆلۆژیای مەسیحیەتەوە.

٤١٠ تاڵانکردنی رۆم لە لایەن ویزیگۆتەکانەوە، بە مانای دەستپێکردنی «سەردەمی تاریکی» دێ.

٥٢٩ داخستنی «ئەکادیمی» بە بڕیاری ئیمپراتۆر یوستی نیان کۆتایی بەهزری یۆنانی دێنێ.

ناوەڕاستی سەدەی ١٣

تۆماس ئەکویناس شرۆڤەکەی خۆی لەسەر ئەرەستۆ نووسی. سەردەمی فەلسەفەی سکۆلاستیکی.

١٤٥٣ بیزانس لە لایەن تورکەکانەوە دەستی بەسەردا گیرا. کۆتای ئیمپراتۆریای بیزانس.

١٤٩٢ کۆلۆمبۆس گەیشتە ئەمریکا. رێنیسانس لە فلۆرانس دەستی پێ کرد و زانستی یۆنانی بووژایەوە.

١٥٤٣ کۆپرنیک بە بڵاوکردنەوەی کتێبێک «لەمەڕ سووڕانی هەسارەکان» لەسەر بنەمای بیرکاری سەلماندی کە زەوی بە دەور خۆردا دەسووڕێ.

١٦٣٣ کلیسا گالیلەی ناچار کرد تیۆری تیشکی ناوەندیی جیهان رەت بکاتەوە.

١٦٤١ دیکارت «تێڕامانەکان» بڵاو دەکاتەوە کە بەدەستپێکی فەلسەفەی نوێ دادەنرێ.

١٦٧٧ کۆچی دوایی سپینۆزا رێگای بۆ بڵاو کردنەوە کتێب□ی «ئەخلاقیات»ـەکەی خۆش کرد.

١٦٨٧ نیۆتۆن بە بڵاوکردنەوەی «بنەماکان» چەمکی هێزی راکێشانی دۆزییەوە.

١٦٨٩ لاک «نامیلکەی لەبارەی تێگەیشتنی مرۆڤەوە»ی بڵاو کردەوە. سەرەتای ئەزموونیگەری.

١٧١٠ برکلی «بنەماکانی زانستی مرۆڤ»ی بڵاو کردەوە و چەند رەهەندێکی نوێ بە ئەزموونیگەریی بەخشی.

١٧١٦ کۆچی دوایی لایب نیتس.

١٧٣٩ ـ ٤٠ هیوم نامیلکەی «لە سروشتی مرۆڤی»ی بڵاو کردەوە و ئەزموونیگەریی گەیاندە سنوورە لۆژیکییەکانی.

١٧٨١ کانت، بەیارمەتیی «خەوی دۆگماتیک»ی هیوم، «رەخنە لە عەقڵی پەتی»ی بڵاو کردەوە. سەردەمی گەورەی فەلسەفەی ئەڵمانی دەستی پێ کرد.

١٨٠٧ هێگل «دیاردەناسیی زەین»ی بڵاو کردەوە کە بە لووتکەی فەلسەفەی تیۆریکی ئاڵمانیا دەژمێررێ.

١٨١٨ شوپێنهاوەر «جیهانی وەک ئیرادە و وێناکردن»ی بڵاو کردەوە و فەلسەفەی هیندی هێنایە ناو فەلسەفەی تیۆریکی ئەڵمانیاوە.

١٨٨٩ نیچە کە رای گەیاندبوو کە «خودا مردووە». لە تورین شێت بوو.

١٩٢١ ڤیتگنشتاین نامیلکەی لۆژیکی ـ فەلسەفی بڵاو کردە کە دەڵێ «دوا وەڵام» ی پرسگەلی فەلسەفییە.

دەیەی ١٩٢٠ «ئاڵقەی ڤییەنا» پۆزۆتیڤیزمی لۆژیکی دێنێتە ئاراوە.

١٩٢٧ هایدگەر «بوون و کات»ی بڵاو کردەوە کە باسی پچڕانی نێوانی فەلسەفەی راڤەیی و ئەورووپی دەکا.

١٩٤٣ سارتەر «بوون و نەبوون»ی بڵاو کردەوە کە روانگە فەلسەفییەکانی هایدگەری پەرە پێ دا و «ئێگزیستانسیالیزم»ی رێک خست.

١٩٥٣ بڵاوبوونەوەی توێژینەوە فەلسەفییەکانی ڤیتگنشتاین پاش مردنی. لووتکەی خولی راڤەیی زمانی.

رۆژمێری ژیان و سەردەمی میل

١٨٠٦ جۆن ستیوارت میل لە ٢٠ی مانگی مای لە لەندەن لە دایک بوو.

١٨٠٧ وۆردزۆرس دیوانی شێعرەکانی لە دوو بەرگدا بڵاو کردەوە. هێگل دیاردەناسیی رۆح بڵاو دەکاتەوە.

١٨١٧ میلی زووپێگەیشتوو لەژێر چاودێریی باوکیدا، واتە جیمز میل، دەستی کرد بە نووسینی مێژووی رۆم.

١٨٢٤ لە کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتی دەست بەکار دەبێ.

١٨٢٦ تووشی نەخۆشیی دەروونی دەبێ.

١٨٣٠ عاشقی هەرییت تیلۆر دەبێ کە مێردی هەبوو و لەبەر چاوپۆشی مێردەکەی (جۆن تیلۆر)، پێوەندییەکی ئەفلاتوونیی لەگەڵیدا دەبەستێ.

١٨٣٢ یەکەم یاسای چاکسازی.

١٨٤٣ سیستمی لۆژیک بڵاو دەکاتەوە.

١٨٤٨ لە سەرتاسەری ئەورووپا زنجیرە شۆڕشێک دەست پێ دەکا. مارکس و ئەنگڵس مانیفێستی کۆمۆنیستی بڵاو دەکەنەوە. میل سیستمی ئابووری سیاسی بڵاو دەکاتەوە.

١٨٤٩ مێردەکەی هەرییت، واتە جۆن تیلۆر کۆچی دوایی دەکا.

١٨٥١ میل لەگەڵ هەرییت تیلۆر زەماوەند دەکا.

١٨٥٧ شۆڕشی هیند.

١٨٥٨ کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵات هەڵدەوەشێتەوە. میل بە مووچەی مانگانەوە خانەنشین دەبێ و لەگەڵ هەرییت بەرەوە فەرەنسا کۆچ دەکەن. هەرییت لە ئاوینیون لە باشووری فەرەنسا تووشی ئازارەباریکە دەبێ و دەمرێ.

١٨٥٩ داروین بنەمای جۆرەکان (ا×ل انواع) بڵاو کردەوە. میلیش لەبارەی ئازادییەوە بڵاو دەکاتەوە.

١٨٦١ شەڕی ناوخۆ لە ئەمریکا: میل بەپێچەوانەی رای گشتی لە بەریتانیا هانی پشتیوانی لە باکوور دەدا. سوودگەرایی بڵاو کردەوە.

١٨٦٥ لە ڤێست مینستر بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێردرا.

١٨٦٧ دووەمین یاسای چاکسازی

١٨٦٨ لە هەڵبژاردندا دۆڕا و کورسییەکەی پارلەمانی لە دەست چوو. گەڕایەوە بۆ ئاوینیون و زڕچەکەی، واتە هلێن ئاگای لێ دەبوو.

١٨٦٩ کۆیلەتیی ژنانی بڵاو کردەوە. کرانەوە کانالی سویز.

١٨٧٣ میل لە تەمەنی ٦٦ ساڵیدا لە ئاوینیون کۆچی دوایی کرد.



کۆتایی

کوردستان
ئەدەب و هونەر
ژمارە: ٦٢١
١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٢
٦ی دیسامبری ٢٠١٣

# «ئینسانییەت، وەزیفەیەکی دژوارە»



عەلی لەیلاخ

له هەموو ئایین و فەلسەفەیەک وەکوو بابەت و چەمێکێک ئەرکی ئینسان باسی لێکراوە، جیاوزای «بەشەر» یان هەمان مرۆڤی سروشتی کە بە پێی فەلسەفەی کۆنی یونان پێی‌دەگوترێ: ئاژەڵی قسەکەر» چەندین و چەند ساڵە کە گوردراوە، لەو کاتەوە کە لە نێوانی (بشر) و (انسان) سنوورو هەبوون و گەیشتن (بودن) و(شدن) دابین کرا بەواتایەکی‌تر (بشر) بوونێکی سروشتیکە وەکوو هەموو ئاژەڵێکی تر بەم جیاوازییە کە دەتوانێ قسە بکات و هێندێک وشیارترە، بەڵام رەوتێکە کە دەبێ ئینسان بە زانیاری و وشیاری و هەڵویستی زیاتر پێی بگات! بە تایبەت لە فەلسەفەی ئومانیستەکان بەملاوە ئەم بۆ چوونە زیاتر دێتەئاراوە، کە جیاوزای ئینسان لەگەڵ ئاژەڵ و سروشت، بێجگە جوانی جەستەیی‌ولەش لە باری فیکرو هزرو حکمەت دایە و هەروەها ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە سەرزەویی و ژیانی ئینسان هەیە بەرجەستە دەبنەوە، بە زمانێکی سادەتر زەویی و ئینسانی سەرزەویی دەبێتە ناوەندو مەبەست، نەک ئاسمان و (ماورا ×بیعە)!!

ئەگەر یەکێک لە جیاوازییەکانی ئینسان لە گەڵ مرۆڤی سرۆشتی لە بیرو ئەندیشە دا ببینین، مادام کە ئەندیشە هاتە ئاراوە، هەڵویست و وزەیفەیش رۆڵی خۆێ هەیە. کە وایە ئینسان بە بەروارد لە گەڵ بوونەکانی تر سەروگەردەنێک بەرزتروسەرترە هەمان (اشرف مخلوقات) ە، کە لە ئایینی ئیسلامیش‌دا ئیشارەی پێ کراوە، ئەوەی کە زۆر جار کەرامەت و شەرافەتی مرۆڤ وەک خۆی نەپارێزراوە، ئەوەی کە بە درێژایی مێژوو ستەم و چەوساندنەوەی تاقمێک بەدەست و ویستی تاقمێکتر داسپاوە و زۆر زوڵم وجنایەتی دیکە... سەرجەم ئەمانە دەگەرێتەو سەر نەبوون یان لاوازیەتی چەمکی ئینسان بوون! قسەیەکی سادە ئەمما پڕ مانا هەیە بەرانبەر بە کوشتن و ئێعدام کە دەڵێ: کەس ناتوانێ گیان ببەخشێت بە کەسێکتر کە وایە کەسیش بۆی نیە کەسێکتر بکوژێت»

کە ناوی وەزیفەی ئینسانی و هەروەها کوشتن و ئێعدام هات، دەبا بچمە سەروەخت ناوەرۆکی بابەتەکەوە، کەهەمان ئەرک و مەسئوولییەتی ئینسانەکانە لە بەرانبەر یەکتردا.

کە باس لەروناکبیریی دەکرێت، هەمان گەشەی فیکرو زەینی ئینسانە. یەکەم بابەتی ئەم بوارە خاوەن هەڵویست بوونە بەرانبەر بە رووداوە خۆش و ناخۆشەکانی کومەڵگای ئینسانییە، بە بێ فەرقو جیاوازیی رەنگو زمانو جوغرافیا، واتە رووناکبیر بە پێی ئەرکو مەسئوولی‌یەتی سەرشانی خۆی دەبێ هەردەم بەرانبەر بە کەمکردنی خەسارو زیانی ئینسانی ئامادەو هەڵسوور بێتو بۆ پێشگرتن لە هەرچەشنە دواکەوتوویی‌و پێشل بوونی کەرامەتی ئینسانەکان ئەرکو رۆڵی خۆی وەکوو کەسایەتێکی کاریگەر بنوێنێ. ئەگەر بە هەر هۆکار و پاساوێک ئەو ئەرکەی خۆی بەجێ نەهێنێت بێگومان ئەوە لە کەسایەتی خۆی لای داوە یان رووناکبیریەکەی لاسایی کردنەوەو لە بەرکردنی هێندێک (مفاهیم) ی سەیرو سەمەرە کە بۆ خۆشی تێ‌ناگا. نموونەیەک لە رووناکبیری راستەقینەی فەرانسە، ژان پۆل سارتەر(١٩٠٥/١٩٨٠) سارتر» کاتێک لە ساڵی١٩٦٤ خەڵاتی ئاشتی جیهانی نۆبیلی پێ‌دەبخشرێ قەبووڵی ناکاتو بە بەرپرسی لێژنەی نۆبێل دەڵێت: ئەمن لە ساڵی ١٩٤٥ خەڵاتی وڵاتەکەی خۆم فەرانسە واتە (خەڵاتی لێژیۆن دنوور)م قەبووڵ نەکردووە، ئێستاش ئەگەر ئەم خەڵاتە قەبووڵ بکەم ئەوە بێ رێزییە بە وڵاتو نەتەوەکەی خۆم! ئەمەیە هەڵویستی رووناکبیرانەو نەتەوایەتیی کە بەداخەوە زۆربەی هەرەزۆری بەناو رووناکبیرو نووسەری لای ئێمە بە ئافەرینێک ئەرکی خۆیانو هەستی نەتەوایەتییان لە بیر دەچێتەوە. ئەگەرچی کەم نین رێژەی ئەو نووسەرو بیرمەندو رووناکبیرانەی کە هیچ کات بەرانبەر بە خەمو ناخۆشی وڵاتی خۆیان خەمسارد نەبوونو هەڵویستی ئینسانیی خۆیانیان نواندوە، بەڵام بە ئەوەمان لە بیر نەچێ کە هەمیشە کەمتەرخەمی توێژی نووسەر و رووناکبیر زیاتر لە چینەکانی دیکە لە کۆمەڵگادا بەرچاوودیارە. چونکە ئەوان جڵەوکێشی کاروانی پێشکەوتنو خەڵک لەهەموو ین و تویژێک بە تایبەت لاوان و خویندکاران زیاتر گوێ قوڵاخی بیرو برِیاری توێژی نووسەر ورووناکبیرو بیرمەندەکانن. هەربۆیە ئەگەر جارو بار رووبەرووی گلەیی و گازندە دەبن ئەوە نیشانەی هەستیاری شوێن و ئاستی ئەوانە لە نێو کۆمەڵگادا. هەربەم هۆیەوە کەمتەرخەمی لە رادەبەدەری چینی نووسەرو رووناکبیرانی فارسو تورک بە تایبەت کوردستانی(لە هەر چورا پارچە) رووبەرووی ئەم گلەیی و گازندە دەبنەوە کە لەمەڕ ستەم وحەق کوژی ودەیان کارەساتی نارەوا چەندە ئازایانەو بە بێ لایەنانە هەڵویستیان گرتووە؟ چەندە توانیویانە خۆیان لە ژێر سێبەری دەسەڵاتو سیاسەت دەرباز بکەن و بە پێی مەسئوولییەت و ئەرکی فەرهەنگی و ئینسانیی خۆیانیان بە جێ هێناوە؟ ئەگەر مێژووی دوای شۆرشی گەلانی ئێران و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و هەموو ئەو ستەم وپێشلکارییانەی کە بەسەری نەتەوە بندەستەکان بە تایبەت کورد رووی داوە، چەند کەس لە رووناکبیرانو نووسەرانی فارس بەرانبەر بەم کارەساتانەی بەسەر نەتەوە بندەستەکانی ئێراندا هاتوون تا ئێستا بە دەنگ هاتوون و هەڵویستیان گرتووە؟ ئایا لە کاتی خۆی ئەگەر ئەوان بێ دەنگیان رانەدەگرت و بە گوتار و هەڵویستی خۆیان گوشاریان دەخستەسەر حاکمییەت، دەنگی چەوسانەوەی کوردان و نەتەوەکانی دیکە بەئاسانی کپ دەکرا؟ ئایا بە نیسبەت وەزیفەی خۆیان بەرانبەر بەکۆمەڵگای ئینسانی بەر پرسیار نین؟ بۆنموونە لەسەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی هەمیشە زیندانەکان جمەی هاتووە لە زیندانیی سیاسی و جیابیر ومافخوازی کورد، ماشێنی ئێعدام و کوشتار ئەو رژیمە، پاکترین لاوانی ئەم نەتەوەیە هەر بە تاوانی حەقخوازی کوشتووە، بەڵام دەبینین کە کەمترین و نزمترین دەنگی هەڵویست و نارەزایی چینی روشنبیران و نووسەران بە تایبەت قەڵەم بەدەستان و چالاکانی «مەرکەز»نشین وغەیرە کوردی ئێران، لەم بارەوە بەرز بووتەوە.

ئەگەر باسی رابردوو وەلابنین و بروانینە رووداوەکانی ئەم چەند حەوتووەی حەوتووی رابردوو دیسان هەمان گلەیی رووبەرووی کومەڵگای رووناکبیران دەبێتەوە. رێژنەی بەردەوامی ئێعدامی بەندییە سیاسییەکان و هەروەها دەستگیری وزیندانی کردنی چالاکانی مەدەنی و رۆژنامەنووسانی کورد لەلایەک و، لەلایەکتر بێ دەنگی و چاوپۆشی زۆربەی نووسەران و قەڵەم بەدەستان چ لە ئێران و چ لە دەروەی کوردستانی ئێران واتە باشوور و باکوور، دەرخەری ئەم حەقیقەتە تاڵەیە کە رووناکبیری ئەم سەردەمە پرستیژو کەسایەتیی خۆی لەدەست داوە. ئایا مەحکووم نەکردنی ئەم جینایەت و کارەساتە تەنانەت لە حەد وتارو بابەت وهەڵویست گرتنێک چ پاساوێکی دەتوانێ ببێت؟ هەرچەند لێرە جیگای خۆیەتی کە سەرنج و هەڵویستی ئەو نووسەر ورۆشنبیرانەی کەلەم بارەوە بەبێ دەنگی نەمانەوەو ئەرکی خۆانیان بە جێ هێناوە لەبەر چاو بگرین و بە دڵنیاییەوە هەم مێژوو، هەم کۆمەڵگای ئینسانی ئەوان لە بیر ناکات و رێزوکەسایەتییان زیاترو زیاتر دەبێ. جیگای خۆیەتی کە سەرجەم نووسەران و هزرڤانان و رووناکبیران بە نیسبەتی هەلومەرج ورووداوەکان دەروەست بن و خاوەن هەڵویست. ئەگەرنا خەڵک و کۆمەڵگا هەرگیز لێیان خۆش نابن.

# حەڤدەیەمین فستیواڵی گەلاوێژ بەڕێوەچوو

هەڤدەیەمین فستیڤاڵی رووناکبیریی گەلاوێژ بە دروشمی: «گەلاوێژ رایەڵەی داهێنەرانو گوڵچنینی بەهەرەمەندانە» لە رۆژانی٢١-٢٠١٣/١١/٢٥ لە شاری سلێمانی بەریوە چوو.

فستیڤاڵی گەلاوێژ یەکێکە لە ناودارترین فستیڤاڵی ئەدەبیو رووناکبیرییەکانی کوردستان کە ساڵانە بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانو شاعیرانوهزرڤانانی هەر چوار پارچەی کوردستانوهەروەها میوانانی بیانیودەرەوەی وڵات لە شاری سلێمانی بەڕێوە دەچێ.

حەڤدەیەمین فستیڤاڵی گەلاوێژ لە چەند تەوەری جیاجیا وەکوو شێعر، چیرۆک، رەخنەی ئەدەبیو بابەتی فەلسەفی، بە بەشداری شاعیران و نووسەرانی کوردستانیوهەروەها بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک نووسەر وروناکبیری فارسوعەرەبو چەند کەسایەتییەکی ناوداری وڵاتی فەرەنسەو سوئید بۆ ماوەی پێنج رۆژ لە هۆڵی سلێمانی پالاس درێژەی بەکارەکانی خۆی دا.

دوای کردنەوەی رێورەسمی کردەنەوەی فستیڤاڵ دیداری شێعری کوردی بەرێوە چوو کە بە ناسراوترین چالاکیی ئەم فستیڤاڵە وسەرجەم فستیڤاڵەکانی دیکە دێتە ئەژمار. ئەمساڵ ١٣ شاعیر لەم کورەدا شێعریان خوێندەوە ئیبراهیم ئەحمەدی نیا»خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان یەکێک لەو شاعیرانە بوو.

رۆژی دووهەم و سێهەم تەرخان کرابوو بۆ تەوەری فرە کولتووری و لەم بەشەدا چەند شاعیر ونووسەر ورەخنەگری عەرەب و فەرانسەیی بابەتەکانی خۆیانیان پێشکەش کرد و رۆژی چوارەمیش بە خوێندنەوەی لێکۆڵینەوە و شێعری چەن شاعیرورەخنەگری فارس کۆتایی پێهات.

له رۆژی پێنجەم دوابەدوای رەخنە و لێکۆڵینەوەی کوردی مەراسمی کۆتایی فستڤاڵەکە بەرێوە چوو.

شایانی باسە کە لە رێورەسمێکی تایبەت خەڵاتی «هەردی» بە چیرۆکنووسی ناوداری کورد عەلی ئەشرەف دەرویشیان نووسەری ناوداری رۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش کرا.

پێویستە بگوترێ هێندێک لە ئامادەبووان و چالاکانی ئەدەبی حەڤدەیەمین فستڤاڵی گەلاوێژ»یان بەنیسبەت فستیڤاڵەکانی پێشوو بە لاوازتر دەزانی و لە شێوەی بەرێوەبردن و هەڵسەنگاندنی بابەتەکان گلەیی ورەخنەیان هەبوو و بۆ نموونە دەیانگوت بەرەبەرە بەشی کوردی لەم فستیڤالەدا خەریکە لە پەراوێز دەخرێ. بەڵام سەرەرای هەموو ئەوانە فستیڤاڵی گەلاوێژ ناسیاوترین سیمای رووناکبیریی کوردستانە کە ساڵانە لە لایەن بنکەی رووناکبیریی گەلاوێژەوە بەرێوە دەچێ.




هەڵپچینی

# ٧ چالاکە کوردە رۆژهەڵاتییەکە بۆچیو تا کەی لە بەندیخانەی هەولێردا دەمێننەوە؟

نووسینی: قادر وریا

بۆ یەک مانگ دەچێ ٧ چالاکی کوردی ڕۆژهەڵات لە هەولێر بەند کراون. ئەگەر چی قەرار بوو ببرێنە دادگا و بەردەم دادوەر و برِیاریان لە سەر بدرێ، بەڵام هێشتا نەبراونە دادگا و چارەنووسیان هەر وا ناڕوونە.

لە یەک مانگی ڕابردوودا، ئەوەی لە میدیاکانو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دا قسەی لەم ٧ کەسە کردوە، بە زۆری کوردەکانی ڕۆژهەڵات و کەسوکاری گیراوەکان بوونو قسەکردنەکەشیان بە داکۆکی لە گیراوەکان و ڕەخنەگرتن لە دەستبەسەرکردنیان سەرەرای بێتاوانییان بووە. چەند جارێکیش کاربەدەستانی حکوومی لە ئاستی جۆراوجۆردا باسی ئەو گرتنەیان کردوە و یاساشکێنی و بەردبارانی کۆنسوڵگەریی کۆماری ئیسلامی لە هەولێریان وەک هۆی گرتنی ئەوان باس کردوە. بێئەوەی وڵامی ئەو پرسیارەی بیروڕای گشتی بدەنەوە کە ئایا ئەم ٧ کەسەهەر لە جێدا لە بەردبارانی کۆنسوڵگەریدا بەشدار بوون یان نا؟ ئەگەر بەشدار بوون بۆ چی نادرێنە دادگا تا بە پێی یاسا سزا بدرێن؟ هەر لە جێدا، سزای بەرددادان بە کۆنسوڵگەریی وڵاتێک چییە؟ بۆ نموونە لە وڵاتانی دیموکراتیک و خاوەن یاسای وەک فەرانسە و دانمارک و هتد کە هەر ئەمساڵ و ڕاست وەک ناڕەزایەتیدەربڕین بە ئێعدامەکانی ئەم دوایانەی ئێران، شایەدی بەربارانی ناڕازییانی کورد و ئێرانی بۆ سەر سەفارەتخانەکانی کۆماری ئیسلامی بوون، بەردهاوێژەکان چ سزایەک دران؟ ئەگەریش ئەم ٧ کەسە لە بەردبارانی کۆنسوڵگەریی کۆماری ئیسلامی دا بەشدار نەبوون، بۆ چی و بە پێی کام یاسا ماوەی مانگێکە لە گرتووخانە دا ڕاگیراون؟

بەڵام هەر وەک لە لێدوانی کاربەدەستان دا وڵامی هێندێک پرسیاری بە جێ نادرێتەوە، بەشی بەرچاوی ئەو کەس و لایەنانەش کە دژی ئەم دەستبەسەرییەی چالاکانی کوردی ڕۆژهەڵات دەدوێن و دەنووسن، بە لای وڵامی هێندێک پرسیار دا ناچن و یەک لایەنە باسی ئەم مەسەلەیە دەکەن. بۆ نموونە وڵامی ئەو پرسیارە نادەنەوە کە بەردبارانی هەر بنکە وبارەگایەکی سیاسی، هی هەر حیزب و ڕیکخراو و دەوڵەتێک بێ، مادام بە ئاشکرا و بە شێوەی ڕەسمی و قانوونی کار و چالاکی دەکا، کارێکی ڕەوا و دروست و ڕێگەپێدراوە؟ ئەگەر وڵامەکە «نا»بێ، کە بە بڕوای من هەر وایە، ئەو کات ئەو پرسیارە دێتە پێش، ئایا دام و دەزگای ئەمنی و دەسەڵاتی سیاسیی وڵات، لە ئەگەری ڕوودانی ئەم جۆرە حالەتانەدا بەرپرسایەتییان ناکەوێتە سەرشان؟ بێگومان بەرپرسایەتییان دەکەوێتە سەر شان. ئەم بەرپرسایەتییە لێیان دەخوازێ پێشی ئەم جۆرە حاڵەتانە بگرن و بەدواداچوونی پێویست بکەن. ئەم پرسیارەش لە جێی خۆی دایە کە ئایا هەرێمی کوردستان، لە باری سەقامگیری و پێویستی بە وڵاتانی دەوروبەر وئەو پیلان و هەڕەشانەی لە سەریەتی، لە گەڵ وڵاتانی ئورووپایی شیاوی بەراوردە؟ لێرەش دا وڵامەکە هەر»نا»یە و بە دڵنیاییەوە، هەرێمی کوردستان بارودۆخێکی جیاوازی هەیە. هەر بە دەرکی ئەم جیاوازییەشە کوردەکانی ڕۆژهەڵات بە گشتی و زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو بەشە بەرامبەر ئەزموونی هەرێمی کوردستان بەرپرسانە جووڵاونەوە. ئەمەش بەر لە هەر شتێکی دیکە، لە هەڵوێستی نەتەوەییانەوە سەرچاوەی گرتوە. ئەگەر وایە بەردبارانی کۆنسوڵگەریی کۆماری ئیسلامی لە هەولێر دەچێتە چ خانەیەک؟!

بەردبارانی کۆنسوڵگەریی کۆماری ئیسلامی، نەک هێرشێکی بەرنامە بۆ دانراو، بەڵکوو حەرەکەتێکی خۆڕسکی کۆمەڵێک کوردی ڕۆژهەڵاتیی بێزار و تووڕە لە ئێعدامی خوشک و براکانیان بە هۆی کۆماری ئیسلامییەوە بووە. بە بۆچوونی من- هەر وا کە پێشتر بەڵێنیان پێدرابوو- ئەگەر ڕێگایان پێدرابا وەک جارەکانی پێشوو، لە نزیک کۆنسوڵگەری، خۆپێشاندانی هێمنانە بکەن و دروشم و داواکانیان ڕابگەیەنن، هەم هۆ و پاڵنەر بۆ بەردباران لاواز دەبوو، هەم هێزەکانی ئاسایشپارێز، ئامادەیی زیاتریان بۆ پێشگیری لە بەردباران دەبوو. دیارە نەک هەر لە کوردستان، لە زۆر شوێنی دنیا، لە جەنگەی خۆپێشاندان و ڕێپیوان و کۆڕو کۆبوونەوەی هێمنانەدا، شتی چاوەڕواننەکراو ڕوودەدەن کە پێویستە دەرسیان لێوەربگیرێ.

ئەوە کە خەڵکی لایەنگر و سەر بەم یا ئەو لایەنی سیاسی لە نێو بەردهاوێژەکاندا بوون یان نا، هیچ لەم ڕاستییە ناگۆڕێ کە بەردبارانەکە، لە دەرەوەی ویست و ڕەزامەندیی حیزبەکان و دڵسۆزییان بەرامبەر ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان بووە. ئەم ڕووداوە و ئاسەوار و ئاکامەکانی، بۆ هەموو لایەنە پێوەندیدارەکان دەرس و پەیامیان تێدابووە و وای دەبینم کە لە چالاکییەکانی داهاتوو دا، ئەم دەرس و پەیامانە بە هیند وەردەگیرێن. بەڵام ئێستا گرنگترین خاڵ ئەوەیە کەکۆتایی بە ڕاگیرکرانی لەمە زیاتری ئەو ٧ چالاکە کوردەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت بۆ ئەوەی ئاکامەکانی ئەو دەستبەسەرکردنە زۆرخاپەنە، شوێنەواری خراپ دانەنێتە سەر پێوەندیی نەتەوەی کورد لە دوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان.

(تا ئازادی مستەفا شێخە، قادر وریا ئەم ستوونە دەنووسێ)

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 621 6 Decem 2013

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# ئاکادیمیای کورد لە هەرێمی کوردستان ڕێزی لە دوو کەسایەتیی بواری ئەدەبو زمانی کوردی گرت

لە ڕێورەسمێکی بەشکۆداو بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییە سیاسیو ئەدەبییەکانی کوردی باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئاکادیمیای کوردی لە هەرێمی کوردستان ڕێزی لە دووکەسایەتیی بەرزی ئەدەبیو تێکۆشەری مەیدانی ئەدەبو زمانی کوردی، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەو مامۆستا محەممەدی مەلاکەریم گرت.

ئاکادیمیای کوردی لە هەرێمی باشووری کوردستان دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ٢٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٢ی هەتاوی، بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرسانی حکوومیو حیزبیو ژمارەیەک لە وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانو، هەورەها دەیان کەس لە کەسایەتییە ئەدەبییەکانی کورد لە باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێزی لە دوو سیمای ناسراوی ئەدەب و زمانی کوردی، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەو محەممەدی مەلا کەریم گرت.

لە سەرەتای ئەو ڕێورەسمەدا دوکتور نەجات عەبدوڵڵا بە دەقێکی پڕنێوەرۆکی ئەدەبی لە سەر هەردوو بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەو محەممەدی مەلاکەریم کۆڕەکەی کردەوەو دواتر دوکتور نووری تاڵەبانی، سەرۆکی ئاکادیمیای کوردی لە هەرێمی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ کەسایەتیی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەو محەممەدی مەلاکەریم وێڕای وەبیرهێنانەوەی چەند بیرەوەرییەک لە گەڵ ناوبراوان، وتەیەکی بە نرخی پێشکەش کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی کۆڕی ڕێزلێنانەکەدا، نوێنەری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان، بەڕێز زیرەک کەماڵ، قسەی بۆ بەشدارانی کۆڕەکە کردو، لە سەرەتای قسەکانی دا پێخۆشبوونی کاک نێجیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لە دەسپێشخەریی ئاکادیمیای کوردی بۆ ڕێزلێنان لە دوو کەسایەتیی ناوداری ئەدەبی کوردی، «مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە»و «محەممەدی مەلاکەریم»ی بە بەشداربووانی کوڕەکە ڕاگەیاند.

زیرەک کەماڵ لە درێژەی قسەکانیدا نامەیەکی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سیمای ناسروای بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو حیزبی دێموکراتی بۆ شاعیری ناوداری کورد نەمر مامۆستا هێمن خوێندەوە کە کاتی خۆی بۆ ناوبراوی ناردوە.

دواتر لە بڕگەیەکی دیکەی کۆڕەکەدا دوو کورتە فیلمی دیکۆمێنتاری لە سەر ژیانی سیاسیو ئەدەبیێ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەو مامۆستا محەممەدی مەلاکەریم پیشان دراو لە درێژەی کۆڕی ڕێزلێنانەکەی ئاکادیمیای کوردی لە هەرێمی باشووری کوردستان‌دا، چەند کەسایەتییەکی ناوداری ئەدەبیو سیاسیی کورد بە پێشکەش کردنی وتارو وتەی بەرنرخ باسیان لە سەر کەسایەتیی بەرزی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەو محەممەدی مەلاکەریم لە بوارەکانی تێکۆشانی سیاسی و ئەدەبی‌دا کرد کە بریتی بوون لە:

پرۆفیسۆر دوکتور عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ، مامۆستا جەماڵ عەبدول، دوکتور شوکریە ڕەسووڵ، دوکتور هۆگرو، تێکۆشەری ناسراوی دێموکرات کاک جەلیل گادانی.

لەو ڕێوڕەسمەداو لە بڕگەی سەرەکیی کۆبوونەوەکەدا لەلایەن دوکتور نووری تاڵەبانی، سەرۆکی ئاکادیمیای کوردی‌یەوە لەوحی ڕێزلێنانی ئاکادیمیای کوردی پێشکێش بە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەو مامۆستا





محەممەدی مەلا کەریم کرا.

لە بەشی کۆتایی کۆڕەکەدا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە وتەیەکی پڕنێوەرۆکدا کە سەرنجی سەرجەم ئامادەبوانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، وێڕای ڕێزو سپاس لەم هەنگاوەی ئاکادیمیای کوردی لە هەرێمی کوردستان، بە کورتی پڕژایە سەر بارودۆخی زمانی کوردی لە ئێستاداو، ڕاشکاوانە نیگەرانیی خۆی لەم پێوەندییەدا دەربڕیو، بە ڕەخنەگرتن لە بەرەی نوێی قەڵەم بەدەستانی ئەمڕۆی بواری زمان و ئەدەبی کوردی، شارەزایانی بواری ئەدەب و زمانی کوردی ئەرکدار کرد بەوەی کە بیر لەم بارودۆخە نالەبارە بکەنەوەو بە پێکهێنانی ئەنجومەنی تایبەت بە پاراستنی زمانی کوردی، زمانی کوردی لە قەیرانێک کە تووشی بووە ڕزگار بکەن.

مامۆستا حەسەنزادە لە کۆتایی قسەکانی دا بە دەربڕینی ڕێزو پێزانین لە هەوڵو تێکۆشانە ئەدەبی و زمانەوانییەکانی بەڕێز مامۆستا محەممەدی مەلاکەریم کە بە هۆی نەخۆشییەوە نەیتوانیبوو لە کۆرەکەدا ئامادەبێ، سپاسی سەرجەم ئامادەبووانی کۆڕەکەی کرد.

شایانی باسە کە لە کۆتایی کۆڕەکەدا چەند کیژو کوڕێکی بەهرەمەند بە پێشکەشکردنی پارچە موزیکێکی دڵڕفێنی کوردی زاخاوی مێشکی ئامادەبووانی کوڕەکەیان دا.

# حەوت گیراوەکەی ڕۆژهەڵات هیچ تۆمەتێکیان بەسەردا ساغ نەبۆتەوە





پارێزەری پەروەندەی ٧ گیراوەکەی ڕۆژهەڵات لە هەولێر کە بە تۆمەتی هێرشکردنە سەر کونسولخانەی ئێران لە شاری هەولێر گیراون، بە ئاماژە بەوەی لێکۆڵینەوەو کار لەسەر ئەو پەروەندەیە هەروا بەردەوامە، دەڵێ بەپێی بەڵگەکان ئەو کەسانە تۆمەتەکەیان بەسەردا ساخ نەبۆتەوەو دەستیان لەو کارەدا نەبوە.

ئەیاد کاکەیی، پارێزەری کەیسی بەندکراوانی ڕۆژهەڵات لە شاری هەولێر لە لێدوانێکدا بۆ ڕادیۆ «نەوا» گوتویەتی بەپێی ئەو بەڵگانەی لە بەردەست دایە پێویستە ئەو کەسانە ئازاد بکرێن، چونکە بەڵگەی قانوونی هەیە کە ئەوان دەستیان لە هیچ تاوانێکدا نیەو داوای ئازادکردنی ئەو کەسانەی پێشێکیش بە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر کردوە.

لەلایەکی دیکەشەوە کاردانەوەکان بە گیرانی ئەو حەوت چالاکی مەدنییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەروا بەردەوامەو فەرگاد پیربالْ، نووسەرو مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین بە کۆبوونەوە لەبەر دەم فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرو هەروەها کۆبوونەوە لەبەردەم زیندانی «مەحەتەی هەولێر»، شوێنی ڕاگیرانی ئەو حەوت کەسە، ناڕەزایەتیی توندی لەهەمبەر لە زینداندا هێشتنەوەی ئەو کەسانە دەربڕی.

لەو هەڵوێستە ئازایانەو جوامێرانەیەدا فەرهاد پیربالْ بە دەنگی بەرز داوای ئازادیی ئەو گیراوانەی کرد و داوای لە خەڵکی دەورووبەری کرد کە هاودەنگ و هاریکاری بن بۆ ئەوەی ئەو کوردانە ئازاد بکرێن.

فەرها دپیربالْ لە بەشێک لە قسەکانی‌دا گوتی: کورد ڕاپەڕینی کرد بۆ ئەوەی کوردی هەموو



پارچەکانی دیکەی کوردستانیش لەم بەشە ئازاد کراوە دا بە سەربەستی بژینو ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە دژ بە دەستڕێژییەکانی ڕێژیمی ئێران هەڵویست بگرین.

بیر لە ماڵاوایی

# ژیان هێندەش دژوار نیە ئەگەر لەیەکتر گەڕێین!



کوێستان فتوحی

ژیان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا سادەو ساکارە، ئەگەر گەمەی دەخالەت کردن لە ژیانی یەکتر لێگەڕێ. دەخالەت کردن لە ژیانی یەکتردا کەلتوورێکی هەتا بڵێی ناحەز و دووره لە بەها ئەخلاقییە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم دیاردەیە، واتە هەڵکۆڵینی ژیانی تایبەتیی خەڵکی‌تر بەناوی نەسیحەت و دڵسۆزی کردن، یان لەڕووی کینەو ئێرەییەوە، بێ‌متمانەییەکی زۆری لە کۆمەڵگەدا دروست کردوە و وا هەبووە ژیانی خەڵکانێکی لێکهەڵوەشاندوە.

## چ دەبێ ئەگەر نەچینە نێو ژیانی تایبەتی خەڵکەوە!

کۆماری ئیسلامی بۆ ڕەوایی دان بە کارە ناڕەواکانی خۆی لەسەر ژیانی تاکەکان دەڵێ: «دەبێ لە ژیانی تاکەکان‌دا دەخالەت بکەین، چونکە کۆمەڵگە هەمووی پێوەندیی بەیەکترەوە هەیە». ئەم بیرکردنەوەیە! بەداخەوە بەجۆرێک ڕۆچۆتە نێو بیروزەینی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی‌و بەناوی ئەخلاق، سەرەتایی‌ترینو سروشتی‌ترین ئازادییەکان لە تاکەکان زەوت کراوە. ڕاستە خۆشی و ناخۆشییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک گرێدراوە بە هەموو تاکەکانەوە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە، ڕەوایە دەخالەت لە تایبەتیترین مەسەلەکانی ژیانی یەکتردا بکەین.

خۆزگە ئەوندەی خۆخەریک بە ژیانی تایبەتیی خەڵکانی دیکەوە دەکەینو، لە لای خۆمان سنووریان بۆ دیاری دەکەین، چ بکا و چ نەکا، ئەوندە بیر لە ژیانی خۆمان بکەینەوە و ڕێگا بۆ ژیانێکی ئاسوودە بۆ خۆمان هەموار بکەین. چوونەنێو ژیانی تایبەتی یەکترەوە، نە زیرەکییە و نە دڵسۆزی، بەڵکوو ڕەفتارێکی زۆر دواکەوتوانەو ناشارستانییانەیە.

ژیانی کۆمەڵایەتی لەم وڵاتەی ئێمە (کوردستان) گەلێک دژوارەو، ژیان بەدوور لە قسەو باسە بێبنەماکان ڕەنگە وەک خەونێک وابێ. هیچمان بۆ خۆمان ناژین. لەهەڵبژاردنەکانمان‌دا ئازاد نین، ڕاستە ئازادییەکانمان لەلایەن قانوونەکان و ڕێوشوێنە ئایینیو عورفی‌یەکانەوە بەرتەسک بۆتەوە، بەڵام هێندەی دیکە بۆخۆمان ئازادییەکانمان لەخۆمان و دەروروبەرمان زەوت کردوە و ژیانمان لەیەکتر کردۆتە دۆزەخ! لەترسی حەشامەتێکی بەقسەو باسی نیو کۆمەڵگە! هیچمان چێژ تەنانەت لە ئازادییە سروشتییەکانیش نابینین. فایلی هەموومان پڕە لەو باس‌وخواسانە کە هیچ پێوەندیی بە خۆمانەوە نیە.

هێندێک کەس لە سەنگەری ئەخلاقەوە دەچنە نێو ژیانەکانەوە و خۆیان وەک ڕێبەر و قارەمانی ئەخلاق نیشان دەدەن! تاک هەمیشە لەژێر چاوەدێریی ئەو بەناو مامۆستای ئەخلاق و پارێزەر، ڕێبەرو قارەمانانە دایە. لەم چیرۆکەش‌دا بەداخەوە زۆرتر هەر ژنانن کە لەلایەن ژنانەوە پێکراون.

ئارایش و مۆدێلی جلوبەرگی فلان کەس، چ پێوەندییەکی بە ئێمەوە هەیە دەیخەینەبەر لێکۆڵینەوەی خۆمان؟! فلان ژن لە هاوسەرەکەی جیابۆوە، ئێمە کە ئاگامان لە کێشەکەیان نیە، بۆ دەبێ ڕێگە بەخۆمان بدەین لەنێو کۆڕو مەجلیسەکان‌دا دادگای ئەخلاقیان بۆ پێک بێنین؟

تابلۆی یەکسانیمان بەدەستەوەیە کەچی تەرازووەی دادپەروەریمان هەمیشە لاسەنگە!

ئەمڕۆ ئەو دەخالەتو قسەو قسەلۆکانە، سەریان لە ماڵە هەرەپێشکەوتووەکانیش دەرهێناوە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێت؛ کە هەموومان دەزانین کەرەسەیەکی پێشکەوتووی دنیای مۆدێرنی ئەمڕۆیە، کەچی لای ئێمە بۆتە مەیدانی دادگایی کردنی یەکتر. ڕێگە بەخۆمان دەدەین ژیانی تایبەتی یەکتر هەڵسەنگێنین و تەنانەت بڕیاریشیان لەسەر بدەین. لەوێش‌دا بەردەوام خەریکین یەکتر ئازار دەدەین و بریندار دەکەین. تەشەر و توانج لەیەکتر دەگرین، یاری بە یەکتر دەکەین، گومان دروست دەکەینو پێوەر و یاسا بۆ یەکتر دادەنێین، یەکتر هەراسان دەکەین، پێش‌داوەری دەکەین و.... بەناوی ئەوەی پێوەرە هەڵەکان ڕاست دەکەینەوە، کەچی نەک هیچ ڕاست ناکەینەوە، دنیایەک گومان و دڕدۆنگی بڵاو دەکەینەوە.

بەهۆی دەخالەت کردن و چوونە نێو ژیانی تایبەتیی کەسەکانەوە کە هیچ پێوەندییەکیان بە ئێمەوە نیە، سەدان چیرۆکی تاڵ و دڵتەزێن هەن. چ دەبێ ئەگەر سادقانە ژیان بکەین و نەیەڵین زمانمان شتێک بڵێ کە سوور دەزانین ئەوەی دەیڵێین ڕاست نیە.